# گوڵان

ڕوانای ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٤٠٦)- (١٨)ی ئاداری ٢٠٢٤






**ڕێبەر ئەحمەد** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، تەنیا بۆ ئەوە نەبووە لەناو هەرێمێکدا خۆمان بەڕێوەبەرین

**محەمەد ڕەئوف** سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر:

عێراق، دەوڵەتی دامەزراوە نییە، هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئاراستەی دەکات و دادگای فیدراڵیش دەسەڵاتی ڕەهای پێ دراوە

# زۆر گرنگە حزب و حکومەت سوود لە بازنەی گفتوگۆ وەربگرن






# لێژنەی بێکر - هاملتۆن
# بۆ دیراسەتی بارودۆخی عێراق ٢٠٠٦

١٠٧

ڕۆژی ١٥ی ئازاری ٢٠٠٦، کۆنگریسی ئەمەریکا بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی دە کەسیی دەرکرد، کە پێکهاتبوو لە پێنج کۆماری و پێنج دیموکرات بە سەرپەرشتیی جێیمز بێکر و لی هاملتۆن؛ یەکیان لە حزبی کۆماری و ئەوی تریان دیموکرات بوو. دوو کەسی بە ئەزموون و شارەزا و دوو کەسایەتی کاریگەر و بەهێزی ئەمەریکا بوون.

لێژنەکەی کۆنگریس سەردانی عێراقی کرد و دوای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان تا ڕاددەیەکی باش توانییان کێشە و گیروگرفت و قەیرانەکانی عێراق دەستنیشان بکەن. بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەرک و کارەکانی لێژنەکە، بلاک وێل [1] سەردانی کردم. لە دیداریکدا گفتوگۆیەکی ورد لەسەر دامەزراندنی لێژنەکە و ئامانج و ئەرک و هەنگاوەکانی کرا. لە کۆبوونەوەکەدا وێل زانیاریی ورد و بە سوودی خستە ڕوو و، بەرچاوڕوونییەکی باشی پێ دام. لە بەشێکی تری دیدارەکەدا، وێل گوتی: (من دۆستی ئێوەم و حەز دەکەم بزانن چی لە واشینگتۆن ڕوو دەدات). دواتر ئەو خاڵانەی باس کرد:

- ئێمە وەک کۆمارییەکان زۆر خراپ تووشی شکست بووین و هۆکاری سەرەکییش تەنیا عێراق بوو، بارودۆخی ئابووری باشە، بۆیە چاوەڕێی شکستمان لە سینات نەدەکرد.
- دیموکراتەکان هەست دەکەن ئەمە پەیامی گەلی ئەمەریکایە و پێویستە بە زووترین کات عێراق بەجێ بێڵین، بەڵام سەرۆک بووش ڕەتی دەکاتەوە بەبێ بەرنامە لە عێراق بکشێینەوە. ئەمە هەر ڕوو دەدات، بەڵام نازانین کەی و چۆن دەبێت.
- جۆ بایدن، سەرۆکایەتیی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سینات وەردەگرێت و کەسێکی باشە و هەڵوێستێکی باش و ئیجابیی بەرانبەر بە عێراق هەیە، دۆستی گەلی کوردستانە، پشتیوانێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا خۆیان بەڕێوە ببەن.
- زۆربەی دیموکراتەکان لەگەڵ ئەوەن تا کۆتاییی ٢٠٠٧ ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، بایدن سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی.

---

(١) نوێنەری تایبەتی کۆشکی سپی بوو.

# چاپکراوی نوێ





کتێبی (قۆناغێکی دیکە لە ژیانی کوردێک- هەندێك لە وتارو دیدارە ڕۆژنامەوانی و چالاکییە حزبی و سەربازییەکانم) ناوونیشانی کتێبێکە لە نووسینی (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) و پێداچوونەوە و دارشتنەوەی (زانیار سەردار قرگەیی).کتێبەکە لە دووتوێی (٤٧٢) لاپەڕەی قەبارە گەورە چاپکراوە کە کۆبەرهەمێکە و بریتییە لە بەشێك لە وتار و دیدار و چاوپێکەوتن و چالاکییە سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیرییەکانی نووسەر، کە پێشمەرگە و فەرماندەی ڕۆژگارە سەختەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و دواتر ڕاپەڕین بووە، تائێستاش هەر لە خەبات بەردەوامە.

بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە بریتین لە چاوپێکەوتنگەلێکی ڕۆژنامەوانی و هەندێ وتار کە زادەی بیر و هزری نووسەر و خۆی نووسیونی، زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبدا بڵاوکراونەتەوە. ئەو لەناو زۆربەی ڕەوش و ڕووداوو کارەساتەکاندا وەك کاراکتەر ژیاوە و بەشداری تێدا کردوون، بۆیە ئاگاداری هەموویانە، دیارە ئەم هەوڵەی نووسەر تۆمارێکە لە خەبات و شۆڕشگێڕی، بۆیە ئەویش وەك یەکێك لە تێکۆشەرەکان دەستی داوەتە نووسینەوەی ئەم ڕووداو و بەسەرهات و بیرەوەرییانە، پێشتریش نووسەر زۆربەی بیرەوەری و کارەسات و ڕووداوگەل و خەباتی پێشمەرگایەتیی خۆی، لە کتێبێکدا بە ناوی (ژیانی کوردێك) چاپ کردبوو.

ئەم هەموو دیدار و چاوپێکەوتن و بابەتانە لە یاد و بۆنەکاندا، لەلایەن چەند ڕۆژنامەنووسێکەوە لەگەڵ نووسەردا کراون، یان بە خۆی وتارەکانی نووسیوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەتا بە ئێستا دەگات، هەموویان لە شێوەی گێڕانەوە و باسکردنە، بەڵام گرنگن، چونکە خۆی وەك شایەدحاڵێکی زیندوو بۆ مێژوو دەستی شاهیدیی لەسەر دادەنێت.

دەستخۆشی لە نووسەر عومەر عوسمان مێرگەسۆری دەکەین، بۆ نووسینی ئەم کتێبە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر

# چاپکراوی نوێ




(ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە پێشەوایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا ١٩٤٣-١٩٧٩) ناوونیشانی کتێبێکە لە بنەڕەتدا تێزێکی دکتۆرایە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، ساڵی ٢٠٢٣ (د. قارەمان حەیدەر ڕەحمان) پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە، ئەم توێژینەوەیە کارێکی زۆر پڕ بەرپرسیارێتییە، چونکە توێژەرانی پێشتر کەمتر لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی مێژووییدا کاریان لەسەر کردووە، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا لە بارەی ئەم سەرکردەیە و تەنانەت شۆڕشی کورد لەم ماوەیەدا ئەنجام دراون، زیاتر دەچنە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و کەمتر پەرژاونەتە سەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بنەماکانی هزری سیاسیی ئەم ڕێبەرە و، دیاریکردنی شوێنپەنجەی ئەو بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا لە هەموو بوارەکاندا.

کتێبەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە، هەر یەکێکیان چەندین تەوەر و باس لەخۆ دەگرێت، بەشی یەکەم بە ناوونیشانی (ژیان و کەسایەتیی مستەفا بارزانی) هاتووە، لە دوو تەوەر پێکدێت، هەر تەوەرێکیشیان بۆ سەر چەند باسێك دابەشکراوە، تەوەری یەکەم بە پوختی ئاماژە بۆ قۆناغەکانی ژیانی مستەفا بارزانی کراوە، لە ساتی لە دایکبوونییەوە لە(١٤ی ئاداری ١٩٠٣) تا مردنی لە (ای ئاداری ١٩٧٩)، تەوەری دووەم باس لە لایەنە جیاواز و تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی ئەم ڕێبەرە دەکات.

ناونیشانی بەشی دووەمی کتێبەکە (ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە گەشەپێدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا)یە، دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت، هەردووکیان باسی ڕۆڵی ئەم ڕێبەرە دەکەن لە گەشەپێدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا، لەوانە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی، لەگەڵ تەرخانکردنی تەوەرێکی دیکە بۆ باسکردنی کۆششەکانیان بۆ دامەزراندنی هێزی سەربازیی ڕێکخراوی نیشتمانی.


نووسەر بەشی سێیەمی کتێبەکەی بەم ناوونیشانە دارشتووە (ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی) کە ئەم بەشەش بەسەر سێ تەوەر دابەشبووە، باس لە هەوڵەکانی مستەفا بارزانی دەکات بۆ یەکخستنی کۆمەڵگەی کوردی، لە ڕێگای ئامراز و میکانیزمەکانی، وەك پاراستنی زمان و ئەدەب و شوناسی کوردی، کە دواجار لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بە تەواوی چەسپێنرا.

(هەڵوێستی مستەفا بارزانی بەرامبەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق) بووەتە

ناوونیشانی بەشی چوارەمی ئەم کتێبە، توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم بەشە سێ تەوەری لەخۆ گرتووە، لە تەوەری یەکەمدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر دۆزی کورد و دابەشی سەر چوار قۆناغ کراوە، تەوەری دواتر باس لە سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی حکومەتی عێراق کراوە، لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی مستەفا بارزانی کراوە لە پارێزگاریکردن لە تەبایی و برایەتیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا، هەروەها ڕۆڵی بارزانی لە کاڵکردنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ لێکترازانی نێومالی کورد لە ڕێگای تەیارکردنی هۆزە کوردەکان لە دژی یەکدی و لە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد.

لە دوابەشی ئەم کتێبە کە بەشی پێنجەمیەتی، بەناوونیشانی (بارزانی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد) هاتووە، باس لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی مستەفا بارزانی و شۆڕشی کورد دەکات، لەگەڵ هەر یەك لە وڵاتانی وەك میسر و سۆڤیەت و ئەمریکا، مستەفا بارزانی لە ماوەی پێشەوایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا زیاتر لەگەڵ ئەم وڵاتانە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی سیاسی و سەربازیدا بووە، بەهۆی بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە لەگەڵ کورددا، بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی و سنووردارکردنی توانا سەربازییەکانی حکومەتی عێراق.

ماوەتەوە بڵێین کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە، لە ڕووی گرنگیشەوە زۆرترین سوود لە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی حکومەتی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی بینراوە، هەروەها سوود لە چاپکراوە حکومی




و حزبییەکانیش وەرگیراوە، کە ئەوانیش هاوشێوەی بەڵگەنامەکان بەهای زانستیی بەرزیان هەیە. لەپاڵ دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی، دواجار سوود لە وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان وەرگیراوە، هاوکات گێڕانەوەی زارەکییش وەك پێداویستییەکی گرنگی توێژینەوەی زانستی سوودی زۆریان بۆ کتێبەکە هەبوو.

دەستخۆشی لە توێژەر و نووسەر ئەم کتێبە(د. قارەمان حەیدەر ڕەحمان) دەکەین بۆ هەوڵ و ماندووبوونی و ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوەیە، کە وەفایەکە بۆ ژیان و کەسایەتی و ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە ڕێبەرایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا.

## د. کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی :




**مەلا مستەفا بارزانی خاوەنی دیدێکی ئیسلامیی ڕەسەن و نیشتمانپەروەرانە بوو کە هەموو ئایین و ئایینزاکانی پێکەوە کۆکردبووەوە**

## جەلیل مەندەلاوی :




**فەیلییەکان بە هۆی دڵسۆزی و خۆبەخشییان بۆ کار و پەیوەندی نەتەوەیی، متمانە و ڕێزی بارزانیی نەمریان بە دەست هێنا**

## نێگرۆن گۆنزالێس :



**حوکمڕانیی باش ئامرازێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوەی توندڕەوی و ناسەقامگیری**

## پرۆفیسۆر عیمران ئەل باداوی :



**هێشتا چەند وڵاتێکی عەرەبی دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە**




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

مونا قەهوەچی :



**سەرۆک بارزانی کە مەرجەعی بالآی گەلی کوردستانە، هەمیشە داکۆکیکار و پارێزەری مافی پێکهاتەکان بووە**

**یاساناسان.. هاوسەرگیریی پێشوەختە و سۆشیال میدیا بە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوە دەزانن**



هونەرمەند هەرێم محەمەد

**لەم سەردەمەدا گۆرانیی سینگڵ پێویستە بۆ ئەوەی بە خێرا بگاتە جەماوەر**



**چاویلکەیەک دەنگ بۆ دەق وەردەگێڕێ**



**بەهای خۆراکیی شویت**



دیدەن ڕێبوار :

**هەرکاتێ ئەنجامێکی باشم دەبێت ماندووبوون و هیلاکیم بیر دەچێتەوە**



# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان فێری خۆڕاگری و برسێتی و ئاگاداربوون لە هەژاران و لێقەوماوانمان دەکات

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لە هەموو موسڵمانانی جیهان و بەتایبەتی موسڵمانانی کورد پیرۆز دەکەم. مانگی پیرۆزی ڕەمەزان مانگی خێر و بەرەکەت و جێبەجێکردنی ڕوکنێکی گەورەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە ساڵی یەك جارە و ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە پێشوازییەکی گەرم لەم مانگە بکەن و فەرزە لەسەر موسڵمانان لەم مانگەدا بەڕۆژوو بن. ئەم واجبی بەڕۆژووبوونەی موسڵمانان لەم مانگەدا لە ساڵی دووەمی کۆچی پێغەمبەر بووە (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە خوای گەورە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی واجب کردووە. پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) نۆ ساڵ بەڕۆژوو بووە، پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، بۆیە خودای گەورەو میهرەبان بە دەقی قورئان لەم مانگەدا ڕۆژووبوونی فەرز کردووە لەسەر موسڵمانان و لە (سورەتی البقرە ١٨٣- دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَي الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ... ، هەر لەو ئایەتە پیرۆزەی قورئاندا خودای گەورە دەفەرموێت: شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًي لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَات مِّنَ الْهُدَيٰ وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ. موسڵمانان لەم مانگەدا بەڕۆژوو دەبن و زیاتر ڕوو لە عیبادەت و نزا و دوعا دەکەن و لە خودا زیاتر نزیك دەبنەوە. لەم مانگەدا وێڕای لایەنە ئایینی و خوداپەرستییەکانی، بەڕۆژووبوون زۆر گرنگە و واتایەکی بەرزی مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن لە یەکتری تێدایە. لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا موسڵمانان بە خۆیاندا دەچنەوە و تۆبە دەکەن و ئەوەش فێری ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و ڕەفتاری جوان و شیرینمان دەکات. بۆیە ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە لەم مانگەدا ئاگاداری قسە و ڕەفتار و کاریان بن و بە دەروونێکی ئاسوودەوە خوداپەرستی بکەن.

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان فێری خۆڕاگری و برسێتی و ئاگاداربوون لە هەژاران و لێقەوماوانمان دەکات، چونکە ١١ مانگی ساڵ مرۆڤەکان لە خۆشی و نیعمەتی خودای گەورە و خواردن و گەڕان و گەشت و ئاهەنگدان، لەم مانگە پیرۆزەدا خودای گەورە و میهرەبان مرۆڤەکان فێری خۆڕاگری و ئاگاداربوون لە هەژاران دەکات و، فێری ئەوەیان دەکات ئاگاداری ئازار و مەینەتییەکانی ئەوانی دیکە بن. دەوڵەمەند و هەژار پێکەوە بەڕۆژوو دەبن و دەوڵەمەندەکان هەژارەکان بەسەر دەکەنەوە و هەژار و دەوڵەمەند لە یەکتر نزیك دەبنەوە، سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

خودای گەورە لەم مانگەدا فەرزی کردووە لەسەر موسڵمانان زەکات و سەرفیترە بدەن و خێری زیاتر بکەن و هەژاران و نەخۆش و لێقەوماوەکان



## مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی

جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەسەر بکەنەوە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە گرانی و هەژاری و برین و دواکەوتنی مووچە کاریگەریی خراپی لەسەر موسڵمانانی کورد و کوردستانییان داناوە. لە ڕووی تەندروستییشەوە لەش و تەندروستی و دەروونی موسڵمانان باشتر دەبێت. پێغەمبەرمان (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (صوموا تصحوا)، لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: (وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ)، ئەمەش لە زانستی پزیشکیدا سەلمێندراوە کە مانگی ڕەمەزان زۆر بەسوود و بەکەڵکە.

موسڵمان وێڕای ئەوەی فەرزە لەسەری ڕێز لە بەرانبەر بگرێت و بۆ مرۆڤایەتی، خێروخۆشی بوێت، لەم مانگەدا زیاتر ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشان بەوەی ئاگاداری کاروکاسبیی خۆی بێت و گرانی دروست نەکات و ویژدانیان ببێتە سەنگی مەحەك بۆ موسڵمانێتی. یارمەتیدانی هەژاران و کەمدەرامەت خێرێکی گەورەیە و ئەجر و سەوابی لای خودای گەورە و میهرەبانە و هەرگیز بە پێدانی زەکات و خێر و سەدەقە ماڵی موسڵمان کەم نابێتەوە، بەپێچەوانەوە بە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) ماڵی موسڵمانان زیاتر دەبێت و لە بەڵا و ئازارەکانی ژیان دەپارێزێت. پێغەمبەرمان دەفەرموێت: «گەورەترین چاکە ئەو چاکەیەیە کە لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان دەکرێت، بۆیە (انشاالله) موسڵمانان لەم مانگەدا بە گەورە و بچووك و پیا و ئافرەت و بە هەموو چین و توێژەکانەوە بە سیاسییەکان و پیاوانی دەوڵەتەوە، پێویستە موراجەعەی خۆیان بکەنەوە و باشەکانیان زیاتر بکەن و کەموکورتی و هەڵەکانیان کۆتایی پێ بهێنن و تەوبە بکەن، گەردنئازایی و ئاشتەوایی لەم مانگە پیرۆزەدا واجبە، بەتایبەتی لە نێوان سیاسی و حزبەکاندا کە پێویستە دەستبەرداری زمانی زبر و یەکتر ناشیرینکردن و ناوزڕاندن بن، ئەمە نەك تەنیا لە مانگی ڕەمەزان، بەڵکو ئەم مانگە بکەنە نەریت و کلتوورێك بۆ ئەوەی چیتر ئەوەندە ناکۆك و ناتەبا نەبن، خەڵك ماندوو بووە لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە، ئەگەرچی تەوبە وشەیەکی ئایینییە، بەڵام پێویستە حزبەکان و هەموو لایەنە سیاسییەکان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا تەوبە بکەن، لەو ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێیەی زیانی بە هەمووان گەیاندووە و، دوژمنی بەسەردا زاڵ کردووین و خزمەتی نەیارانی کوردی کردووە. ئەمە گوناهێکی زۆر گەورەیە، پێویستە ڕەمەزان بکەینە مەوسمێك چۆن مرۆڤ لەم مانگەدا تەوبە دەکات و لێی قبووڵە، ئەوانیش لە ڕوانگەی دینەوە پێیان دەڵێین: تەوبە بکەن لەو شێوازەی ناکۆکییە و یەکتری بریندارکردنە کە خزمەتی نە بەخۆیان و نە بە میللەت گەیاندووە و لای خودای گەورەو میهرەبان گوناهێکی زۆر گەورەیشە.


پارتی دیموکراتی کوردستان
بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
٢٠٢٤
بازنەی گفتوگۆ
کتێبی دووەم
ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی
د. سالار عوسمان
عەبدولڕەزاق عەلی | شڤان حەمدی | د. ئەزاکەت حوسێن
د. جەلال ئەحمەد | فەرهاد محەمەد





# ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی

## کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆ

ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەش و سەرپەرشتیاری بازنەی گفتوگۆ

عەبدولڕەزاق عەلی
شڤان حەمدی

پ.د.نەزاکەت حسێن
د.جەلال ئەحمەد

فەرهاد محەمەد

ڕۆژی ١٠ی ئاداری ٢٠٢٤، بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ ڕێوڕەسمێکی بۆ دابەشکردنی کتێبی دووەمی بە ناونیشانی «ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی» بەڕێوە برد.

لە دەستپێکی ئەم ڕێوڕەسمەدا، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، وتاری بەخێرهاتنی میوانانی پێشکەش کرد و، هەڵوەستەی لەسەر کۆی ڕووداوەکانی مانگی ئادار کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ڕووداوەکانی ئەم مانگە ڕووداوی گەورەی سەرکەوتن و کارەساتیشن کە بەسەر ئەم میللەتە هاتووە. ڕووداوی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان و، ڕووداوی پیلانە شوومەکەی ٦ی ئاداری جەزائیر لە دژی گەلی کوردستان، ڕووداوی گەورەی وەك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و هاوکات ئازادکردنی شاری هەولێر، ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ڕووداوی ئازادکردنی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان و لە کۆتایی ئەم مانگەشدا یادی ڕووداوە گەورەکەی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان دەکەینە. جەختی لەسەر ئەوەش کردەوەکە تێکڕای ڕووداوەکانی ناو ئەم بۆنە و یادانە بوون بە پەرەگراف و دەق و گەورەیی ئەم نیشتمانەمان فێردەکەن و پێمان دەڵێن: «هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی ئایکۆنی بەهێزن و هیچ هێزێك ناتوانیت لاوازیان بکات».

لە پەیڤێکی دیکەدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ئاماژەی بەوە کرد «ئێستاش بە هەمان گڕ و تین و بڕوابوونمان بە ڕێبازی بارزانی و پەندوەرگرتن لە ڕووداوەکان پێ دەنێینە قۆناغێکی گرنگ، کە ئەویش قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانە و پانێڵی «ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی». لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبەکە پێشکەش دەکرێت. باسی ئەوەشی کرد کە پلاتفۆرمی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆی ئەم بەشە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە و، هەموو مانگێك پرس و مژارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و باری گوزەرانی خەڵك دەکەینە بابەتێك بۆ گفتوگۆ و بیروڕای جیاوازی سیاسی و بیروبۆچوونی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی بۆ کۆ دەکەینەوە و بە ئازادانە و ڕاشکاوانە گفتوگۆی لەسەر دەکەین و، جیاوازییەکان کۆ دەکەینەوە بۆ ئەوەی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم نیشتمانەی خۆمان بدۆزینەوە و، پاشانیش هەر شەش ئەڵقەی ئەم گفتوگۆیانە لە دوو کتێبدا بە زمانی کوردی و عەرەبی چاپ دەکەین و دابەشی دەکەین. لە وەرزی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ، کتێبێکمان چاپ کرد بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ نارەزاییەکانی خەڵك»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خەڵك سەنتەری تێگەیشتنی ڕێبازی بارزانییە، خەمی خەڵك بیرکردنەوەی هەرە ڕۆشنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئێمەی فێرکرد، ئەو پەیڤە بەرزەی مستەفا بارزانی پیادە بکەین کە دەڵێت: «چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت».

کتێبی وەرزی دووەمی بازنەی گفتوگۆ کە ئەمڕۆ هەموومانی کۆکردووەتەوە، بریتییە لەم ناونیشانە سەرنجڕاکێشە «ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی». ئێستا هەرێمی کوردستان لە کوێیە و بۆچی ئەم هەرێمە بە ئامانج دەگیرێت و بە شێوازی جیاواز شەڕی لەگەڵ دەکرێت؟ ئەم پرسانە بەڕێزان لە پانێڵی ئەم مەراسیمە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەن.

دوای ئەم وتارە، پانێڵی بازنەی گفتوگۆ دەستی پێکرد، کە بەڕێزان ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد ڕەئووف ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری دیاری کوردستان بەشدارییان تێدا کرد و زۆر بە چڕی و ڕاشکاوانە لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای کوردستان و ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانیمان دەبنەوە گفتوگۆیان کرد.

دوای ئەم پانێڵە خەڵاتی ڕێزلێنان بە بەشداربووانی پانێڵەکە و بەڕێوەبەری پانێڵەکە بەخشرا و، لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا خەڵاتی «ڕێزنامە»ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم بەڕێزانە پێشکەش کرا:




گفتوگۆی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی کە ئەم بەڕێزانە بەشدار بوون:

- د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- مامۆستا جەلال خەیلانی، جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان.
- دادوەر بەشدار مەجید، ئەندامی دەستەی مافپەروەرانی کوردستان.
- پ.د.یوسف حەمەساڵح مستەفا، پرۆفیسۆری دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەددین.
- د.ئیبراهیم ڕەمەزان، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هوشیاری دژی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان.
- پ.د.تاڤگە عەباس بوستانی، مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین.
- دڵشاد ئەنوەر، توێژەر و تایبەتمەند لەسەر ماددەی هۆشبەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا.
- د.محێدین حەسەن، مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین.
- ئاشنا قادر، توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر عێراق.
- پەیام فەتحوڵا ڕەسووڵ، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی.




گفتوگۆی ئیسلامی سیاسیی و مەترسیەکانی لەسەر کلتوور و ناسنامە، ئەم بەڕێزانە بەشداربوون:

- د.بەشیر حەداد، سیاسەتمەدار و پسپۆڕ لە شەریعەت و هزری ئیسلامی.
- د.فاروق ڕەفیق، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە فەلسەفە.
- ئارام قادر، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی و پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی سیاسی
- د.نازناز محەمەد قادر، پسپۆڕ و تایبەتمەند لە مێژوو و مێژووی نەتەوەییمان.
- د.سۆران سێوکانی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی سیاسی.
- د.عەرەفات کەرەم، پسپۆڕ لە بەراوردکاریی ئایینەکان و هزری ئیسلامی سیاسی.







گفتوگۆی ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم بەڕێزانە بەشدار بوون:

- پەخشان زەنگەنە، سیاسەتمەدار و کادری پێشکەوتووی حزبی شیوعی کوردستان.
- ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بیت نەهرێن.
- ئاسۆ کەریم نووسەر و ڕووناکبیر.
- هەڵکەوت عەبدوڵڵا، نووسەر و ڕووناکبیر.
- د.ساحب قارەمان مامۆستای زانکۆ.
- کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان
- سەلاح فەیلی، پێشمەرگەی دێرین و سیاسەتمەدار.

گفتوگۆی هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری ئەم بەڕێزانە بەشدار بوون:

- د.عەبدولحەکیم خەسرەو، بەرپرسی فەرمانگەی بەدواداچوون و هەماهەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- د.هومام ئەلشەمماع، ئوستادی ئابووری و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستان.
- سەروەر کەمال هاواری، بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان.
- هۆزار تۆفیق، ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی.
- حسێن کوردنەژاد، ئەندامی ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان.







گفتوگۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و کۆتای پێکهاتەکان، ئەم بەڕێزانە بەشدار بوون:

- سەربەست ئامێدی، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق.
- مونا قەهوەچی، سکرتێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.
- ئەکەد موراد، نوێنەری بزووتنەوەی ئاشووری.
- داود هوهان داود، سەرۆکی لێژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەن لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.
- یاسین حەمە عەلی، بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان.
- هێمن ئەسکەندەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.
- هاوار محەمەد یوسف، وتەبێژی بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- هەندرێن محەمەد، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.
- د.بارزان جەوهەر، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی سەلاحەددین هەولێر.

گفتوگۆی گۆڕینی دیموگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك، ئەم بەڕێزانە بەشدار بوون:

- حەسەن ئەمین شێخانی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان.
- پ.د.محەمەد شوانی، کۆمەڵناس و مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- عارف تەیفوور سەردار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ڕێبوار تاڵەبانی، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ماددەی ١٤٠.
- پ. کەیوان ئازاد، پسپۆڕی مێژوو و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی.
- پ.د. خەلیل ئیسماعیل، مامۆستای جوگرافیا لە زانکۆی جیهان – هەولێر.
- بەشار کیکی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و پەرلەمانتاری خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

### پانێڵی بازنەی گفتوگۆ

# گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان



**ڕێبەر ئەحمەد** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**محەمەد ڕەئووف** سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر



KDP

رێبەر ئەحمەد:

**گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆ زۆر بە ڕاشکاوی و بەرزی ئامادە دەکرێت لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکرێنەوە و بەمەش پوختەی ئەم گفتوگۆیە گرنگانە و ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە دەگاتە دەستی خەڵکی کوردستان و سوودی لێوەردەگرن**

رێبەر ئەحمەد:

**پارتی دیموکراتی کوردستان، بە درێژایی مێژووی خەباتی خۆی لە هیچ کاتێکدا گفتوگۆی ڕەت نەکردووەتەوە تەنانەت لەو کاتانەی کە لە شاخ خەباتی چەکداری کردووە**

رێبەر ئەحمەد:

**چەندین ساڵ شەڕیش بکەین، سەرەنجام ڕێگەی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوەیە دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەین و بەگفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەین**

لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆ «ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی»، پانێڵێك بە ناونیشانی «گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان» بۆ هەر یەك لە «ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد ڕەئووف ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار» لەلایەن بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخرابوو، لەم پانێڵەدا بەڕێزانی بەشداربوو، زۆر بە ڕاشکاوی باسیان لە گرنگیی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد و، جەختیان لەوە کردەوە، بەشێکی زۆری ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گفتوگۆیان وەلاناوە و پێکەوە هاریکاری ناکەن بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەن.

ئەم پانێڵە لەلایەن پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ بەڕێوەبردرا و لەم ڕاپۆرتە پوختەی پانێڵەکە بڵاو دەکەینەوە.

## ● بنەمای ڕێبازی بارزانی گفتوگۆ و یەکتری قبووڵکردنە

**بازنەی گفتوگۆ: بازنەی گفتوگۆ لە ماوەی ساڵی ڕابردوو ١٢ ئەڵقەی گفتوگۆی لەسەر ١٢ پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی و بار و گوزەرانی خەڵك ئەنجام داوە، لەم گفتوگۆیانە زیاتر لە ١٥٠ دەستەبژێر و هەزاران خەڵك لە ڕێگەی ڕاپرسییەکانەوە بەشدارییان تێدا کردووە، ئایا ئەم هەوڵەی بازنەی گفتوگۆ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

رێبەر ئەحمەد: بۆ من شەرەفێکی گەورەیە کە ئەمڕۆ لە بەردەم ئەم دەستەبژێرە خاوەن بیر و قەڵەمانە لەسەر «گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان» قسە بکەین.

ئەو پرس و بابەتانەی بازنەی گفتوگۆ کردوونیەتی بە تەوەری گفتوگۆکان و خەڵکی پسپۆڕی لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی بۆ بانگهێشت کردووە، بەڕاستی وەك خۆم بەدواداچوون و خوێندنەوەی گرنگم بۆ کردووە و، هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەساڵی پار کراون و ئەمساڵیش هەر بەردەوامن، هەموویان بە کارێکی زۆر ئەرێنی و پیرۆز دەزانم و، ئەمە دەستپێشخەرییەکە بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار دەکرێت، بەتایبەتیش بۆ خودی بەرپرسی بەش برای بەڕێزم کاك د.سالار عوسمان، بۆیە لەم ڕووەوە سوپاسی بێ پایانی بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و تەواوی ئەندام و کارمەندانی بازنەی گفتوگۆ دەکەم. ئەم کارە نوێیەی بازنەی گفتوگۆی درێژەپێدەری ئەو ڕێبازەیە کە بڕوای بە گفتوگۆکردن هەیە، کە ئەویش ڕێبازی بارزانییە کە لەسەر بنەمای گفتوگۆکردن و یەکتری قبووڵکردن دامەزراوە و، لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشاندا ئەم ڕێبازە بڕوای بە گفتوگۆکردن هەبووە، وەك باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەم کارەی ئێستاش بازنەی گفتوگۆ دەیکات، باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەن هزر، خاوەن بۆچوونی جیاواز، دێن بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لێرە لە کەشێکی ئارامدا بە ئازادی گفتوگۆ دەکەن و ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پرسە گرنگەکان ئاڵوێر دەکەن، بۆیە ئەمە جیاوازە لەو چالاکییانەی دیکە کە کۆڕێك دەکرێت و تیایدا یەك دوو کەس قسە دەکەن و ئەوانی دیکە گوێیان لێدەگرن و، پاشانیش ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە، گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆ زۆر بە ڕاشکاوی و بەرزی ئامادە دەکرێت لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکرێنەوە و بەمەش پوختەی ئەم گفتوگۆیە گرنگانە و ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە دەگاتە دەستی خەڵکی کوردستان و سوودی لێوەردەگرن.

ئەم گفتوگۆیانە کاتێك خەڵك دەیانخوێنێتەوە، ئەوجا لەگەڵ بۆچوونەکان کۆك بێت، یان دژ، دەرگایەك واڵا دەکات، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش بیربکاتەوە و بۆچوونەکانی خۆی وەك وتار، یان نووسین لە میدیاکان بڵاو بکاتەوە، یان بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەو پرسانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکاتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە درێژایی مێژووی خەباتی خۆی لە هیچ کاتێکدا

گفتوگـۆی ڕەت نەکردووەتـەوە تەنانـەت لـەو کاتانەی کە لە شاخ خەباتی چەکداری کردووە و گوشاری گەورەش لەسەر گەلەکەمان هەبووە. هەمـوو گفتوگۆمـان وەك ئامرازێـك بەکارهێنـاوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئامانجەکانی گەلـی کوردسـتان بەدەسـت بهێنیـن و، بڕوامـان بـەوە هەبـووە، کـە چەندیـن سـاڵ شـەڕیش بکەیـن، سـەرەنجام ڕێگـەی دروسـت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان ئەوەیە دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەیـن و بەگفتوگـۆ کێشـەکان چارەسـەر بکەیـن، هـەر بۆیـە هەتـا گفتوگـۆ دەرگای کـراوە بێـت، هـەر لایەنێـك داوای گفتوگۆمـان لـێ بـکات، ئێمـە پێشـوازی لێدەکەیـن و ڕێـز لـەو ئاکامانـەش دەگریـن کـە لـە ئاکامـی ئـەو گفتوگۆیانـە بەرهـەم دێـن و پێیـان دەگەیـن، بـەڵام ئەگـەر ناچاریـان کردیـن و ئامـادە نەبـوون بـە گفتوگـۆ کێشـەکان چارەسـەر بکەیـن، ئەوا ناچار دەبین کە بـە هـەر شـێوەیەك بێـت، پارێزگاری لـە هەرێمی کوردسـتان و خەڵکەکـەی و دەسـتکەوتەکانی هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن.

## • زۆر گرنگە حزب و حکومەت سوود لە ئاکامی گفتوگۆکان وەربگرن

**بازنـەی گفتوگـۆ: نەبوونی گفتوگۆ هـۆکاری لاواز بوونـی دیموکراسـییە، ئێسـتا لـە هەرێمـی کوردسـتاندا کـە ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـك گوشـار و ئالنـگاری گـەورە بووینـەوە، بەشی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن هەوڵـی داوە، لەنـاو بازنـەی گفتوگـۆ هەمـوو بۆچوونـە سیاسـییە جیـاوازەکان و ڕاوبۆچوونـی نەتـەوە و ئایینـە جیـاوازەکان پێکـەوە کۆبکاتـەوە. ئایـا هەڵسـەنگاندنی ئێـوە بـۆ ئـەم کارە چۆنـە؟**

محەمـەد ڕەئـووف: بازنـەی گفتوگـۆ وەك ئۆرگانێکـی تایبـەت بـە گفتوگـۆی نێـوان بیروبۆچوونـە جیـاوازەکان و ئێـوە وەك بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـتان پێکـردووە، کارێکـی زۆر گرنگـە و دەبوایە چەندساڵ پێش ئێستا دەستتان پێبکردایـە. بـە بۆچوونـی مـن درەنـگ دەسـتتان پێکـرد، بـەڵام کاتێك ئەم کتێبەم «ئالنگارییەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی» بـە دەسـت گەیشـت، زۆرم لـێ خوێنـدەوە و هەسـتمکرد ئەندامانـی بازنـەی گفتوگـۆ زۆر بـە گەرموگـوڕی و بایەخـەوە خەریکـی ئـەم پرۆسـەیەن. ئـەوەی لـەم کتێبـەدا چـاوم پێکـەوت و خوێندمـەوە و بـە گرنگـم زانـی، ئەوەیـە کـە ئـەو بەڕێزانـەی بەشـداریی ئـەو گفتوگۆیانەیـان کـردووە، زۆر بـە ئـازادی قسـەیان کردووە و هـەر کـەس، هەرچی مەبەسـتی بـووە، گوتوویەتـی و وەك خۆیشـی بۆیـان بـڵاو کراوەتـەوە. بەڕاسـتی ئەمـە فۆرمێکـی زۆربـاش و نوێیـە و سـوودێکی هێجـگار گەورەشـی بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەیـە، چونکە ئێوە وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی ئەم کارە دەکـەن.

ڕاوبۆچـوون و پێشـنیارەکانی بەڕێزانـی بەشداربووی گفتوگۆکـە، ڕەخنەگرتنـە لـە حزب، لـە حکومـەت و لـەو دەسـەڵاتە، بۆیـە دەبێـت شـوێنەواری ئـەو گفتوگۆیانـە لەسـەر سیاسـەتی حـزب و حکومـەت ڕەنگدانـەوەی هەبێـت و کاری پێبکرێـت. ئێسـتا کـە بـەرەو هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان دەچیـن، لەوانەیـە حـزب و حکومـەت نەپەرژێنـە سـەر ئـەوەی کار بـە ئاکامی ئـەو گفتوگۆیانـە بکـەن، بـەڵام گرنگـە دوای ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن کـە قۆناغێکـی نـوێ دەست پێدەکات، کار بـە ڕەخنـە و پێشـنیارەکانی ئـەم گفتوگۆیانـە بکرێـت، ئەمـەش ئامانجـە گرنگەکەیـە.

## • ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی و یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەیان

**بازنـەی گفتوگـۆ: ئـەو گفتوگۆیانـەی لـەم کتێبـەدا بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عـەرەبـی، بازنـەی گفتوگـۆ چاپـی کـردوون، کۆمەڵێـك پرس و بابەتی هەستیار و گرنگ هـەن، کە وەك ئالنـگاری ئاسایشـی نیشـتمانی لـە قەڵـەم دراون، ئایـا وەك وەزیـری ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، چـۆن سـەیری ئـەو ئالنگارییانـە دەکـەن؟ تـا چەنـد ئامادەباشـی دەبینیـت، بـۆ ئـەوەی بەرپەرچـی ئـەو ئالنگارییانـە بدەینـەوە؟**

ڕێبـەر ئەحمـەد: ئەڵقەکانـی بازنـەی گفتوگـۆم لە گۆڤاری گوڵانـدا خوێندووەتـەوە و بەدواداچوونم بـۆ کـردووە و ئـاگاداری گفتوگـۆکانـم. ئـەو بابەتانـەی لـەو گفتوگۆیانـە قسـەیان لەسـەر

**محەمەد ڕەئووف:**

**هەر کەس، هەرچی مەبەستی بووە، گوتوویەتی و وەک خۆیشی بۆیان بڵاو کراوەتەوە. بەڕاستی ئەمە فۆرمێکی زۆرباش و نوێیە و سوودێکی هێجگار گەورەشی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە**

**محەمەد ڕەئووف:**

**دەبێت شوێنەواری ئەو گفتوگۆیانە لەسەر سیاسەتی حزب و حکومەت ڕەنگدانەوەی هەبێت و کاری پێبکرێت**

**محەمەد ڕەئووف:**

**ئەو دابەشبوونە حزبییە بنەمای هەموو کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستانە**

کراوە، هەموو ئەو بەڕێزانەشی لەو گفتوگۆیانە بەشدارییان کردووە، جێگەی ڕێز و تەقدیر و دەستخۆشین و، خەڵکانێکی خەمخۆر و پسپۆڕ و دڵسۆزن و، لە ڕوانگەی پەرۆشییان بۆ ئێستا و ئایندەی ئەم وڵاتە بیروبۆچوونە جیاوازەکانیان لەسەر بابەتە هەستیارەکان خستووەتە ڕوو، هەروەها بەشێکی هەرە زۆری ئەو پرسانە کە وەك ئالنگاری گفتوگۆیان لەسەر کراوە، لە هەرێمی کوردستان وەك ئالنگاری بوونیان هەیە.

قسەکردن لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و ئالنگارییەکانی لەڕووی تیۆرییەوە کارێکی ئاسانە، زۆر بە ئاسانی دەتوانین لەڕوانگەی دیدوبۆچوونی پسپۆڕ و بیرمەندەکانی جیهانەوە پێناسەی بکەین و بڵێین ئاسایشی نیشتمانی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دوای ڕێککەوتنی ویستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ لە ئەوروپاوە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام ناکرێت فۆرمی ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتێکی دیکەدا کۆپی بکرێتەوە، بەڵکو جوگرافیای هەر دەوڵەتێك دەبێتە چوارچێوەیەك کە فۆرمی ستراتیژیەت و ئاسایشی نیشتمانی دیاری دەکات.

ئەوجا ئەگەر لەو چوارچێوە تیۆرییە دەربچین، کە پێناسەی ئاسایشی نیشتمانی بکەین و، بێین بە شێوەیەکی پراکتیکی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان لە جوگرافیای هەرێمدا دیاری بکەین و، بزانین لەو چوارچێوەیەدا چی پێویستە دەبێت بیکەین، ئەوا ئەوەی دەبێتە ئەولەوییەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئێمە، ئەوەیە کە دەبێت تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکانمان ڕێك بکەوین، کاتێك توانیمان لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکان ڕێك بکەوین، ئەوا لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانە بەرژەوەندییەکانیش دیاری دەکرێن و، ئەوانەشی پسپۆڕن لە ئاسایشی نیشتمانیدا دەزانن «ئامانج و بەرژەوەندی» هەردووکیان پێکەوە گرێ دراون.

لێرەدا ئەگەر بپرسین: ئایا هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئامانجەکان کۆکن؟ ئایا ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر ئامانجێکی هاوبەش خەباتی بۆ بکەین؟ ئایا لە خۆمان پرسیوە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە چیدایە و چۆن کاریان بۆ بکەین؟

بێگومان بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئاسایش و سەقامگیری بپارێزین و پەرەیان پێ بدەین، دەستی هاوکاری و هاوبەشی بۆ هەموو ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان درێژ بکەین، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین ئەو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەی لە وڵاتەکەمان هەیە، ڕەنگدانەوەیەکی جوانتر لەسەر ئەم نیشتمانە پیشان بدات. بەڵام بەداخەوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری ئاسایشی نیشتمانیی خۆمان بکەین، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکان کۆك نین. ئەوجا کە لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکان یەکدەنگ نەبین، ئەوا لەسەر ئامانجەکان بیروبۆچوونی جیاواز و بەرژەوەندیی جیاوازی حزبی دروست دەبێت و، ئەم بەرژەوەندییە جیاوازانەش دەبێتە دەروازەیەك خەڵکانێك دەستتێوەردان لە بەرژەوەندییەکان هەرێمی کوردستان بکەن و پرۆژە و ئەجێندای دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن و، ئەمەش دەرفەت بۆ لایەنگەلێکی جیاواز لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی دروست دەکات، کە بەرژەوەندییەکان و چوارچێوەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەنە ئامانج.

بەداخەوە هەتا ئێستا خەباتی گەلی کوردستان بە ئامانجی کۆتایی خۆی نەگەیشتووە. گومان لەوەدا نییە، خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، واتە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە، لەناو هەرێمێکدا خۆمان بەڕێوەبەرین، یان مانگانە چاوەڕێ بین مووچەیەکمان بۆ بنێرن، کە ئێستا ئەو شتە لاوەکییانە خەریکە دەبنە پرس و بابەتێك ئاسایشی نیشتمانی ئێمەی خستووەتە مەترسییەوە. هەر بۆیە کاتێك بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، هاودژی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر دروست دەبێت، ئەوا حەتمەن دەرفەتێك دروست دەبێت، خەڵکی دیکە سوود لەو هاودژییانە وەربگرێت و مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان دروست دەبێت.

ڕێبەر ئەحمەد:
**ئەوەی دەبێتە ئەولەوییەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئێمە، ئەوەیە کە دەبێت تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکانمان ڕێک بکەوین**

ڕێبەر ئەحمەد:
**بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئاسایش و سەقامگیری بپارێزین و پەرەیان پێ بدەین**

ڕێبەر ئەحمەد:
**کە لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکان یەکدەنگ نەبین، ئەوا لەسەر ئامانجەکان بیروبۆچوونی جیاواز و بەرژەوەندیی جیاوازی حزبی دروست دەبێت**

**● پەرتەوازەیی نێوان حزبە سیاسییەکان هەڕەشەی سەرەکییە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی**

**بازنەی گفتوگۆ: ئەو پەرتەوازەییەی ئێستا لەنێو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دەیبینین، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هیچ جۆرە لێکتێگەیشتنێك لەنێوان حزبەکان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان نابینرێت و لەم کتێبەشدا ئاماژە بە چەندین ئالنگاریی ترسناك کراوە، ئایا چۆن سەیری ئەم پەرتەوازییە دەکەیت؟**

محەمەد ڕەئووف: ئەو پرس و بابەتانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو و گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر کراوە، بێگومان هەموویان مەترسین لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و، ئێوە وەك بازنەی گفتوگۆ، دوای ئەوەی دیراسەتی وردی بابەتەکانتان کردووە، ئینجا کردووتانن بە تەوەری گفتوگۆکانتان و خەڵکی پسپۆڕتان بانگهێشت کردووە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت.

سەبارەت بە پەرتەوازەیی کە بە مانای «دابەشبوونی حزبی» دێت. بە قەناعەتی من ئەو دابەشبوونە حزبییە بنەمای هەموو کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستانە. من لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە پرسیارێکم هەبووە، کە تا ئێستا وەڵامەکەیم بە تەواوەتی دەست نەکەوتووە. پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا هیچ نەتەوەیەك پێش ئەوەی گەیشتبێتە ئامانجی کۆتایی خۆی و کیانێکی سەربەخۆ دروست بکات، حزبی سیاسی و فرەحزبی هەبووە؟ من تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەم دەست نەکەوتووە، بەڵام زۆریی حزب لە کوردستان پێش دروستبوونی دەوڵەت، سەرەتا و سەرچاوەی هەموو کێشەکانە.

حزبی سیاسی بووەتە هۆکاری ئەوەی ئامانجەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە، کە هێشتا ئامانجەکەمان بەدی نەهاتووە، هێشتا چوارچێوەی بیرکردنەوەمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازە.

سەرکردە سیاسییەکان هەوڵی زۆریان داوە، بۆ ئەوەی ئەو دابەشبوونەی هەیە، پێکەوەی گرێ بدەنەوە، بەڵام زۆر جاریش گرێکوێرە دروست بووە و نەتوانراوە بکرێتەوە. هەر بۆ نموونە وەك ئەو دابەشبوونەی کە ساڵی ١٩٦٤ دەستپێدەکات و پاشان لە شۆڕشی ئەیلوول و ساڵانی حەفتاکان تا ڕاددەیەك پێکەوە گرێ دەدرێتەوە، دوای ئەوەش لە شاخ ئەوەی پێی دەڵێن «شۆڕشی نوێ» جارێکی دیکە پارچە پارچە دەبنەوە، تا سەرەنجام بە گفتوگۆ لە ناو بەرەی کوردستانیدا دووبارە ڕێك دەخرێنەوە، دوای ڕاپەرین و ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دایك دەبێت، بەڵام دیسان دوای ئەوەش لێکترازان دروست دەبێت و شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێت، ئەم لێکترازانە بەردەوام دەبێت، هەتا گەیشتە ئەوەی دوای ٢٠٠٣ دووبارە گفتوگۆ دەست پێدەکاتەوە و کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنرێت.

لە ئێستادا، بارودۆخی سیاسیی ئێمە وەکو شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وایە و، کەس ئامادە نییە لەگەڵ ئەوی دیکە کۆببێتەوە و گفتوگۆ بکات. ئەوەی لە شەقام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگوترێت، ئەوەیە دوو بەرە هەیە، بەرەیەك پێی دەگوترێت بەرەی خەڵك و حزبەکان، ئەوی دیکەی پێی دەگوترێت بەرەی دەسەڵات و پارتی.

من لەو بڕوایەدام، سەرکردەی حزبەکان بەتایبەتی عاقڵمەندەکان، بڕوای تەواویان بەوە هەیە، کە بەبێ گفتوگۆ ناگەینە هیچ ئاکامێك، بەڵام لەبەر ئەوەی چووینە قۆناغی هەڵبژاردن، بوێری ئەوە ناکات، هەنگاو بۆ ئەو گفتوگۆیە هەڵبگرێت.

لە ئێستادا عێراق، نە دەوڵەتی دامەزراوەکانە، نە سەقامگیریی سیاسی و ئابووریشی تێدایە و، هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئاراستەی دەکات. بۆیە بۆی هەیە، هەموو ساتێك ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو لە عێراقدا ڕوو بدات. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دیکە، عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان شووڵی لێ هەڵکێشاوە. دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی ڕەهای پێ دراوە و، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو دادگایە بە دادگایەکی دەستووری نازانێت و بڕیارەکانی بە دەستووری نازانێت، لە بەرانبەردا زۆنی سلێمانی بە حزب و خەڵکەوە، پێشوازی

**محەمەد ڕەئووف:**

**زۆریی حزب لە کوردستان پێش دروستبوونی دەوڵەت، سەرەتا و سەرچاوەی هەموو کێشەکانە**

**محەمەد ڕەئووف:**

**لە ئێستادا، بارودۆخی سیاسیی ئێمە وەکو شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وایە و، کەس ئامادە نییە لەگەڵ ئەوی دیکە کۆببێتەوە و گفتوگۆ بکات**

**محەمەد ڕەئووف:**

**سەرکردەی حزبەکان بەتایبەتی عاقڵمەندەکان، بڕوای تەواویان بەوە هەیە، کە بەبێ گفتوگۆ ناگەینە هیچ ئاکامێک، بەڵام لەبەر ئەوەی چووینە قۆناغی هەڵبژاردن، بوێری ئەوە ناکات، هەنگاو بۆ ئەو گفتوگۆیە هەڵبگرێت**




لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە دەکەن، بۆیە دۆخێکی هەستیار و کارەبایی وا هاتووەتە ئاراوە، کە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بڵێین، دەرگاکان داخراون و بواری کردنەوەیان بۆ گفتوگۆ نییە.

بۆیە لە ئێستادا پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئێوەش وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەشێکن لەو پارتە، دەبێت لە ئێستاوە قسە لەسەر ئەوە بکات، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان چۆن گفتوگۆ دەکات، هەروەها چۆن ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا دەکات و سوود لە کات وەردەگرێت، هەتا دوای هەڵبژاردنەکان.

بۆیە گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان دید و تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت و ئاراستەیەکی نوێ پیادە بکات. دەبێت ئەو بۆچوونەی ئێستا لە سۆشیال میدیا و بازاڕی سیاسەت هەیە، بیگۆڕێت. ئێستا ئەوەی باسی لێ دەکرێت لەناو حزبە سیاسییەکان و سۆشیال میدیا، ئەوەیە کە دەڵێن: «هەر لایەنێك هاوبەشیی پارتی کردووە و زۆر لێی نزیك بووە، بە هەمان ئەندازە باجی داوە»، ئینجا تۆ بڵێی ئەمە ڕاستە، یان غەڵەتە، ئەمە قەناعەتی حزبەکانە، قەناعەتی کادرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. هەروەها دەڵێن» پارتی هاوبەشی قبووڵ ناکات، ئامادەیە کاری لەگەڵ بکەیت، بەڵام ئامادە نییە هاوبەشت بکات».

وێڕای هەموو ئەمانەش، من لە ساڵی ١٩٩١ـەوە دوای ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردستان گوتوومە، تازە کورد سڕینەوە نەما و کورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت، لە دوای ئەوەش بینیمان کورد توانی پەرلەمان و حکومەتی خۆی دابمەزرێنێت، بینیمان پێگە و دەسەڵاتی هەرێم گەیشتە ئەو ئاستەی کە زیاتر گوێیان لە هەرێم دەگرت، تا لە بەغدا، بە داخەوە لەم ساتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین،




وا نییە، بەڵام چۆن توانیمان قەیرانەکانی پێشتر تێپەڕێنین، ئەمجارەش دەتوانین بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ئەم قەیرانانەی ئێستاش تێپەڕێنین.

**● پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەی خەڵکە و ئامانجی گەورەی هەیە کە سەربەخۆییە**

بازنەی گفتوگۆ: **مامۆستا محەمەد ڕەئووف ئاماژەی بەوەکرد، ئێستا لەناو سۆشیال میدیا و بازاڕی سیاسەت باس لە دووبەرە دەکرێت، بەرەی حزبەکان و خەڵك، لەگەڵ بەرەی پارتی و دەسەڵات، ئێوە لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

ڕێبەر ئەحمەد: من ساڵانێکە مامۆستا محەمەد ڕەئووف دەناسم، هەموو کات لە هەر پۆستێکی حزبی و سیاسی و ئیداریشدا بووبێت، زۆر کوردانە و بە لۆژیکانە کاری کردووە، ئەو ڕاشکاوییەشی کە لێرەدا قسەی پێکرد، من دڵنیام لە پەرۆشی بۆ ئەم ئەزموونە و بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام ئاساییشە لە هەندێك بۆچوونیشدا لێك جیاواز بین. ئەوەی بەڕێزیان ئاماژەی پێکرد کە لە هەرێمی کوردستان دوو بەرە دروست بووە «بەرەی خەڵك و بەرەی پارتی» من لەگەڵی هاوڕا نیم. لەبەر ئەوەی پارتی بەرەی خەڵکە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دەکات، ئەوی دیکە بەرەیەکی بچووك پەیدا بووە، کە دژی خوێنی شەهیدان و خەبات و تیکۆشانی خەڵکی کوردستانە، ئەم گرووپە بچووکە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان ناکات. بەڵکو ئەو ئەو بەرەیەی هەوڵ دەدات، سەربەخۆیی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات و مافەکانی خەڵکی کوردستان داکۆکی لەسەر بکات، ئەوە پارتی ڕابەرایەتیی ئەو بەرەیە دەکات.

ئەوەی لە سۆشیال میدیا و بازاڕی

سیاسەتی زۆنێکی دیاریکراو ناوی لێ نراوە بەرەی خەڵك، ئەوانە یاری بە نەهامەتییەکانی خەڵك دەکەن و دوورن لە خەڵك، ئەوانە گرووپێك حزبی دیاریکراون، بە ناوی خەڵك و پیرۆزیی ناوی مامۆستا و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە هەموومان دەزانین چ لایەنێك ئەم قەیرانانەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، دێن یاری بە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن.

بەشی هەرە زۆری پسپۆڕ و یاساناس و دەستەبژێری نیشتمانپەروەری کوردستان دەڵێن، دادگای فیدراڵی زیادەڕۆیی دەکات لە دەسەڵاتەکانی دژی هەرێمی کوردستان، باشە ئێمەش دەڵێین وایە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کێن ئەو کەس و لایەنانەی کە چەکوشەکەیان داوەتە دەستی دادگای فیدراڵیی بەغدا بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە دژی هەرێمی کوردستان دەربکات؟ بێگومان حزبێکی دەسەڵات کە هاوبەشە لەگەڵ پارتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەچێت سکاڵا دەکات بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری تێدا بکرێت و کورسیی کۆتاکان دابەش بکرێن، یان نەمێنن. بەداخەوە سەرۆکی ئەو حزبە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت: چۆن بچمە ناو هەڵبژاردنێکەوە و ١١ بە هیچ دەست پێبکەم؟

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، ئەو پەرتەوازییە سیاسییەی ئێستا لە کوردستان هەیە، گەورەترین ئالنگاری و مەترسییە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و، گەورەترین هەڕەشەشە کە ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانیی ئێمە دەبێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە چەند ڕاستییەك بکەم. بڕوا بکەن، دەسەڵاتدارانی ئێستای بەغدا، هەرگیز بوێری ئەوەیان نەدەبوو هەنگاوێکی لەو جۆرە بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەڵبگرن، ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستانەوە نەچێت سکاڵا بکات و چەکوشەکە بداتە دەستی دادگای فیدراڵی.

ئەم پەرتەوازە سیاسییە بەداخەوە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانیان یەکسان کردووە بە مووچە، من وەك وەزیری ناوخۆ ئەو کاتەی پەرلەمان کارا بوو، بانگهێشت کرابووم، لەوێ پرسیاریان لێکردم لەسەر هەندێك پرس و بابەت کە یەکێکیان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بوو. لەوێ پێم گوتن: ئەگەر کێشەی ئێمە مووچە بوایە و ئێمە لە پێناوی مووچە خەباتمان بکردایە، ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق چەندینی ئەوەی ئێستا بوودجە و مووچەیان بە ئێمە دەدا. هەر بۆیە خەباتی ئێمە بۆ ئامانجێکی زۆر گەورەیە و لە پێناوی ئەو ئامانجە گەورەیە خەڵکی کوردستان خەباتی کردووە و قوربانی داوە، کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە.

بۆیە دووپاتی دەکەمەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی گەورەیە، نەك لەبەر ئەوەی قەوارەی گەورەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی گەورەن. پارتی پێشڕەوی ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانە لە پێناوی ئەم ئامانجە سەرکردە و پێشمەرگەی خۆی کردووەتە قوربانی و ئەم هەرێمی کوردستانەی ئێستا هەمانە، بەشێکی بچووکی ئەو ئامانجەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا خەبات دەکات و بە سەرەتای گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەی دەزانێت، کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەوەی جێگەی مەترسییە و ئالنگارییەکی گەورەشە، ئەوەیە کە هاوبەشە سەرەکییەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوی دابینکردنی مووچە و هاتنی مووچە ڕاستەوخۆ لە بەغداوە، خەریکە تەواوی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. من لەناو ئەم کۆڕەدا بە ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنم و بەرپرسیشم لەو قسانەی دەیکەم. ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئەرکی ئێمە بووە هەموویمان لە بەرانبەر بەغدا جێبەجێ کردووە و، هەموو لیستەکانیشمان ناردووە، بەڵام ئەگەر عێراق توانی وەك پێویست مووچە و بودجە بداتە هەرێمی کوردستان، ئێوە دواتر گلەیی لە ئێمە بکەن، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر سەیری پرسی نەوت بکەین، کە پێشتر دەیانگوت دەبێت نەوت ڕادەستی بەغدا بکرێت، ئێستا هەموو نەوتەکە ڕادەستی بەغدا نەکراوە، بەڵام بە ئەنقەست هەناردەکردنی نەوتیان ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان هەڵوەشێنن.

**ڕێبەر ئەحمەد:**

**خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، واتە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە، لەناو هەرێمیکدا خۆمان بەڕێوەبەرین، یان مانگانە چاوەڕێ بین مووچەیەکمان بۆ بنێرن**

**ڕێبەر ئەحمەد:**

**ئەوەی لە سۆشیال میدیا و بازاڕی سیاسەتی زۆنێکی دیاریکراو ناوی لێ نراوە بەرەی خەڵک، ئەوانە یاری بە نەهامەتییەکانی خەڵک دەکەن و دوورن لە خەڵک**

**ڕێبەر ئەحمەد:**

**ئەگەر کێشەی ئێمە مووچە بوایە و ئێمە لە پێناوی مووچە خەباتمان بکردایە، ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق چەندینی ئەوەی ئێستا بوودجە و مووچەیان بە ئێمە دەدا**

بۆیە دووبارە جەخت لەوە دەکەمەوە و دەڵێم، بەداخەوە ئێستا لە کوردستان دووبەرە هەیە، بەرەی کوردایەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکات و زۆرینەی خەڵکی کوردستانی لەگەڵدایە، بەرەیەکی بچووکیش بە ناوی چین و تویژی جیاوازی کوردستانەوە بانگەشە و قسە دەکەن، کە بەرەی خیانەت و خۆفرۆشییە، هەموو پرسە نیشتمانییەکانیان یەکسان کردووە بە مووچە و ئامانجیان ئەوەیە پرسە نەتەوەییەکان لەبەر چاوی خەڵك كاڵ بکەنەوە.

**● حزبە سیاسییەکان**
**ئامانجە گەورەکانیان دابەش کردووە**

بازنەی گفتوگۆ: **ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە کە ئامانجە نیشتمانییەکان لای حزبە سیاسییەکان لە سۆنگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە پێناسە دەکرێن. ئایا بە بۆچوونی تۆ چۆن تێڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئامانجە گەورەکان دێتە ئاراوە؟**

محەمەد ڕەئووف: حزبە سیاسییەکان هەر یەکەیان هەڵگری ئایدیۆلۆژیەتێکی جیاوازن، هەر بۆیە ئەم ئایدیۆلۆژییە جیاوازانە بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر ئامانجەکان دروست کردووە و، دەردی کوشندەی حزبە سیاسییەکانیش ئەوەیە کە ئامانجە نیشتمانییەکان دابەش دەکەن.

لە دوای ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کە دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتنە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، ئیدی ئامانجی هەموو حزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی تەسلیم بەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە کرا و، لە کابینەی پێنجەمدا هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداری پێکرا و منیش لەو کابینەیەدا وەك وەزیر نوێنەرایەتی حزبێکی سیاسیم دەکرد، لەناو ئەو کابینەیەدا هەموو لایەنە سیاسییەکان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەبات.

من کە وەزیر بووم ڕۆژانە دوو کاتژمێر دوای دەوام دەمامەوە و کارم دەکرد، هەموو ڕۆژانێکی هەینیش میوانی بارزگانی و ئابووری هەبوایە لە وەزارەت دەوامم دەکرد. ڕاشکاوانەتر هەر بە گیانی پێشمەرگایەتیی سەردەمی شاخ، کارمان دەکرد، بەڵام دواتر کە وردە وردە نێوانی پارتی و یەکێتی تێکدەچێت و بارودۆخێکی پۆپۆلیستیی ترسناك دێتە ئاراوە و بازاڕێك دروست دەکات، هەر کەسێ هەڵدەستێ قسەی بێ بنەما دەکات، بەڵام سەبارەت بە بوودجە و مووچە، ئەمەیان قووتی خەڵکە و خەڵك بژێوی ڕۆژانەی خۆی پێ دابین دەکات. لە ساڵی ٢٠١٤وە کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و پاشانیش نرخی نەوت دابەزی، دەبێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێین، کە خەڵکی کوردستان سەبری کردووە و خاوەنی هەڵوێست بووە، ئێستاش کە خەڵك تووڕەیە باسەکە باسی نەبوونی مووچەیە.

لەسەر ئەم بوودجەیە لە بەغداوە بڕیارێك دراوە، کە من دڵنیام و ئاشکراشە کە ئەمەش پیلانێکی دیکەیە دژی هەرێمی کوردستان، لەناو ئەم پلانەشدا پلانێك هەیە بۆ ئەوەی وردە وردە هەموو دەرگاکانی ئومێدمان لێ دابخرێت، لێرەدا بە ڕاشکاوانە دەیڵێم، بەمەشەوە بوەستێت هەر باشە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، عێراق وەك دەوڵەت بە دامەزراوە هەڵناسووڕێت بەڵکو هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەڵیدەسووڕێنێت، کارەکتەری دەرەکی هەڵیدەسووڕێنێت، نەك کاراکتەری ڕاستەقینەی خۆی، ئەمەش وەك تەختەیەکی شەترەنجە، ئەوەی کاراکتەرەکانی سەر ئەو تەختەیە دەجووڵێنێت یاریزانەکە نییە، بەڵکو دەستی دەرەکییە، بۆیە ئەوەی لەم ساتە ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، لە ئێمە بەهێزترە، ئەمە وا دەکات، جارێکی دیکە جەخت لەوە بکەمەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك کاك ڕێبەریش ئاماژەی پێ کرد، حزبی دایك و حزبی خەڵکە، کەواتە دەبێت دەستی شکستە بخرێتە گەردن و، بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت. ئەمەیە وا دەکات، کە پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان دیدوتێڕوانین و ئاراستەیەکی نوێ بۆ سیاسەت بگرێتە بەر و، سیاسەتی داهاتووی جیاواز بێت لە قۆناغەکانی دیکەی، ئەم ئاراستە تازەیەش گرنگە لە ئێستاوە ڕەنگڕێژی بۆ بکرێت.

ئێمە نازانین بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی

**محەمەد ڕەئووف:**

**پێگە و دەسەڵاتی هەرێم گەیشتە ئەو ئاستەی کە زیاتر گوێیان لە هەرێم دەگرت، تا لە بەغدا، بەڵام بە داخەوە لەم ساتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، وا نییە**

**محەمەد ڕەئووف:**

**ئەگەر هەر یەک لە دوو پارتە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) تەواوی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بباتەوە، دەبێت پێکەوە دابنیشن گفتوگۆ بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم دوو هێزە هەتا ئەم ساتەش خاوەنی «هێز، پارە، دەسەلاتن»**

**محەمەد ڕەئووف:**

**هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و دەستوور ددانی پێدا ناوە، بۆ یە کەس ناتوانێت لە دەستی ئێمەی بکاتەوە**

داهاتوو چۆن دەبێت، بەڵام کار زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت، هاوکێشەکانی ناو هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت، کار لەسەر ئەوە دەکرێت ژمارەی کورسییەکانی پارتی و یەکێتی چەند بن، لەسەر ئەم بنەمایە من لەو بڕوایەدام بەغدا زۆر بە پلان سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنە دەکات و، هەر ئەم هۆکارەش بوو وایان کرد بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی خۆیان سەرپەرشتیی ئەم هەڵبژاردنە بکەن و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیان پەکخست.

ئێمە گومانمان لەوە نییە کە بەغدا بەرانبەر هەرێمی کوردستان نەخشەیەکی پلانگێڕی هەیە، ئەوان لەسەر ئەو نەخشەیە دیارییان کردووە، لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانی داهاتوو چۆن بێت و چ حکومەتێك لە دایك بێت. بۆیە مادام ئێمە ئەم ڕاستییانەمان لەبەر چاوە، دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستانیش دیدوبۆچوون و نەخشەڕێگەیەکی هەبێت بۆ ئایندە، ئەمە بەوە ناکرێت، بڵێین بەرەیەك بەرگری لە مافەکانی خەڵك دەکات و بەرەیەکیش دژی مافی خەڵك و نەتەوەیە. بۆیە کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان داوای گفتوگۆ دەکات، گرنگە نەرمتر و گەشبینتر قسە بکرێت. لە کوردستاندا واقیعێك هەیە، ئەگەر هەر یەك لە دوو پارتە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) تەواوی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بباتەوە، دەبێت پێکەوە دابنیشن گفتوگۆ بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم دوو هێزە هەتا ئەم ساتەش خاوەنی «هێز، پارە، دەسەلاتن»، ئەمەش وادەکات کە بە قۆناغێکی دیکەی گفتوگۆ پرسەکان یەکلایی بکرێنەوە.

**● ئەگەر هەموومان یەك هەڵوێست بین بەغدا ناتوانێت بەو جۆرە دژایەتیمان بکات**

**بازنەی گفتوگۆ: مامۆستا محەمەد ڕەئووف ئاماژەی بەوە کرد، لە ئێستادا ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان دەبنەوە، لە هەرێمی کوردستان بەهێزترن، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێن و میکانیزمی گونجاوی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ئالنگارییانە ببێتەوە؟**

ڕێبەر ئەحمەد: پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، کە پەرتەوازەیی سیاسیی دوو بەرەی لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە حزبی خەڵکە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان دەکات، ئەو بەرەی دیکە کە بە خیانەت و خۆفرۆش وەسفم کردن، ئەوانە بەشێکی کەمی کۆمەڵگەی کوردستانن و بە ئاراستەیەکی سیاسیی دیاریکراو ئاراستە دەکرێن. قەناعەتی ڕەهاشم بەو جۆرەیە کە هەموو خەڵکی کوردستان بەرگری لە هەرێمی کوردستان دەکات و، ئەگەر سەرنجیش لە ڕاگەیاندنەکان بدەین، دەبینین خەڵکی زۆر سادە کاتێك قسە دەکات، زۆر لۆژیکانە وەڵامی هەموو ئەو هەنگاو و بڕیارە دوژمنکارانەیە دەداتەوە کە لە بەغداوە دژی هەرێمی کوردستان گیراونەتەبەر. کرێکار هەیە، نە مووچەی هەیە و نە هیچ بەرژەوەندییەکیشی هەیە، دێت دەڵێت: «لەم وڵاتە هەلی کار هەیە، ئەگەر مووچەشمان بۆ نەنێرن، نابێت پەنا بۆ بەغدا بەرین». بەڵام حزبی سیاسیش هەیە، بۆ شکاندنی شکۆی هەرێمی کوردستان پەنا بۆ بەغدا دەبات، بەغداش ئەمە بە فرسەت دەزانێت، شکۆی هەرێمی کوردستان بچووك بکاتەوە.

لێرە ڕاشکاوانە پێتان دەڵێم، ئێمە وەك شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چووینە بەغدا و پێمان گوتن: «ئێوە بۆچی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن؟» لە وەڵامدا پێیان گوتین: «هاوبەشە سیاسییەکەی خۆتان هاتووە شکاتی کردووە». بۆیە ئەمەیە کێشە گەورەکەی ئێمە. پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، ئەو ئالنگارییانەی ئێوە لە بازنەی گفتوگۆ هەڵوەستەتان لەسەر کردووە، ڕاستە هەموویان ئالنگارین، بەڵام هەندێك لەو ئالنگارییانە دەکرێت چارەسەر بکرێن و نەهێڵدرێن، بەڵام کاتێك پەرتەوازەیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ئەو ئاستەی ڕێز لە شکۆی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان نەگیرێت، ئەمە دەبێتە گەورەترین و مەترسیدارترین ئالنگاری لەسەر هەرێمی کوردستان.

لێرەدا لەبەر دەمی هەموو ئەم بەڕێزانەی لێرە ئامادەن، جارێکی دیکە دووبارەی

ڕێبەر ئەحمەد:

**پارتی پێشڕەوی ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانە لە پێناوی ئەم ئامانجە سەرکردە و پێشمەرگەی خۆی کردووەتە قوربانی و ئەم هەرێمی کوردستانەی ئێستا هەمانە، بەشێکی بچووکی ئەو ئامانجەیە**

ڕێبەر ئەحمەد:

**هاوبەشە سەرەکییەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوی دابینکردنی مووچە و هاتنی مووچە ڕاستەوخۆ لە بەغداوە، خەریکە تەواوی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخەنە ژێر پرسیارەوە**

ڕێبەر ئەحمەد:

**ئێستا هەموو نەوتەکە ڕادەستی بەغدا نەکراوە، بەڵام بە ئەنقەست هەناردەکردنی نەوتیان ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان هەڵوەشێنن**



دەکەمەوە، ئەگەر ئەو لایەنە سیاسییانەی هانایان بۆ بەغدا بردووە، تەنیا بۆ ماوەی یەك مانگ یەك هەڵوێست بن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەغدا ناتوانێت بەمجۆرە رەفتار بکات و تەنانەت دادگای فیدراڵیش لە بریارەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا دادگا دەڵێت فلان کەس و لایەن هاتوون و پێم دەڵێن، سێ مانگە مووچەم وەرنەگرتووە، بەشێوەیەکیش پرسەکەیان تێگەیاندوون، لە هەرێم پارە هەیە و حکومەت مووچە نادات. ئەمە زۆر جێگەی داخە، ئایا لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیا هەبووە سەرۆکی حکومەتێك حەز بکات، خەڵك لێی نارازی بێت؟

بابەتی مووچەی هەرێمی کوردستانیش، دیسان هەر چەند کەسێکی باڵادەست سەر بە لایەنێکی دیارکراو کە لە بەغدا پۆستیان هەبوو، دەستیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا تێکەڵ کرد، بۆ ئەوەی کێشە بۆ بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن. ئەم پرسە لە کابینەی حەوتەم و هەشتەمەوە دەستی پێکراوە، پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان نەوتیش هەناردەی دەرەوە بکات، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەوەی وای کرد، بەغدا بوێریی ئەوە بکات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی هەرێمی کوردستان، هاوبەشە سیاسییەکەی خۆمانە کە لە حکومەتدا هاوبەشمانە.

لە کابینەی نۆیەمدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوە بوو، بە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا کێشەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێت. ئەوە بوو رۆژی سێیەمی دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە، هەموو پێکەوە چووینە بەغدا، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین. لەم گفتوگۆیانە زۆر رێزیان گرتین و پەیمانێکی زۆر بەهێزیان پێداین لەبەر ئەوەی یەکگرتوو بووین.

بەڵام بەداخەوە هەر لەگەڵ گەڕانەوەمان لە بەغدا، لایەنێکی سیاسیی هاوبەش و هاوپەیمانمان لە کابینەی نۆیەم، دەستی کرد بە پیلانگێری دژی کابینەکە، ئەم ئاراستەیە درێژەی هەبوو، هەتا گەیشتە ئەوەی پرۆژە یاسای بوودجە بۆ ساڵانی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) بشێوێنن کە بە رێککەوتن بەرێزان

**محەمەد ڕەئووف:**

**لە ئێستادا عێراق، نە دەوڵەتی دامەزراوەکانە، نە سەقامگیریی سیاسی و ئابووریشی تێدایە و، هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئاراستەی دەکات. بۆیە بۆی هەیە، هەموو ساتێک ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو لە عێراقدا ڕوو بدات. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دیکە، عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان شووڵی لێ هەڵکێشاوە. دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی ڕەهای پێ دراوە**

**محەمەد ڕەئووف:**

**من کە وەزیر بووم ڕۆژانە دوو کاتژمێر دوای دەوام دەمامەوە و کارم دەکرد، هەموو ڕۆژانێکی هەینیش میوانی بازرگانی و ئابووری هەبوایە لە وەزارەت دەوامم دەکرد**

کاک مسرور بارزانی و محەمەد شیاع سوودانی لەسەری ڕێک کەوتبوون. ئەوان چوون لە پەرلەمان کارێکیان کرد و داوایان کرد، دەبێت مووچە ڕاستەوخۆ بدرێت بە هەر پارێزگایەک لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای کرد و بەغدایان فێر کرد دەستوەردان لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بیر لەوە بکەنەوە، چیتر ماوە لە هەرێمی کوردستان دەستی بۆ بەرن. دەرهاویشتەی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی بە ناردنی مووچە ڕاستەوخۆ لە بەغداوە، هەموو دەسەڵاتەکانی تێکەڵ کردووە و دژی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدەن.

### ● سیاسەتی پۆپۆلیستی سەری لە حکومەت و حزبەکانیش شێواندووە

بازنەی گفتوگۆ: **وێڕای ئەوەی زۆرتر ئاراستەی ئەم پانێڵە لەسەر ئالنگاریی و مەترسییەکانی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام لە بەرانبەریشدا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی خاڵی بەهێزی خۆی هەیە. ئایا خاڵە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان بە تێڕوانینی ئێوە چین؟**

محەمەد ڕەئووف: پێش ئەوەی بێمە سەر خاڵە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان، مەبەستم بوو لە قسەکانی پێشتر ئاماژەی پێ بکەم، بەڵام لە بیرم نەبوو، ئەویش ئەوەیە کە شتێك زۆر ئازارم دەدات، ئەو حاڵەتە پۆپۆلیستییە بێماناییانەیە کە لە کوردستان بوونی هەیە و فەزای سیاسیی ئێمەی داگیر کردووە. ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ماوەی ١٠-١٢ ساڵە زۆر بە خستی ئێمەی گرتووە و سەری لە هەموو حزبەکان شێواندووە و، حکومەت و خەڵکیشی تووشی شۆك کردووە. بۆیە من پێشنیار دەکەم، بۆ ئەوانەی خاوەنی قەڵەم و هزری ڕۆشنن و کەسانی خاوەن پرانسیپن و ئامانجی گەورەیان لەم کوردستانە هەیە، دەبێت بەرانبەر ئەم دیاردە پۆپۆلیستییە دەستەوەستان نەبن و کاری لەسەر بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پۆپۆلیستەکان ئامانجیان نییە و شتی بچووک زۆر گەورە دەکەن و دەنگی پێ کۆ دەکەنەوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر خاڵە بەهێزەکانمان و ئێمە تا ئێستا دەتوانین دەستیان پێوە بگرین، بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەم:

● هیچ کەسێك ناتوانێت مێژوو و نەتەوە و خاکمان داگیر بکات.

● هیچ کەس ناتوانێت ئەو مافانەمان لێ زەوت بکات، کە لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراون.

● هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و دەستوور دانی پێدا ناوە، بۆیە کەس ناتوانێت لە دەستی ئێمەی بکاتەوە.

● ئەگەر خوانەخواستە نیازێکی لەو جۆرە هاتە پێشەوە کە ئەو مافانەمان زەوت بکەن، ئەوا شەرعیەتی هەموو بەرگرییەکمان هەیە و، دەستەوەستان دانانیشین، بەڵام کەمتەرخەمیی لە خۆشمان هەبووە کە ناکرێت ئەم کەمتەرخەمییە بەردەوامی هەبێت وەك:

- دەستوور سێ بەشە بریتین لە:

١. بەشێکی دەسەڵاتی حەسرییە، ئەم دەسەڵاتە تایبەتە بە حکومەتی فیدراڵی.

٢. بەشێکی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکانە، کە لەمەیاندا ماف دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکان، نەك حکومەتی فیدراڵی.

٣. بەشێکی دەسەڵاتی هەرێمەکانە، ئەمەش واتە دەسەڵاتی خودی هەرێمەکانە و حکومەتی فیدراڵی ناتوانێت پێشێلیان بکات.

ئەو کەمتەرخەمییەی ئێمە کردوومانە، ماوەی زیاتر لە ١٧-١٨ ساڵە ئەم دەستوورە پەسەند کراوە و زیاتر لە ٥٤ یاسا هەیە، دەبێت بەو دەستوورە ڕێك بخرێن، دەستی لێ نەدراوە و کەسیش قسە ناکات.

### ● بیروباوەڕمان خاڵی بەهێزی ئێمەیە و پاشەکشە لە ئامانجەکانمان ناکەین

بازنەی گفتوگۆ: **وەك ئاماژەی پێکرا، هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك خاڵی بەهێزی هەیە و ئەمەش یەکەمین قەیران نییە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و پێشتر چەندین قەیرانی دیکەمان تێپەڕاندووە. ئایا تا چەند گەشبینی ئەم ئالنگارییانەش تێپەڕێنین؟**



ڕێبەر ئەحمەد: من هاوڕام لەگەڵ ئەو خاڵە بەهێزانەی جەنابی مامۆستا ئاماژەی پێ کردن، بەڵام بەهێزترین خاڵ کە لە هەموویان بە گرنگتری دەزانم، بیروباوەڕی ئێمەیە و، ئێمە پاشکەشە لە بیروباوەڕی خۆمان ناکەین. لەپشت ئەم بیروباوەڕە بەهێزەوە، ئیرادەیەکی بەهێز هەیە، ڕابەرایەتیی ئەم هەرێمە دەکات، کە خۆی لە ئیرادە و لۆژیکی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانیدا دەبینێتەوە، بۆیە لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو تەنگژانەش ڕزگار دەبین و تێیان دەپەڕینین. ئێمە گەشبینین و، ناکرێت بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە بکرێت، کە گوشارێکی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و بەغدا داشی سوارە.

پێشتر ئاماژەم پێکرد و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر ئەو هێزە ناوخۆییانەی خۆمان نەبن کە بۆ هەموو شت پەنا بۆ بەغدا دەبەن، بڕواتان بێت، نەك بەغدا، ئەوەی لە پشتی بەغداشە ناتوانن کاریگەری لە ئیرادەی ئێمە بکەن. وەك بینیتان مووشەکبارانکردنی هەولێر بە مووشەکی بالیستی گەیشتە لووتکەی فشارەکان، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، پێشتر چەندین کارتی گوشاریان بەکار هێنابوو وەك «ڕاگرتنی نەوت، ڕاگرتنی بوودجە و مووچە، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، فشاری میلیشیاکان لە ڕووی سەربازی و ئاسایشەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان»، هەموو ئەم گوشارانە کاریگەرییان نەبوو، بۆیە پەنایان برد بۆ مووشەکی بالیستی. بەڵام دوای مووشەکی بالیستیش بیروباوەڕمان لە جاران بەهێزترە. دڵنیا بن، ئەم هەرێمە پارێزراو دەبێت، چونکە خاوەنی هەیە، خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم هەرێمە خوێنی شەهیدانە و، ئێمەش هەموومان خۆمان بە پێشمەرگە دەزانین بۆ ئەو کاتانەی ئەگەر خوانەخواستە پێویستی کرد.

باس لە هەڵبژاردنی داهاتوو و هەوڵەکان بۆ گۆڕینی هاوکێشەی هێز کرا لە کوردستاندا، لە دەستپێکدا گوتم «پارتی حزبی خەڵکە»، بۆیە هەموو لایەك دڵنیا دەکەمەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە و ئەوەی دوای ئەویش دەکرێت، هەر لیستی یەکەم دەبێت و هەر بە هێزی یەکەمیش دەمێنێتەوە.

**د. کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی**
مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی خاوەنی دیدێکی ئیسلامیی ڕەسەن و نیشتمانپەروەرانە بوو کە هەموو ئایین و ئایینزاکانی پێکەوە کۆکردبووەوە

## پێویستە بەردەوام دوور لە بیروبۆچوونی توندوتیژی و پەڕگیری، ڕاڤەی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) بکرێت

**هەمەڕەنگی و پێکەوەژیانی ئایینی لە ناو گەلی کوردستاندا مێژوویەکی زەنگینی هەیە و، زانا و مامۆستایانی ئایینی و سەرکردەکانی کورد هزر و دیدێکی ڕەسەنایەتییان بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نیشتمانپەروەری هەبووە. گۆڤاری گوڵان لەسەر پرسی پێکەوەژیانی ئایینی دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* بەو پێیەی تێزی دکتۆراکەت لەسەر هەمەڕەنگی ئایینی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینەکان بووە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێت سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە ئێمە وەکو گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانێتین و دەوڵەمەندین بە پێکەوەژیانی ئایینی، ئەی بۆچی ئەو مێژووە دەوڵەمەندە فەرامۆش کراوە و لە بری ئەوە مێژوویەکی عەرەبی زیندوو دەکرێتەوە؟

- مێژووی هەمەڕەنگی و پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بۆ سەردەمی پێغەمبەر نوح دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کەشتییەکەی لەنگەری گرت لە چیای جوودی لە کوردستانی باکوور، کاتێك داوای لە خودای گەورە کرد، کەشتییەکەی لەنگەر بگرێت لە جێگەیەکی موبارەك، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە «وَقُل رِبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ». لەو سەردەمەوە هەرێمی

کوردستان بووە ناوچە و پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر و باوەشی بۆ هەموو لێقەوماو و زوڵملێکراوێك کردەوە. باوەشکردنەوەی کوردستان بۆ هەموو ئایین و نەتەوە و لێقەوماوەکان بووە مێژوویەکی زۆر زەنگین، خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، دەبینین لە ٥٠٠ ساڵی پێش زایین کاتێك نەبوخوزنەسر جووەکانی کۆیلە کرد و لە ئۆرشەلیم هێنایانی بۆ بابل، بەشێکیانی هێنایە چیاکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەم ناوچە سەختەدا نەتوانن ڕابکەن. ئالێرەوە جووەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەگەڵ کوردەکان تێکەڵاو بوون، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین، کاتێك کە کورشی هەخامەنشی دەوڵەتی بابلی ڕووخاند، بەڵێنی دا، هەموو جووەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئۆرشەلیم، بەڵام بەشێك لەو جووانە نەچوونەوە و لەکوردستان مانەوە، لێرە مانەوە و تا لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بوو، ئەو کات ڕۆیشتنەوە، کاتێکیش لە سەدەی یەکی زاینی ئایینی مەسیحی بڵاو بووەوە، دووان لە موژدەبەرەکان هاتنە حدیابی، کە ئەو سەردەمە شانشینێکی کۆنی باشووری کوردستان بوو، کە دەکەوێتە باکووری هەرێمی دێرینی میزۆپۆتامیا کە هەولێری ئێستا دەکات. ئەم موژدەبەرانە لە قەڵای هەولێرەوە ئایینی مەسیحییان لە ناوچەکە بڵاو کردەوە. دواتر ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە دەڤەرەکە هەمووان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، وەکو سائیبەی مەندائی کە لە سەردەمی دێرینەوە ئازار دراون، بەشێکی زۆریان ڕوویان لە ناوچەکانی کوردستان کردووە. مێژوو لە ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە بووەوە و هەمدیسان سائیبەی مەندائی لە ترسی کوشتنیان لە پارێزگای بەسرا و بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی خوارووی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە و، سەرۆك وەزیرانی هەرێم ئەوکاتە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دوو خانووی بۆ دابین کردن، وەکو پەرستگەی مەندی و ئەوی دیکەیان بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری ڕۆژانەیان، ئەمە و ئایینی بەهائی کە لە ناو ئێران دەرچوو، لە ئێستادا پەیڕوانی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، سەرچاوە بەهائییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێك دامەزرێنەری ئایینەکە بەهائوڵا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات، لەلایەن شێخ عوسمانی بیارە و شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندییەوە ڕێزێکی زۆری لێ نراوە، تەنانەت خودی بەهائوڵا لە یەکێك لە نووسراوەکانی خۆیدا دەڵێت: «خۆشترین ڕۆژانی ژیانم ئەو دوو ساڵە بوو کە لە کوردستان ژیام..». ئایینەکانی دیکەی ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی کە بەشێکی ڕەسەنی پێکهاتەی گەلی کورد و تێکەڵاوی ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانمان بوون، لەسەردەمی هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا بەهەمان شێوە ڕێزێکی زۆر لەو ئایینە نراوە و کورد ڕۆڵی سەرەکی لە شارستانیەتی ئیسلامی گێڕاوە. لە سەردەمی خارەزمییەکان کاتێك لێیان دەقەومێت، لە ژێر فشاری مەغۆلەکان ڕاستەوخۆ ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.



هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێن خاکیترین و بەڕێزترین و مرۆڤدۆسترین نەتەوە نەتەوەی کوردە، چونکە خۆی لە هەموو سەردەمێکدا قوربانی بووە و زوڵمی لێکراوە، بۆیە لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر نزیك بووە لە ئازار و مەینەتییەکانی لێقەوماوەکان و هەرگیز پەلاماری هیچ خاك و نەتەوەیەکی دیکەی نەداوە. بەداخەوە منیش لەگەڵ ئێوە هاوڕام کە ئەم مێژووە دەوڵەمەندەی هەمەڕەنگی و پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان فەرامۆش کراوە و وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، ئەگەرچی سەرکردەکانی کورد، بەتایبەتی مەلا مستەفا بارزانی ئەم ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتووری کوردی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە، بەتایبەتی لە ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانیش بە یاسا و بڕیاری جیاواز ڕێز لە مافی پێکهاتەکان گیراوە، تا لە دەرکردنی یاسای ژمارە ٥ لە ساڵی ٢٠١٥ گەیشتە لووتکە.

*** ئایا مێژوو و نەریت و شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام تاچەند هۆکار بووە، بەوەی زانا و مامۆستای ئایینی و سەرکردەکانی کوردیش لە مێژوودا بۆ پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕن؟**

- لە ناو مێژووی ئیسلامدا چەندان زانا و مامۆستای ئایینی گەورەی کورد هەن، وەکو شێخ سەڵاحی شارەزووری و ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆران و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەیان زانای دیکەمان لە بواری فیقهی و ئوسووڵی و تەفسیر و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د خ) هەیە، بە هەمان شێوە زۆربەی سەرکردەکانی کوردیش دەرچووی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانن و شارەزاییەکی باشیان لە زانستی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبووە، ئەوەتا کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ ئەحمەد بارزانی و قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی ئەمانە هەمووی مەلا و زانا بوون و لە بواری شەریعەتی ئیسلامی بلیمەت بوون و نیشتمانپەروەری و بەرزیی هزری نەتەوەییشیان بەشێکی زۆری لە ئایینەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە باکگراوەندە ئیسلامی و مێژووە نەتەوەیی و دڵسۆزییەکەیان بۆ خاکەکەیان، نموونەی پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئەو پێکەوەژیانە ئایینییە بوون، کە کوردستانی پێ ناسراوە و خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) بانگەشەی بۆ کردووە .

*** زۆربەی زانایان و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تەنانەت پیاوانی ئایینی و ئایینزاکانی دیکەش لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی کۆ بوونەتەوە و عیبادەت و نیشتمانپەروەری و هزری نەتەوەییان لە خزمەتی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیاندا بووە، ئایا تاچەند لەم ڕۆژگارەدا توانراوە ئەو ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بپارێزرێت؟**

- نزیکبوونەوە و کۆبوونەوەی زانای ئیسلامی و مامۆستا و ئەهلی مزگەوت و تەکیە لە دەوری بارزانی و پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ئەیلوول، بۆ ئەو هزر و بیروباوەڕ و ڕەفتارە دەگەڕێتەوە، کە ئەم سەرکردە گەورەیەی کورد پێی ناسراو بوو. کە ڕێزێکی بێپایانی بۆ مامۆستایانی ئایینی ئیسلام و هەموو پێکهاتە ئایینییەکان هەبووە، خۆی نەك تەنیا بە بەشێك لەوان زانیوە، بەڵکو داکۆکیکاریان بووە و ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و داواکاریی خودا و فەرموودەکانی پێغەمبەر و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ نەتەوە، ئاوێتەی هزری مەلا مستەفا بوو. دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەر لەسەر دەستی مەلا مستەفا بووە، تاوەکو مەلا و مامۆستایانی ئایینی خۆیان پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی ئایینەکە بکەن و ڕێگە نەدەن، فکر و دیدی توندوتیژی و دوور لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بهێنرێتە ناو نەتەوەی کوردەوە. دید و هزری مەلا مستەفا بارزانی مرۆڤدۆستانە و نیشتمانپەروەرانە و دژی هەموو زاڵمێك بووە، باوەشی کردەوە بۆ هەمووان و ئامانجی گەیاندنی نەتەوەکەی بوو بۆ کەناری ئارامی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی. لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگەی موسڵمان و

**کاتێک کە کوورشی هەخامەنشی دەوڵەتی بابلی ڕووخاند، بەڵێنی دا، هەموو جووەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئۆرشەلیم، بەڵام بەشێک لەو جووانە نەچوونەوە و لەکوردستان مانەوە**

**مێژوو لە ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە بووەوە و هەمدیسان سائیبەی مەندائی لە ترسی کوشتنیان لە پارێزگای بەسرا و بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی خوارووی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە**

**سەرچاوە بەهائییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێک دامەزرێنەری ئایینەکە بەهائوڵا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات، لەلایەن شێخ عوسمانی بیارە و شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندییەوە ڕێزێکی زۆری لێ نراوە**

**هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێن خاکیترین و بەڕێزترین و مرۆڤدۆسترین نەتەوە نەتەوەی کوردە، چونکە خۆی لە هەموو سەردەمێکدا قوربانی بووە و زوڵمی لێکراوە**

مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و هەموو ئایین و نەتەوەکانی دیکە لە دەوری بارزانی کۆببوونەوە و دژی زاڵم و چەوسانەوە خەباتیان دەکرد. مەلا مستەفا بارزانی وەکو موسڵمانێکی ڕەسەن و نیشتمانپەروەر و بە دید و هزرێکی مرۆڤدۆستی هەموو ئایینزاکانی پێکەوە کۆکردبووەوە. ئەو سەرکردەیە لەسەر ئەرمەن و ئێزدییەکانی کردووەتەوە، کاتێك مەلا مستەفا نەخۆش دەکەوێت و لە ئەمریکا لە مۆڵێك لەگەڵ موحسین دزەیی دەبێت، پیاوێکی ئەرمەن کاتێك دەزانێت ئەوە مەلا مستەفایە، باوەشی پێدا دەکات و دەڵێت تۆ باوك و دایکمت لە کۆمەڵکوژی ڕزگار کرد. مەلا مستەفا بارزانی تەنیا هەر سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ نەبووە، بەڵکو چاکسازیخوازێکی گەورەش بووە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و مافی بۆ ئافرەتان گەڕاندووەتەوە و گەورە بە بچووك و بەشوودانی سەر لانکە و پێدانی ئافرەت لەبری خوێن و شیربایی و ژنبەژنی نەهێشتووە و، پاراستنی ژینگە و ڕێزگرتن لە هەموو ئایین و ئایینزا و پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی بە ئەرکێکی نیشتمانی زانیوە، بۆیە مێژووی ئەم سەرکردەیە دەبێت بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە.

زۆر گرنگە بۆ پتر پایەدارکردنی پێکەوەژیان لە پەروەردەوە دەست پێبکەین لەنێو خێزانەکانەوە و دواتر لە قوتابخانە و ئەوجا لە خوێندنی باڵاوە، دەبێت ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) بکرێت، دوور لە بیروبۆچوونی توندوتیژی کە نامۆیە بە ڕۆحی شەریعەت و بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام.

*** کەواتە پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی دید و بۆچوونی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و فکری نامرۆڤانە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەهێنرێتە ناو گەلەکەمان و، زیان بە پیرۆزیی ئیسلام و ئەو ڕەسەنایەتییەکەی نەگەیەنێت، کە ساڵەهای ساڵە کوردستانی پێ بەناوبانگە؟**

- پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کورد و ڕێزگرتن لە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، هەروەکو ئاماژەمان پێدا کەلتوورە، هەندێك لە سەرکردەکانمان پەرەیان پێ داوە و لە خۆیاندا بەرجەستەیان کردووە. لە مێژووی هاوچەرخماندا کاك مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی کورد و کوردستانییان نموونەیەکی دیاری دەستگرتنە بە کەلتووری پێکەوەژیانەوە، ئەمڕۆ ئەم کەسە کاریزما و ڕێبەرەی کورد، هەموو زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پیاوانی ئایینی مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و تەنانەت سوننە و شیعە و نەتەوە جیاوازەکان ڕێزی زۆری لێ دەگرن، ئەو کۆکەرەوەی هەموو جیاوازییەکانیشە، لەسەر ئاستی جیهانیش پاپای ڤاتیکان و ڕێبەرانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان ڕێزێکی زۆر لەم سەرکردەیە دەگرن. سەرۆك بارزانی لەسەر هزر و دیدی عەقیدەی بارزان و سەرکردە گەورەکانی ئیسلام لەناو کورددا درێژەپێدەری ڕەوتی ئەوانە، دڵنیام ئەم ڕەوتە لە خودی کاك مسرور و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامیی هەیە و درێژەی پێ دەدات و لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات. بۆیە ئەرکی هەمووانە قسە و دید و بۆچوونەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی بکەینە کردار و بە دڵسۆزییەوە جێبەجێی بکەین، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە دوژمنانی کورد و نەیارەکانی ئەم ئەزموونەی کوردستان زۆر بوون و زیان بە پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئارامی و سەقامگیریی خەڵکی کوردستان دەگەیەنن. لە مێژوودا ئەم دژایەتیکردنە زۆرە و ئەم عەقڵییەتی پەراوێزخستن و جینۆساید و ڕەتکردنەوەی کورد هەبووە و بەردەوامیشی هەیە، بەڵام بەردەوام سەرکەوتن بۆ ئەوانەیە کە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست دەڕۆن. دەسەڵاتدارانی عێراق مادام لەسەر ڕەوتی تاکڕەوی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و زوڵم و چەوسانەوە دەڕۆن، هەرگیز سەرکەوتوو نابن، لە قورئانی پیرۆز هاتووە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا * إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ * إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ). بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراق نەیانتوانیوە هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە ئایینییەکان، هەمیش لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکان مامەڵەیەکی سەنگین و سەرکەوتووانە بکەن.

**کاتێک مەلا مستەفا نەخۆش دەکەوێت و لە ئەمریکا لە مۆڵێک لەگەڵ موحسین دزەیی دەبێت، پیاوێکی ئەرمەن کاتێک دەزانێت ئەوە مەلا مستەفایە، باوەشی پێدا دەکات و دەڵێت تۆ باوک و دایکمت لە کۆمەڵکوژی ڕزگار کرد**

**زۆربەی سەرکردەکانی کوردیش دەرچووی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانن و شارەزاییەکی باشیان لە زانستی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبووە**

**ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و داواکاریی خودا و فەرموودەکانی پێغەمبەر و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ نەتەوە، ئاوێتەی هزری مەلا مستەفا بوو**

**لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگەی موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و هەموو ئایین و نەتەوەکانی دیکە لە دەوری بارزانی کۆ ببوونەوە و دژی زاڵم و چەوسانەوە خەباتیان دەکرد**

مونا قەهوەچی
جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان بۆ گولان:

# سەرۆک بارزانی کە مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە، هەمیشە داکۆکیکار و پارێزەری مافی پێکهاتەکان بووە

**دەست لە کارکێشانەوەی دادوەرە کوردەکە لە دادگای فیدراڵی جوامێرانە بووە و پاڵپشتییەکی بەهێز و گەورەی پێکهاتەکانی کوردستانە**

لە ئەنجامی تانە و سکاڵایەکی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لەسەر کورسیی کۆتاکان لە دادگای فیدراڵی، ئەو ١١ کورسییەی کۆتا کە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتەکان هەبوو هەڵوەشایەوە، ئەمەش کاریگەریی مەترسیدار لەسەر پێکەوەژیانی کوردستان دروست دەکات. جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دژایەتیی توندیان لە بەرانبەر بڕیارەکە دەربڕی. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گولان دیدارێکی لەگەڵ خاتوو مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان ئەنجام دا.

# بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکی نادەستووری و نایاسایی و سیاسییە و تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکە حزبێکی کوردستانییە



* بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئێوە وەك نەتەوەیەکی هاوبەش لە کوردستاندا چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگا دەکەن؟

- بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکی نادەستووری و نایاسایی و سیاسییە و تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکە حزبێکی کوردستانییە، چەند ئامانج و ئەجیندەی خراپیشی لە پشتەوەیە، کە دەکرێت بە چەند خاڵ ئاماژەی پێ بکەین:

- یەکەم: پێشێلکردنی مافی تەواوی پێکهاتەکانە .

- دووەم: مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئەو بارودۆخە سەقامگیر و ئاشتییەی کە هەیە و، کاریگەریی زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر تێکدانی ئەو پێکەوەژیانە مێژوویی و لێبووردەییە هەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەیە و قۆناغی دیار و سەرنجڕاکێشی بڕیوە.

- سێیەم: بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی قەوارەیی سیاسیی هەرێمی کوردستانە.

- چوارەم: بڕیارێکە بۆ لاوازکردن و پاشەگەزبوونەوە لە پرۆسەی دیموکراتی.

لەلایەکی دیکەوە ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بە یاسا لەناو دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕێکخراو و جێگیر کراوە. هەموو خەڵک و گەلی عێراق و کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا دەنگیان بە دەستوور داوە، بۆیە کاری دادگای فیدراڵی نییە دەستتێوەردان لەو یاسا و دەستوورەدا بکات، بەڵکو دامەزراوەی یاسادانان دەتوانێت کارو هەموارو بڕیاری لەو جۆرە بدات. هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەك ئەو بڕیارە کارێکی نابەجێ و نەگونجاوە و جێگای قبووڵی هەموو پێکهاتەکان و گەلی کوردستان نییە، تەنیا لایەنێکی وەکو یەکێتی نەبێت، کە بە مەبەستی ململانێی سیاسی و تێکدانی بارودۆخی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و ئەنجامنەدانی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەو تانە و شکایەتەی تۆمار کردووە.

* کەواتە، نەمانی کورسیی پێکهاتەکان چ سوودێك بە یەکێتیی نیشتمانیی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟

- کورسیی کۆتاکان نوێنەرایەتی نەتەوە و پێکهاتەکانی خۆیان دەکەن. هیچ کاتێك بەو تەرازوو و چاوە سەیر ناکرێت، کە زیان، یان سوودی بۆ هیچ لایەن و فراکسیۆنێك هەبێت، دڵنیاشین لەوەی نە یەکێتی و نە هیچ حزب و لایەنێك لەو بڕیارەی دژی پێکهاتەکان دراوە (کە بەلای ئێمەوە دژی پرۆسەی سیاسیی هەموو هەرێمی کوردستانە)، سوودیان پێ ناگات، ئەم جۆرە بڕیارانە کۆتایین و ناتوانرێت تانەی لێ بدرێت، جگە لەوەی کاریگەریی خراپی هەیە و مەترسییەکی گەورە لەسەر پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات و، پرۆسەی دیموکراتی ڕادەگرێت و کۆسپی دەهێنێتە پێش و قەوارەی هەرێمی کوردستانیش کە قەوارەیەکی دەستوورییە کێشە و گرفتی بۆ دروست دەبێت. کورسیی کۆتاکان کە نوێنەری کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و تورکمانە، تەنیا و تەنیا نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی لە پرسە نەتەوەیی و پێکهاتەکانماندا، بەڵام لە پرسە گشتی و چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان، وەکو پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان دەنگمان دەخەینە سەر دەنگی ئەو لایەن و فراکسیۆنانە کە لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت پڕۆژە و یاسای گونجاو و سەرکەوتوو دەربکرێت. ئێمە هەموو کاتێك دەنگ و ڕەنگ و کورسییەکانمان دەخەینە خزمەتی ئەو لایەنەی کە دەیەوێت قەوارە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو و پارێزراو بێت. نەمانی کورسیی کۆتاکان بە هۆی ئەو تانە و دەرچوونی بڕیارەکە، کاریگەریی گەورەی لەسەر پێکهاتەکان دروست کردووە. چونکە ئەو بڕیارە بێبەشکردنە لە هاوبەشیکردنی پێکهاتەکان لە بڕیاردانی تەشریعی، تاکە ڕێگا بوو بۆ نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ و گەیشتنمان بە ماف و بەرژەوەندییەکانمان، هەر بۆیەش خولی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان بە بێ کورسیی کۆتاکان پەرلەمانی کوردە نەك کوردستانی، ئەمەش پاشەکشەکردنە لە پرۆسەی دیموکراتی و ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون. لەناو هەموو لایەن و حزبە کوردستانییەکان تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بووە. هەر جەنابی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە هەڵویستی هەبووە و داکۆکی کردووە لەوەی کە پێکهاتەکان بەشێکی دانەبڕاون لە گەلی کوردستان و نابێت هاووڵاتی دووەم بن لە هەرێمی کوردستان.

*** بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- ئەو حزب و لایەنانەی دژایەتیی پێکهاتەکان دەکەن، زۆر ئاشکرا و دیارن کە لە کاتی درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی دادگەری و یەکگرتووی ئیسلامی) پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش کرد، بەبێ ئەوەیی ئیرادە و ڕاوبۆچوونی پێکهاتەکان وەربگرن لە پرۆژە یاساکەدا و داوایان کردبوو، کە کورسیی کۆتاکان دابەش بکرێت، بەڵام ئێمە وەك پێکهاتەکان بە هیچ شێوەیەك ڕێگامان نەدا، هیچ حزب و لایەنێك دەستتێوەردان لە کاروباری پێکهاتەکان بکات. هەر بۆیە لەو کاتەوە ئەو دژایەتییە بەرانبەر ئێمە بەردەوامە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی شکایەتێکی لەسەر کورسیی پێکهاتەکان تۆمار کرد، کە دەرئەنجامی ئەو بڕیارە نایاسایی و نادستووری و خراپەی دەرهەق بە ئێمەی پێکهاتەکان و هەموو گەلی هەرێمی کوردستان هاتەدی، لەلایەکی دیکەوە یەکێتی و ئەو لایەنانەی کە دژن وا لێك دەدەنەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیی لەگەڵ پێکهاتەکان کردووە لە پێناو حزبەکەی، بە پێچەوانەوە ئێمە وەك پێکهاتەکان بەتایبەتی تورکمان، هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی بەستووە، لەپێناو ماف و بەرژەوەندییەکانمان و مانەوەمان لە هەرێمی کوردستان، چونکە لە پاش نەمانی کورسیی کۆتاکان، مەترسی لەسەر ژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، چونکە هیچ بڕیار و یاسایەك بە نەمانی کورسیەکانمان نابینین ئەزموون و مافەکانمان بپارێزیت. هەر بۆیە لە کاتێکدا کورسیی کۆتاکان لە هەرێمی کوردستان

**هەموو خەڵک و گەلی عێراق و کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا دەنگیان بە دەستوور داوە، بۆیە کاری دادگای فیدراڵی نییە دەستتێوەردان لەو یاسا و دەستوورەدا بکات**

**وەکو پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان دەنگمان دەخەینە سەر دەنگی ئەو لایەن و فراکسیۆنانە کە لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان هەوڵ دەدەن**

**هەموو کاتێک دەنگ و ڕەنگ و کورسییەکانمان دەخەینە خزمەتی ئەو لایەنەی کە دەیەوێت قەوارە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو و پارێزراو بێت**

**خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بە بێ کورسیی کۆتاکان پەرلەمانی کوردە نەک کوردستانی، ئەمەش پاشەکشەکردنە لە پرۆسەی دیموکراتی و ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون**

نەگەڕێتەوە، ئەوە بەشکردنی پێکهاتەکانە لە پرۆسەی یاسادانان، کە ئەوەش پێشێلکردنی هەق و بەرژەوەندییەکانمانە لەو هەرێمەدا.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستان و ڕەتی دەکەنەوە؟**

- جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی مەرجەعی باڵای کوردستانە و ئێمە هەمیشە لە هەڵوێستە گەورە و بەرز و کاریگەرەکانیان ڕێز دەگرین، بەتایبەتی لەوەی بەردەوام پاڵپشتیی تەواوی پێکهاتەکانی کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕەچاوێکی هەبێت بۆ بەرژەوەندیی حزبەکەی، بەپێچەوانەوە زۆرجار لەلایەن حزبەکەیەوە لەسەر هەڵوێستەکانی بەرانبەر ئێمە، ڕەخنەشی لێ گیراوە. جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کات لە قەبارەی کێشەکان گەورەتر داکۆکی کردووە لە هەق و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان، نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقی فیدراڵیشدا. ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە، لە دێرزەمانەوە بەتایبەتی لەکاتی بارزانیی نەمردا بووەتە عەقیدە و بنەمایەکی ژیان لە هەرێمی کوردستاندا و وتەیەکی باڵای بارزانیی نەمر هەیە، هەموو کات فەرموویەتی و باوەڕی پێی هەبووە، ئەویش دژایەتی نەکردنی پێکهاتەکان بووە. ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان و پارتی چاکسازیی تورکمانیش، هەمیشە هیواخوازین سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان هاودەنگ و کۆدەنگ بن لەگەڵ ئەو ڕێباز و عەقیدەیەی بارزانیی نەمر کە پشتگیریی پێکهاتەکان دەکات، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەو ئاستە نەوەستێت و لەگەشەکردنی بەردەوام بێت. هەروەها پاڵپشتی و هەڵویستی جوامێرانە و کارێزمایی و مەرجەعی باڵای کوردستانمان کە جەنابی سەرۆك بارزانییە، وای کردووە، بێبەش نەبین لەو وڵاتە و ئایندەشمان بە ڕوونی و گەشەکردوو دەبینین لە سایەی جەنابیان.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی ئەو دادگایە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور؟**

- ئەو جۆرە بڕیارانە کاری دادگای فیدراڵی نییە و کاری پەرلەمان و دەزگای تەشریعیی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیەش ئەوەی دادگای فیدراڵی کردوویەتی، دەستتێوەردانە لە دامەزراوەیەکی گەورە و گرنگی تەشریعی، لەلایەکی دیکەوە، هەست دەکەین لە عێراقی فیدراڵ بانێك و دوو هەوایە، لە ئەنجومەنی نوێنەران کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان هەیە و لە کوردستان هەڵیدەوەشێننەوە.

*** ئەگەر لە ڕەهەندە سیاسییەکەوە سەیری بکەین، ئایا دادگای فیدراڵی مەبەستی لەم بڕیارەی چییە؟**

- دادگای فیدراڵی بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات، دەستوور پێشێل بکرێت و باوەڕی بە پێکەوەژیان و هاوبەشی نییە. بەڵکو دەیەوێت بەرەو مەرکەزییەت هەنگاو بنێت و هەموو بڕیارێك کە لەو عێراقە دەردەچێت، بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بێت. لایەنێکی دیکەی ژێر ئەم بڕیارە، بۆ ئەوەیە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان تووشی کێشە و گرفت بکات، تاوەکو ئەو سەرقامگیرییە سەرکەوتووەی هەیە، لاواز و لەقی بکەن.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنە بەر، کە کاریگەرییەکی وای هەبێت، دادگای فیدراڵی بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- ئێمە کۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ کونسوولییە و نوێنەری وڵاتان و چەندین ڕێکخراوی مەدەنی و بیانی کردووە، لە سەرەتاشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی بە هەموو توانا و ئیرادەوە لە دژی ئەو بڕیارە هەڵویستی توند و ئاشکرایان ڕاگەیاندووە و لە پاشان بەڕێز دادوەر عەبدولڕەحمان زێباری کە ئەندامی دادگای فیدراڵی عێراقە لە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەسەر ئەو دەستتێوەردان و کارە نابەجێیەی دادگاکە دەرهەق بە پێکهاتەکانی کوردستان دەربڕی، هەڵویستی جوامێرانەی خۆی دەربڕی و دەستی لەکار کێشایەوە.

**لەناو هەموو لایەن و حزبە کوردستانییەکان تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بووە**

**سەرۆك بارزانی هەموو کات لە قەبارەی کێشەکان گەورەتر داکۆکی کردووە لە هەق و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان، نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقی فیدراڵیشدا**

**لە عێراقی فیدراڵ بانێك و دوو هەوایە، لە ئەنجومەنی نوێنەران کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکان هەیە و لە کوردستان هەڵیدەوەشێننەوە**

**دادگای فیدراڵی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات، دەستوور پێشێل بکرێت و باوەڕی بە پێکەوەژیان و هاوبەشی نییە**



**جەلیل مەندەلاوی**
کەسایەتیی کوردی فەیلی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس بۆ گوڵان:

# فەیلییەکان بە هۆی دڵسۆزی و خۆبەخشییان بۆ کار و پەیوەندی نەتەوەیی، متمانە و ڕێزی بارزانیی نەمریان بە دەست هێنا

# مەلەفی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و پرسەکە سیاسییە و پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەیە

**دوای ڕووخانی سەردەمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکومەتی کۆماری، عێراق هیچ نەگۆڕدرا و جگە لە بەردەوامبوونی دڕندەیی دژ بە کورد، هەڵمەتەکانی دەرکردن و دوورخستنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد و کوشتنی بەکۆمەڵیشی هاتە سەر. کارەساتی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا گەیشتە سەر مەترسیی قڕکردن و لەناوچوون. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و لەچوارچێوەی زنجیرە دیدارەکانی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ کوردانی فەیلی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کەسایەتیی کوردی فەیلی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەلیل مەندەلاوی کرد و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**سەرۆک بارزانی بەڵێنی دا، هەموو دەرگا داخراوەکان بەڕووی کوردی فەیلیدا بکرێنەوە و دوایین دەستپێشخەریشی لەکاتی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بوو**

**کوردانی فەیلی بەشێکی ڕەسەنن لە گەلی کورد و ئەم پەیوەستبوونە بە هیچ پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژی، یان دڵسۆزیی تائیفی ناگۆڕدرێت**

**کوردی فەیلی مافی ڕووماڵ و سەرنجی میدیایی و مێژوویی بە یەکسانی وەرنەگرتووە**

*** جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ لێدانی ئەو پێگە ستراتیژییەی نەتەوەی کورد بوو، کە پاڵپشتیی (مەلا مستەفا بارزانی)یان کردبوو. بە ڕووخانی سەردەمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکومەتی کۆماری عێراقیش، هیچ نەگۆڕدرا، جگە لەبەردەوامبوونی دڕندەیی دژ بە کورد، تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕای؟**

- ڕۆڵی کوردی فەیلی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پاڵپشتی و داکۆکیکردنیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردە نەمرەکەی (مستەفا بارزانی)، بۆ چەندین ساڵ مایەی تووڕەیی و بێزاری بووە بۆ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان کە حوکمڕانیی عێراقیان کرد، لەبەر ئەوەی بەهێزترین بنکەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد بوون و، پێگەی ستراتیژیی گرنگ بۆ سەرکردەی نەمری نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی لە ناوچەکانی بەغدا و ناوەند و باشووری عێراق پێکدەهێنن. کوردانی فەیلی توانای بەکارهێنانی ئەم ڕێسایە بوون، بۆ ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردمان لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕێگەی بەشداریکردنی واقیعی و کاریگەرەوە، جا ئەم بەشدارییە ماددی بووبێت، یان مۆڕاڵی، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بەرژەوەندیی ڕژێمەکانی عێراق پێکدەهێنا. بۆیە تاوانی دژ بە کوردانی فەیلی ئەنجام درا، کە ویژدانی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی هەڵمەتی ناڕەوا و ڕێکخراوەوە سارد دەکاتەوە. لە سەردەمی سێ پاشا و چوار ڕژێمی کۆماریدا دۆخەکە لە خراپەوە بۆ خراپتر بەردەوام بوو. بەو پێیەی کوردانی فەیلی هیچ پشکێکیان لە دەوڵەتی عێراقدا نەبوو، جگە لە گۆشەگیری، ئاوارەبوونی زۆرەملێ، خیانەت، دەستبەسەرداگرتنی مافە ڕەواکانیان و پەراوێزخستنیان لەلایەن ڕژێمە سیاسییە یەك لە دوای یەکەکانەوە.

*** لە مێژوودا زۆر جار کورد کۆمەڵکوژ کراوە و لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی سڕینەوەی ناسنامەکەی بووەتەوە. بەو پێیەی شارەزایی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیت هەیە، بۆچی کوردانی فەیلی کەوتوونەتە بەردەم ئەم شاڵاوە جینۆسایدە؟**

- گومانی تێدا نییە کە ئەو نادادپەروەری و زیان و بێبەشییەی کە خەڵکی کوردستان بەری کەوتووە، لەلایەن هیچ کەسێکەوە جێی مشتومڕ نییە. کوردانی فەیلی لە ڕێگەی چەوسانەوەی سیستماتیکەوە تووشی گۆشەگیری بوون و ئەوانیش پشکێکی زۆریان لەم ناعەدالەتییە هەبووە. کوردانی فەیلی بەشێکی ڕەسەنن لە گەلی کورد و ئەم پەیوەستبوونە بە هیچ پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژی، یان دڵسۆزیی تائیفی ناگۆڕدرێت، ئەوەش دەتوانرێت بە هۆکاری سەرەکیی بەرکەوتنیان بە ئاوارەیی زۆرەملێ و جینۆساید هەژمار بکرێت. بۆیە ڕەنجی کوردانی فەیلی نوێنەرایەتیی ئازاری تەواوی گەلێکی دەکرد، بەڵام ئەو پیلانەی کە کردیانە ئامانج، ڕەهەندی سیاسی و فرە پاڵنەری هەبوو، لەوانەش هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەم بابەتە وردەکاریی فراوانتر و کاریگەریی زیاتری هەیە، کە ناتوانرێت بە چەند وشەیەکی سنووردار لێی تێبگەین. ئەوان قوربانیی پیلانێکی مەترسیدار بوون، کە لە ڕاستیدا ئامانجەکە قڕکردنیان و پارچەپارچەبوونی پێوەندییان بە گەلی کوردەوە بووە.

*** باس لەوە دەکرێت کە کوردانی فەیلی پێگەیەکی بەهێزی بازرگانی و کاسبکارییان لەناو جەرگەی بەغدا هەبوو. ئایا تاچەند توانرا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس قەرەبووی ماددیی کوردانی فەیلی بکرێتەوە؟**

- بەداخەوە، کوردی فەیلی مافی ڕووماڵ و سەرنجی میدیایی و مێژوویی بە یەکسانی وەرنەگرتووە. هەروەها مافی یاسایی و ڕەوا و سرووشتی خۆی لە عێراقی دوای نیسانی ٢٠٠٣ وەرنەگرت. تەنانەت ئەو بڕیار و یاسایانەی کە کوردی فەیلییان لەخۆ گرتبوو، لەوانەش یاساکانی زیندانیانی سیاسی و دەرکردنی سیاسی، هیچی دیکە نین، ڕژێمی نوێش لە عێراق نابێت چاوپۆشی لە ئازار و ئازارەکانیان بکات، بەتایبەت کە ئەوان بەدەست نادادپەروەریی درێژخایەنی گەورەوە دەناڵێنن، هەروەها کارکردن بۆ قەرەبووکردنەوەیان بە شێوەیەکی دەستووری و یاسایی و گەڕاندنەوەی هەموو موڵك و ماڵی خۆیان، هەروەها گەرەنتیکردنی مافی یاسایی ڕوون و ئاشکرایان لە هاوکێشە سیاسییەکەدا کە

لە وڵاتدا هەیە. پشتگوێخستنی ئەم داواکارییە مرۆییانە، لە نیشتمانی نادادپەروەری و ستەم و ستەمکاریی درێژخایەن کە تووشی بوون، دووریانی خستەوە، لە نیشتمانێك کە تێیدا هەست بە مافە مرۆیی و یاسایی و ڕەواکانی خۆیان بکەن.

*** دەکرێت باسی ڕۆڵی کوردانی فەیلیمان بۆ بکەیت، لە شۆڕشی گوڵان؟**

- کوردانی فەیلی یەکەم هێڵی بەرگری بوون لە خەباتیان بۆ ئازادیی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی. هەروەها زۆرێك لە کوردە فەیلییەکان پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی شۆڕشی گوڵانەوە و پێش ئەوەش لە شۆڕشی ئەیلوول، شان بە شانی براکانیان لە ناسیۆنالیزم و چارەنووسێکی هاوبەش بوون، بۆ ئەمەش قوربانییان دا، کە هەمووان شایەدی بۆ دەدەن. بارزانیی نەمر هەمیشە ستایشی کوردانی فەیلی دەکرد بۆ ڕۆڵ و قوربانیدانیان لەپێناو کوردستاندا، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە خەباتی گەلی کورد لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. لەم پێوەندییەدا سەرۆك بارزانی لە بەشی سێیەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) بەمجۆرە باسی دەکات: «خواستێکی بەهێز لە لایەن کوردانی فەیلییەوە هەبووە بۆ ئەوەی بە پاڵنەری نیشتمانپەروەریی پاکەوە بچنە ناو حزبەوە»، لە شوێنێکی دیکەش سەرۆك بارزانی دەڵێت: «فەیلییەکان بە هۆی دڵسۆزی و خۆبەخشییان بۆ کار و پەیوەندی نەتەوەیی، متمانە و ڕێزی بارزانیی نەمریان بە دەست هێنا».

*** ئەم تاوانە گەورەیە، بۆچی نەکرا بە جینۆسایدێکی نێودەوڵەتی، تاوەکو لەو ڕێگایەوە کوردانی فەیلی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە؟ پێشنیاری چییە بۆ ئەوەی ئەم کەیسە بەو شێوەیە پشتگوێ نەخرێت؟**

- نەبوونی پاڵپشتیی سیاسیی پێویست و نەبوونی ئیرادەی سیاسی و حکوومی بۆ کۆتاییهێنان بەو گۆشەگیرییەی کە بەسەر کوردانی فەیلی هات، هۆکارێکن کە ڕێگر بوون لە بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی جینۆساید کە بەسەر کوردانی فەیلیدا هات، جگە لەوەش سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بەسەر ئاوارەبووندا، بە زۆرەملێ و جینۆساید لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە. ئەو ڕێکارانە تا ئێستاش وای کردووە، زۆرێك لە کوردانی فەیلی مافی خۆیان بەدەست ناهێنن و مەلەفی کوردە فەیلییەکان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. ڕوون بووەتەوە کە مەسەلەکە ١٠٠٪ سیاسییە و تەنیا یاسایی و مرۆیی نییە. بۆیە ئەوە ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە، کە جێنشینی حکومەتەکانی پێشوو بێت، مامەڵە بکات بۆ سڕینەوەی کاریگەرییەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لە داهاتوودا، جگە لە قەرەبووکردنەوەیان (بە قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەی ماددی و ئەخلاقی و گەڕاندنەوەی هەموو مافەکان بۆیان) و گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەستبەجێ بۆ هێنانەدی دادپەروەری بۆیان و یەکلاکردنەوەی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانیان، بەتایبەت کە دەستووری عێراق دیاری دەکات، دەوڵەت گەرەنتیی چاودێریکردنی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەکات. ئەوانەی کە بەهۆی پراکتیزە خراپەکانی ڕژێمی پێشووەوە کاریگەرییان لەسەر بووە.

*** ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ لە ئامێزگرتنی کوردی فەیلی چییە و داواکانیان لە حکومەتی هەرێم چییە؟**

- سەرۆك بارزانی بەڵێنی دا، هەموو دەرگا داخراوەکان بەڕووی کوردی فەیلیدا بکرێنەوە و دوایین دەستپێشخەریشی لەکاتی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بوو، کە لە ساڵی ٢٠٢٣ لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، کە لەژێر چاودێریی خۆیدا ئەنجام درا، بە پێشنیارکردنی دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ بەدواداچوون بۆ کاروباری فەیلی و بۆ ئەوەی ئەم فەرمانگەیە ببێتە ئاماژەیەك بۆ فەیلییەکان، ئەوەش یەکێکە لە دەستپێشخەرییە گرنگەکان بۆ چالاککردنی ڕۆڵی ئەوان و دادپەروەری، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ دەرگایەك بۆ کوردانی فەیلی نەکراوەتەوە و زۆربەی دەرگاکان بە داخراویی ماونەتەوە. لێرەدا داوا لە سەرۆك بارزانی دەکەین کە جارێکی دیکە دەستوەردان بکاتەوە، وەك ئەوەی ناسیومانە، بە مەبەستی پێدانی فەزای گونجاو بۆ کوردانی فەیلی بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن.

**کوردانی فەیلی یەکەم هێڵی بەرگری بوون لە خەباتیان بۆ ئازادیی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی**

**بارزانیی نەمر هەمیشە ستایشی کوردانی فەیلی دەکرد بۆ ڕۆڵ و قوربانیدانیان لە پێناو کوردستاندا**

**نەبوونی پاڵپشتیی سیاسیی پێویست و نەبوونی ئیرادەی سیاسی و حکوومی بۆ کۆتاییهێنان بەو گۆشەگیرییەی کە بەسەر کوردانی فەیلی هات، هۆکارێکن کە ڕێگر بوون لە بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی جینۆساید کە بەسەر کوردانی فەیلیدا هات**




**بۆتان تەحسین**

بەڕێوەبەری کوردستان کرۆنیکڵ بۆ گوڵان:

# ئامانج لە کوردستان کرۆنیکڵ ئاگادارکردنەوەی وڵاتانە لە ڕەوش و ناساندنی دۆزی ڕەوای کوردستان بە جیهان و دەرخستنی نموونە جوانەکانی کوردەوارییە بۆ جیهان

# کوردستان کرۆنیکڵ
# پەنجەرەیەکی جوانییەکانی
# کوردستانە بۆ دنیای دەرەوە

**کوردستان کرۆنیکڵ، پرۆژەیەکی میدیایی و نیشتمانیی کوردستانییە، کار دەکات بۆ ناساندنی زیاتری کەلتوور و هونەر و ڕووداوەکانی کوردستان بە خوێنەرانی بیانی لە کوردستان و جیهان. ئامانجی کوردستان کرۆنیکڵ نزیکبوونەوەیە لە کەلتورە جیهانییەکان و نزیکخستنەوەی کەلتووریی نێوان نەتەوە و وڵاتە جیاوازەکان، بە ئامانجی دۆستایەتی و پشتیوانیی هاوبەش و پەرەپێدانی کەلتووری بەیەکەوە ژیان و لە یەکتر تێگەیشتن و یەکتر قبوولکردن. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم پرۆژە میدیاییە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی بۆتان تەحسین بەڕێوەبەری کوردستان کرۆنیکڵ کرد.**

سەرەتا بۆتان تەحسین بەڕێوەبەری کوردستان کرۆنیکڵ، سەبارەت بە پرۆژەکەیان وتی: «کوردستان کرۆنیکڵ، یەکەمین ژمارەی لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاو کردەوە، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ زیاتر گەورەبوون و بە جیهانی بوونی گوتارەکەی. مانگانە بە کۆمەڵێك بابەت و فیچەر و بەدواداچوونی جیاواز، کە ڕەهەندێکی جیهانییان هەبێت و ناسنامەکەشیان کوردستانی بێت. ئێستا ژمارە ١٤ی گۆڤارەکە لە چاپخانەیە، کە مانگانە لە ئیستەنبوڵ چاپ دەکرێت. لە ژمارەی مانگی شوباتی ٢٠٢٤ یەکەمین چاپی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گۆڤارەکەش چاپ بوو. ئێستا گۆڤاری کوردستان کرۆنیکڵ لە ئیستەنبوڵ بۆ ناوخۆی کوردستان و وڵاتانی

**ئێستا گۆڤاری کوردستان کرۆنیکڵ لە ئیستەنبوڵ بۆ ناوخۆی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپا چاپ دەبێت**

**ئەو جەماوەر و وەرگرانەی ئێمە بە ئامانجیان دەگرین، بژاردەی وڵاتانن، هەمیشەش بژاردە گۆڤار و ڕۆژنامە بە سەرچاوەی زانیاری بەکاردەهێنن**

**ئێستا بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆ، کاریگەرترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی پەیام بە نەوەی نوێ، لەو سۆنگەیەوە کوردستان کرۆنیکڵ ڕۆژانە لە پلاتفۆرمە جیاوازەکان فیچەری ڤیدیۆی کەمتر لە دوو خولەکی بەرهەم دەهێنێت**

**تیمێکی شارەزا و زمانزان، کە هەم شارەزاییان هەیە لە زمانی کوردی و تورکیی عوسمانی و عارەبی و هەروەها شارەزا لە بوارەکانی کەلتوور و مێژوو و جوگرافیای کوردستان، بەڵگەنامەکان ساخ دەکەنەوە**

ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپا چاپ دەبێت. لەوێوە ڕەوەندی وڵاتان لە کوردستان و ناوەند و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و تیک تانك و بەرپرسیارانی حکوومی و پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتانە، کۆپییەکی گۆڤارەکەیان بۆ دەنێردرێت.

لە ویلایەتی نیوهامشەهری ئەمریکاش، چاپی ئەمریکای گۆڤارەکە بڵاو دەبێتەوە، کە وێنەیەکی گۆڤارەکە بۆ سەرجەم، کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان و بەرپرسانی پەیوەندیداری حکومەتی ئەمریکا و کەنەدا و نوێنەرایەتیی وڵاتانی جیهان لە بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك، کۆپییەکی گۆڤارەکەیان پێدەگات».

وەك بەڕێوەبەری کوردستان کرۆنیکڵ ئاماژەی پێدا «ئامانج لەو هەنگاوە لە نزیکەوە ئاگادارکردنەوەی وڵاتانە لە ڕەوش و پێشکەوتنەکانی کوردستان، ناساندنی دۆزی ڕەوای کوردستانە بە جیهان، دەرخستنی نموونە جوانەکانی کوردەوارییە بۆ جیهان، ئەو نموونانەی کە هەرگیز بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزی و ڕووماڵی میدیا جیهانییەکان تەنیا بۆ شەڕ و چیرۆکەکانی نەخراونەتەڕوو، لە کوردستان کرۆنیکڵ کەڤەر دەکرێن».

سەبارەت بە سۆشیال میدیای پڕۆژەکەش وتی: «زۆرن ئەوانەی دەپرسن کوردستان کرۆنیکڵ لە سەردەمی بەهێزبوونی دیجیتاڵ میدیا و پلاتفۆڕمەکانی ناو جیهانی ئینتەرنێت، چۆنە بە بەکارهێنانی ڕێگایەکی ئاسایی دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەو ئالنگارییانە ببێتەوە؟ ئێمە دەڵێین: ئەو جەماوەر و وەرگرانەی ئێمە بە ئامانجیان دەگرین، بژاردەی وڵاتانن، هەمیشەش بژاردە گۆڤار و ڕۆژنامە بە سەرچاوەی زانیاری بەکاردەهێنن، سەرەڕای ئەوەی کوردستان کرۆنیکڵیش هەموو پلاتفۆرمەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەکاردەهێنێت، لە سۆشیال میدیاکانیش کەناڵی تایبەتیی خۆی هەیە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە، هەواڵی ڕۆژانەی جیاواز بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی زان ئامادە دەکات، بەپێی خواست و ویستی ئەوان هەواڵەکان ئامادە دەکات، بە ستایل و ستاندەردی جیهانی دایدەڕێژێت و پێشکەشی وەرگرانی دەکات».

یەکێکی دیکە لە بەشەکانی کوردستان کرۆنیکڵ، بەرهەمهێنانی فیچەری ڤیدیۆییە بە ستاندەردی جیهانی، هەر لەو بارەیەوە بۆتان تەحسین وتی: «هەمووان دەزانن ئێستا بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆ، کاریگەرترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی پەیام بە نەوەی نوێ، لەو سۆنگەیەوە کوردستان کرۆنیکڵ ڕۆژانە لە پلاتفۆرمە جیاوازەکان فیچەری ڤیدیۆی کەمتر لە دوو خولەکی بەرهەم دەهێنێت، کە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و ناوچە گەشتیارییەکان و دیمەنە سرووشتییەکان دەردەخەن، سەرەڕای ڕووماڵکردنی چالاکیی کۆمەڵگەی بیانی لە کوردستان و نوێنەرایەتیی وڵاتان لە کوردستان و ڕووداوەکانی ڕۆژ، کە ڕەهەندی جیهانییان هەیە». وتیشی: «ئۆفیسی ئیستەنبوڵی کوردستان کرۆنیکڵ، لە گەرمترین و قەرەباڵغترین ناوچەی ئیتستەنبوڵە، لەوێ سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار لە سەرتاسەری جیهان، بووەتە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیر و کەسایەتییە کورد و تورکەکان، بە ئامانجی نزیککردنەوەی زیاتر و لێکتێگەیشتنی زیاتر. ئامانجی کردنەوەی ئۆفیسەکە هەنگاوی کردەیی زیاترە و ڕۆژ بە ڕۆژیش کار دەکرێت بۆ فراوانکردنی کارەکانی و زیاتر بە ناوەندبوونی کوردستان کرۆنیکڵ. بۆ ئەوەش هاوبەشەکانی کوردستان کرۆنیکڵ، لە وەقفی ئیسماعیل بێشکچی و وەشانگەری ئاڤێستا هاوئاهەنگ و هاوکارین، نۆبەرەی کارە کەلتوورییەکانی ئیستەنبوڵیش بە کردنەوەی پیشانگایەکی شێوەکاری بۆ ڕۆستەم ئاغالە و کۆڕی شیعری بۆ هەر سێ شاعیر (موئەیەد تەیب، کەژاڵ ئەحمەد و تەڵعەت تاهیر) بوو، کە بووە جێگەی دڵخۆشیی کوردان و دۆستانی ئەدەب و کەلتووری شارەکە».

سەبارەت بە ئەرکێکی دیکەی کوردستان کرۆنیکڵ کە کارکردنە لە ئەرشیفخانەکانی جیهان و گەڕان بە دوای ئەو دۆکیۆمێنتانەی باس لە کوردستان و مافەکانی دەکەن، بەڕێوەبەری پڕۆژەکە وتی: «گەڕان بە دوای ئەو دۆکیۆمێنتارانەی کە باسی کوردستان دەکەن، بە ئەرکێکی دیکەی کوردستان کرۆنیکڵ ئەژمار دەکرێت، لەو بوارەش چەندین هەنگاوی




گرنگ هاوێژراون، بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە جیهانییەکان لە مێژوودا. سەرەتای کارکردنیش لە ئەرشیفخانەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، کە زیاتر لە پێنج سەدە فەرمانڕەوای تەواوی ڕۆژهەڵات بووە، بەشێکی گرنگی کوردستانیش لەژێر قەڵەمڕەوی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بووە. تیمێکی شارەزا و زمانزان، کە هەم شارەزاییان هەیە لە زمانی کوردی و تورکیی عوسمانی و عارەبی، هەروەها شارەزا لە بوارەکانی کەلتوور و مێژوو و جوگرافیای کوردستان، بەڵگەنامەکان ساخ دەکەنەوە، هەموو بەڵگەنامە بەردەستەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان پۆلینبەندی کراون، نۆبەرەی کارکردن لە ئەرشیفخانەی عوسمانی لە ئایندەیەکی نزیك ڕۆشنایی دەبینێت و هەولێر و مێژووەکەی دەبێتە چەقی ئەو بەرهەمە. جیا لەوەش کوردستان کرۆنیکڵ کاردەکات و هەنگاو دەهاوێژێت بۆ ئەوەی تیمە شارەزاکانی دەستیان بگاتە هەموو ئەرشیفخانەکانی جیهان و جارێکی دیکە بە ڕۆحێکی کوردستانییانە، مێژوو و پێگەی وڵات دابڕێژرێتەوە و هەمووان ئاگاداری و زانیارییان لەو بوارانە دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی هەنگاوی مەزنتر لە ئایندەدا بهاوێژرێن». وتیشی: «کوردستان کرۆنیکڵ، هەڵگری پەیامێکی کوردستانییانەیە، دەیەوێت بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی گەیاندن، کوردستان و کەلتوورەکەی بە جیهان بناسێنێت، چەقی کارکردن و گرنگیپێدان و ڕووماڵکردنی هەر ڕووداوێك، ڕەهەندێکی کوردستانییانەیە، هەر ڕووداو و بۆنەیەکی کوردستان، جێگەی کارکردنی دەبێت. بە بەکارهێنانی ستاندەردە جیهانییەکان، ڕوو لە وەرگرانی جیهان دەکات، بە ڕێگا پرۆفێشناڵەکانی کارکردنی میدیای کەلتووری وڵات دەناسێنێت».

دیمانەی تایبەت



**نێگرۆن گۆنزالێس**

**سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی نیوهامشایەر بۆ گوڵان:**

# حوکمڕانیی باش ئامرازێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوەی توندڕەوی و ناسەقامگیری

**نێگرۆن گۆنزالێس سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنییە لە زانکۆی نیو هامشایەر، هەروەها وانەبێژی بواری دیراساتی جیهانی و سیاسەتی بەراوردکارییە و لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەندین پرس و بابەتی گرنگ دەدات، وەك (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ، نۆرمە نێودەوڵەتییەکان و برەودان بە ئاسایشی مرۆیی و بەتایبەتی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن)، دوایین توێژینەوەکانیشی پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ و شرۆڤەکاریی ئەوەی چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن دەوڵەت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، کاتێك دەست دەدەنە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە سەروەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پرسی حوکمڕانیی باش و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار لەخۆ دەگرێت.**

*** وەك ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین کێشە و قەیرانەوە دەناڵێنێت، وەك بوونی دەوڵەتە شکستخواردووەکان و ناکۆکییە درێژخایەن و چارەسەرنەکراوەکان، کە زۆرجار سەردەکێشن بۆ هەڵگیرسانی جەنگ و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی و چەندین نەهامەتی و ناهەمواریی دیکە، وەك تیرۆر و توندڕەوی و توندوتیژی، ئایا ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و بۆچی بە شێوەیەکی گشتی ناتوانرێت حوکمڕانییەکی باش لەم ناوچەیەدا بەدی بهێنرێت؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت سەرەتا ئەوە بخەینە ڕوو کە حکومەتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا نەیانتوانیوە، یان شکستیان هێناوە لە دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی کارادا، کە ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە سەری کێشاوە بۆ دروستبوونی نارەزایەتی و تووڕەیی و سەرهەڵدانی توندوتیژی، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە باشترکردنی حوکمڕانی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو پانتاییە بەپیتەی کە تێیدا توندوتیژی گەشە دەکات و تەشەنە دەستێنێت، هەرچۆنێك بێت، ناتوانین بڵێین کە ئەوەی پێی دەگوترێت «حوکمڕانیی باش» دەرمانی هەموو دەردێکە و چارەسەری هەموو گرفتێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت، ئامرازێکی بەهێز بێت، بۆ کەمکردنەوەی ئاست و مەودای توندڕەوییەکی توندوتیژانە و ناسەقامگیری.

*** ئەی بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت لە پرۆسەی حوکمڕانیی باش بڕوانین، بە واتایەکی دیکە ڕایەڵە و ڕەهەندەکانی چین؟**

- لە ڕاستیدا گرنگە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە خودی حوکمڕانی پرۆسەیەکی بێ ئەندازە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە و فرەلایەنە، لەم ڕووەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە لەسەر ئاستی جیهان پێناسەیەك نییە بۆ حوکمڕانیی باش، کە هاودەنگی و کۆدەنگیی لەسەر بێت، هەرچۆنێك بێت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی حوکمڕانیی باشی کردووە، کە کارکردن بە ئاراستەی کۆدەنگی و بەرپرسیارێتی و شەفافییەت و وەڵامدانەوە و کارایی و کارامەیی و سەروەریی یاسا لەخۆ دەگرێت.

**باشترکردنی حوکمڕانی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو پانتاییە بەپیتەی کە تێیدا توندوتیژی گەشە دەکات و تەشەنە دەستێنێت**

*** بەڵام زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بنیادنانی حوکمڕانیی باش پرۆسەیەکی ئاسان نییە و ئاڵۆزی و سەختییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت و کاتێکی زۆریشی دەوێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەبێت ئێمە لەم ڕووەوە واقیعبینانە بین، لە بارەی کات و کۆششی پێویست بۆ بنیادنان و چەسپاندنی تێکڕای ڕەهەندەکانی حوکمڕانیی باشەوە، بۆ ئەوەی ئەم ئاڵۆزییە ڕوون بکەینەوە، با لەم بارەیەوە جەخت لەسەر پرسێکی وەك پرسی چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا بکەین. ئێمە دەزانین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ئەم ناوچەیەش گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن بەرپرسانی دامەزراوە ئەمنییەکانەوە پاڵنەرێکی سەرەکیی دروستبوونی توندڕەوین. کەواتە ئەرکە سەرەکییەکە بریتییە لە باشترکردن و برەودان بە حوکمڕانیی پەیوەست بە بواری ئەمنییەوە. کەواتە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا چاکسازیکردن لەو دامەزراوانەدا لەخۆ دەگرێت کە بەرپرسیارن لە دەستەبەرکردنی ئاسایش، لە نێویاندا سوپا، هێزی پۆلیس، ئاژانسەکانی هەواڵگری، دەزگای دادوەری، دامەزراوەکانی دیکەی جێبەجێکردنی یاسا. پرۆسەی چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا کۆمەڵێك کاری دیکە لەخۆ دەگرێت، لە نێویاندا چاکسازییەکانی پەیوەست بە بواری داڕشتنی یاسا و سیاسەت و دووبارە بنیادنانەوەی دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی بنیادنانی توانا، دەستەبەرکردنی

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی حوکمڕانیی باشی کردووە، کە کارکردن بە ئاراستەی کۆدەنگی و بەرپرسیارێتی و شەفافییەت و وەڵامدانەوە و کارایی و کارامەیی و سەروەریی یاسا لەخۆ دەگرێت**

ڕاهێنان و بەپیشەییکردنی کارمەندانی دامەزراوەکانی ئاسایش و بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە، لەگەڵ هەوڵەکانی باشترکردنی نوێنەرایەتیکردنی گرووپە پەراوێزخراوەکان لە دامەزراوە ئەمنییەکاندا. هەموو ئەم هەوڵ و کۆششانە دەبێت ببنە هۆی بەرگرتن بە پێشێلکردنی دەسەڵات و گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لاوازکردنی پاساو و پاڵنەرەکانی گرووپە توندڕەوەکان کە خۆیان وەك تاکە جێگرەوەی نادادییەکان وێنا دەکەن.

*** ئێوە پرسەکەتان لە ڕووی تیۆرییەوە ڕوون کردەوە. ئایا دەکرێت وەك نموونەیەکی بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، باس لە وڵاتێکی دیاریکراوی ئەم ناوچەیە بکەین، کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە کە زۆرجار دامەزراوەیەکی دیاریکراو نییە و وڵاتەکە تەواو لە پشێویدایە، ڕەنگە نەتوانرێت ئەو چاکسازییەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن جێبەجێ بکرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە هەموو ئەو هەوڵ و چاکسازییانەی ئاماژەمان پێ کردن، ئەو گریمانەیە لەخۆ بگرن کە پێشوەختە دەزگای ئەمنی لە ئارادابوون و تا ڕادەیەك لە ڕووی دامەزراوەییەوە پەرەیان پێ دراوە، بەڵام پێویستیان بە چاکسازییە، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەمە حاڵەتەکە بێت لەو وڵاتانەی ناکۆکی و لەرزۆکی باڵی بەسەردا کێشاون، وەك یەمەن. لەوەش زیاتر، تەنانەت هەندێ جار هەوڵ و کۆششەکان بە ئامانجی بنیادنانی تواناکان لە هەندێ وڵاتدا کە ژێرخانێکی باشتری دامەزراوەییان هەیە، دەرئەنجامی چاوەڕوانکراویان لێ ناکەوێتەوە. عێراق نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم حاڵەتەیە، سەرباری ئەوەش، هەندێ لە توێژەران پێیان وایە کە ئەو چاکسازییە کە لە ئاستەکانی سەرەوە دەست پێ دەکات بەرەو ئاستەکانی خوارەوە، بەس نین و پێویستە ئەمە هاوشان بێت بە ڕێچکەیەکی نامەرکەزی، کە گرووپە ئەمنییە لۆکاڵییەکان و بەشداریکردنی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت. هەروەها نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە تەنانەت هەندێ جار کە ئیرادە و ویستێکی سیاسیش هەبێت بۆ جڵەوکردنی سوپا و هێزی پۆلیس، ئەوا ڕەنگە کەلتوورێك لە ئارادا بێت، کە بوار بەوە بدات بەرپرسە ئەمنییەکان لە بەرپرسیارێتی ڕزگار و دەرباز بکەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ڕێگریکردن و ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم ئەنجامدانی چاکسازییەکاندا، بە ئامانجی باشترکردنی پرسی بەرپرسیارێتی.

*** ئێوە باسی پرسی چاکسازیتان کرد لە بواری ئەمنیدا، بەڵام هەروەك ئاشکرایە کە کێشەیەکی جددی کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە دەستیانەوە دەناڵێنن، ئەوەیە کە ناتوانن چەك لە دەستی دەوڵەتدا کۆ بکەنەوە و چەندین گرووپی دیکە هەن کە چەکیان بەدەستەوەیە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی گرووپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا بە ڕادەیەکی گەورە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی هەوڵ و کۆششەکانی پەیوەست بە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەبێت ناکۆکییەکە چارەسەر بکرێت پێش خستنەگەڕی هەوڵەکانی پەیوەست بە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا، یان ئەوەتا کە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا خۆی لە خۆیدا ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە؟ چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی هێزە نیزامییەکان بکەین، وەك ئەوەی لە وڵاتی عێراقدا بەدی دەکرێت؟ ئایا چارەنووسی هێزەکانی سووریای دیموکراتی چی دەبێت، دوای ئەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتە جێدەهێڵن؟ ئایا چارەنووسی گرووپە چەکدارەکانی لیبیا چی دەبن؟ بۆ زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنی ئەم وڵاتانەی ئاماژەمان پێ کردن، ئەوا پێویستە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا هاوشان بێت بە چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی گرووپ و چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ژیانی مەدەنیدا، بۆی هەیە هەوڵێکی لەم چەشنە مایەی مشتومڕێکی زۆر بێت و لە ڕووی سیاسییەوە مایەی ناسەقامگیری بێت و کاتێکی زۆری بوێت. لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرەڕای ئەم تەحەددی و دژوارییانەی پەیوەستن بە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا، بەڵام ئەمە پرسێکی بنەڕەتی و بنچینەییە بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش، کەواتە چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی گرووپ و چەکدارە نادەوڵەتییەکان و چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا دوو پرۆسەی یەکتر تەواوکارن کە چارەسەری لایەنەکانی دۆخی دوای ناکۆکی و بنیادنانی ئاشتی دەکەن. واتە بە چەکداماڵینی چەکدارانی پێشوو و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە ژیانی مەدەنیدا و چاکسازیکردن لە دامەزراوە ئەمنییەکاندا، ئەوا پرۆسەکانی چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی گرووپ و چەکدارە نادەوڵەتییەکان و چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا، پێکەوە بەشدار دەبن لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکدا کە ئاشتی و سەقامگیری و خۆڕاگرییەکی زیاتر باڵی بەسەردا بکێشێت.

**لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ئەم ناوچەیەش گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن بەرپرسانی دامەزراوە ئەمنییەکانەوە پاڵنەرێکی سەرەکیی دروستبوونی توندڕەوین**

**بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی گرووپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا بە ڕادەیەکی گەورە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی هەوڵ و کۆششەکانی پەیوەست بە چاکسازیکردن لە کەرتی ئەمنیدا**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر عیمران ئەل باداوی بۆ گوڵان:

# هێشتا چەند وڵاتێکی عەرەبی دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە

**عیمران ئەل باداوی، پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسته له زانکۆی هوستۆن لە ئەمریکا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و غەززە و بەردەوامبوون و ئەگەرەکانی هەڵکشانی ئەم شەڕە و، کاریگەری و دەرهاویشتەکانی لەسەر چەند پرس و پێشهاتێکی ناوچەکە.**

*** ئەوەی لە شەڕی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماسدا جێی هەڵوەستەلەسەرکردنە ئەوەیە کە هەوڵەکان زیاتر جەخت لەسەر گەیشتن و ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەکەنەوە، بە بێ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بخرێتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە، یان هۆکارە ڕیشەییەکان، کە ئاشکرایە بە چارەسەرێکی یەکجارەکیی ئەم ناکۆکییە هەمیشە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ و نەهامەتی مرۆیی لە ئارادا دەبێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە و ئایا پێشبینی درێژەکێشانی شەڕەکە دەکەن، بەتایبەتی کە ئەوە ڕوونە، پشتیوانییەکی ناوخۆیی لە نێو ئیسرائیلدا بۆ ئەم شەڕە بەدی دەکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ڕاستیدا نەك هەر پشتیوانی، بەڵکو پشتیوانییەکی بەهێز هەیە لە نێو ناوخۆی ئیسرائیلدا و خەڵکی ئەو وڵاتەدا بۆ ئەو شەڕەی لە کەرتی غەززە هەڵگیرساوە و بۆ درێژەپێدان و بەردەوامی پێدانی پشتیوانی دەکەن، ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی، یان با بڵێین (بە بێ گوێدانە ئەو ڕاستییەی) کە حکومەتەکەیان ڕووبەڕووی ئەگەری دادگاییکردن بووەتەوە لە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتیدا، هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژی ڕای گشتیی جیهان زیاتر و زیاتر دژیان دەوەستێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین کە سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئیسرائیل پشتیوانی لە خودی سەرۆك وەزیران(بنیامین نەتنیاهۆ) ناکرێت، بەڵام نەتنیاهۆ و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە، بەردەوام بن لەسەر گرتنەبەر و پیادەکردنی سیاسەتێکی توند و سەختگیر لە دژی فەلەستینییەکان، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم سیاسەتانە دژ و پێچەوانەن لەگەڵ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی، هەروەها بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی ببنەوە.

*** بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە چەند وڵاتێك هەوڵ و کۆششەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجەکە و گەیشتن بە جۆرێك لە ئاگربەستی کاتی، ئێوە چۆن لەم هەوڵانە دەڕوانن و پێتان وایە تا چ ڕاددەیەك دەرئەنجامی خوازراویان لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە هەندێ لە دەوڵەتان و لە نێویاندا (میسر، قەتەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) هەوڵی ناوبژیوانی و هێنانەئارای جۆرێك لە ئاگربەست و ئاڵوگۆڕپێکردنی زیندانیکراوەکان دەدەن، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە هەوڵەکان بێهوودە بوون و دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشە سەرەکییەکە بریتییە لە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی بەکارهێنانی ڤیتۆ لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و، پاڵپشتییە بەردەوام و هەمیشەییە سەربازی و داراییەکانی بوونەتە هۆی ئەوەی ئیسرائیل پارێزراو بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامی خراپەکارییەکانی، کەواتە ئەگەر بمانەوێت وەسفی هەلومەرجی ئێستا بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا تووشی جۆرێك لە چەقبەستبوویی بووەتەوە و بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی یەکێك لە لایەنەکان لەژێر گوشاردا چۆك دادەدات.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە پرسی جیۆپۆلەتیك ڕەهەند و ڕایەڵێکی گرنگە لەو تەنگژە و قەیرانانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادان و دێنە ئاراوە، هەروەها ئەم پرسە گرێ دراوە بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و چەندین وڵاتی دیکەی جیهانەوە. ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم پرسە دەڕوانن لەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕەکەی کەرتی غەززە؟**

- دەمەوێت سەرەتا ئەوە بڵێم، خەڵکی ئەوە نادیدە

**پشتیوانییەکی بەهێز هەیە لە نێو ناوخۆی ئیسرائیلدا و خەڵکی ئەو وڵاتەدا بۆ ئەو شەڕەی لە کەرتی غەززە هەڵگیرساوە**

**شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا تووشی جۆرێک لە چەقبەستبوویی بووەتەوە و بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی یەکێک لە لایەنەکان لەژێر گوشاردا چۆک دادەدات**

دەگرن کە دەوڵەتی ئیسرائیل وەکیلێکی هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە هەموو لایەنەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە سوپا و چاودێریی تەندروستی و کەرتی پەروەردە و بوار و کەرتەکانی دیکەی ژیانەوە، داهاتیان لەلایەن باجدەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دابین دەکرێت، ئەویش بە زۆری بە بێ ئاگایان لەمە بێت، یان بژارەیەکی ئەوتۆیان هەبێت لەبارەیەوە. لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکە کە دانیشتووانێکی گەشەکردوو و هەڵکشاوی جوولەکە لەخۆ دەگرێت، کە دید و تێڕوانینیان لەبارەی ئیسرائیلەوە زیاتر و زیاتر بەرەو دابەشبوون دەچێت، هەروەها نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە لە نێو ئەو وڵاتەدا (ئەمریکا) هەستێکی دژایەتی و دوژمنکاری هەیە لە نێو هەر دوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەدا (کۆماری و دیموکراتەکان) لە ئاست دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکارە ئاڵۆزانە پێمان دەڵێن کە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەك کاتدا بەشدارە لە یەکەم: لە ناوبردنی ژیانی فەلەستینییەکان لە کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا، دووەم: ڕەوانەکردنی هاوکاری و یارمەتییەکان بۆ ئاوارە فەلەستینییەکان کە بوونەتە قوربانیی شەڕەکە.

*** باشە دەکرێت بڵێین لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەت و ئەم شێوازی مامەڵەکردنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و کێشەکانی، بوونەتە هۆی ئەوەی وڵات، یان هێزە مەزنەکانی دیکەی جیهان بێن و کێبڕکێی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری لەم ناوچەیەدا بکەن؟**

- ئەوە ڕوونە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەست دەدات لە بەرانبەر چەند وڵاتێکی دیکەدا، بەتایبەتی کە ئەگەر چەند پرس و پەرەسەندنێك لە بەرچاو بگرین، بۆ نموونە لە ئێستادا ڕووسیا خاوەنی بنکەیەکی سەربازییە لە نێو سووریا و چینیش مامەڵەی بازرگانیی هەیە لەگەڵ ئێران و چەندین وڵاتی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا و ئەفریقا، هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە مێژووی ئەم دواییە ئەوەمان بۆ دەخەنە ڕوو، کە هەمیشە هێزی سەربازی و بەکارهێنانی (کە ئەمە سیاسەتی دەرەکیی پیادەکراو و پەیڕەوکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە)، شکستێکی کارەساتباری لێ کەوتووەتەوە و تەنیا بووەتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا لەسەر شانۆی جیهان.

*** ئێمە دەزانین کە پێش هەڵگیرسانی شەڕی غەززە، چەند وڵاتێکی عەرەبی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجام دابوو، تەنانەت باس لەوە دەکرا کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ماوەیەك، یان ئایندەیەکی نزیکدا لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلیشدا ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە بێتە ئاراوە. چۆن لە کاریگەریی ئەم شەڕە لەسەر ئەم پرسە دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە ئەم ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە بەردەوام دەبن؟**

- لە ڕاستیدا هێشتا حکومەتەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبیی دیاریکراو خواستی ئەوەیان هەیە کە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجام بدەن، بە چەشنێك کە ئەگەر دەرفەت و بواری ئەم ئاساییکردنەوەیە بڕەخسێت و بێتەئاراوە، ئەوا هەوڵ و کۆششەکانیان بەم ئاراستەیەدا دەخەنە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە گەلانی ئەم وڵاتە عەرەبییانە بە ڕوونی بەرهەڵستیی هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان دەکەن و پێیان وایە نابێت ئەم کارە بکرێت، تاوەکو زەمانەتی سەلامەتی خەڵکی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نەکرێت، هەروەها گەلانی عەرەب پتر چالاکن لە بایکۆتکردنی مامەڵەی بازرگانی و کڕینی کاڵا ئیسرائیلییەکاندا، کە ئاشکرایە ئەمەش دەرهاویشتە و دەرئەنجامی ئابووریی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە دەکرێت بەو شێوەیە گوزارشتی لێ بکرێت، کە کەلێن و دابڕانێك هەبوو لە نێوان حکومەت و گەلانی وڵاتانی عەرەبدا و شەڕەکەی کەرتی غەززە بووە هۆی قووڵکردنەوە و بەرفراوانکردنەوەی ئەم کەلێنە. سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا مامەڵەی بازرگانی لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیی دیاریکراودا لە ئارادایە و بەردەوامە، کە ڕەنگە ئەمە بەردەوام بێت و درێژەی هەبێت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی پەردەپۆشکراو و ئاشکرانەکراویش بێت، بە هەر حاڵ لەم ساتەوەختەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهات و پەرەسەندنانەی هاتوونەتە ئاراوە، ئەوا پێدەچێت گەیشتن بە ئاساییکردنەوەیەکی تەواوی پەیوەندییەکان کارێکی ئەستەم بێت.

خەڵکی ئەوە نادیدە دەگرن کە دەوڵەتی ئیسرائیل وەکیلێکی هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەمریکا وڵاتێکە کە دانیشتووانێکی گەشەکردوو و هەڵکشاوی جوولەکە لەخۆ دەگرێت، کە دید و تێڕوانینیان لەبارەی ئیسرائیلەوە زیاتر و زیاتر بەرەو دابەشبوون دەچێت

هەستێکی دژایەتی و دوژمنکاری هەیە لەنێو هەر دوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەدا (کۆماری و دیموکراتەکان) لە ئاست دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەمریکا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەست دەدات لە بەرانبەر چەند وڵاتێکی دیکەدا

# دادپەروەری لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو کۆمەڵە مافەی کە بە نەوەی سێیەمی مافەکانی مرۆڤ ناسراوە، وەك: مافی مرۆڤ بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و مافی مرۆڤ لە گەشەپێدانی بەردەوام، بە مانای پاراستنی ژینگە لە پێناوی نەوەکانی ئێستا و ئایندەدا، زۆر چەمکی دیکەش خرانە پاڵ چەمکی گۆڕانی کەشوهەوا، وەك چەمکی دادپەروەریی کەشوهەوا.

گۆڕانی کەشوهەوا وەك لە ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٩٢)دا هاتووە، بریتییە لە: ئەو گۆڕانە لە کەشوهەوادا کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چالاکییە مرۆییەکانەوە کار دەکاتە سەر بەرگە گۆی زەوی لە مەودای درێژخایەندا.


ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤیش بڕوای وایە کە گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیەکی هەنووکەیی و دوورمەودایە لەسەر گەلان و کۆمەڵگەکان لە گشت جیهاندا و، هەڕەشەیە لەسەر زۆرێك لە مافەکانی مرۆڤ وەك مافی ژیان و مافی دەستکەوتنی ئاو و خۆراك و مافی تەندروستی و نیشتەجێبوون، بۆیە پێویستە لەم ڕوانگەیەوە ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ بکرێت، لە چوارچێوەی گرتنەبەری هەر ڕێکارێك لە لایەنی (کەمکردنەوە) و (خۆگونجاندن) لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا.

لێرەوە ڕەهەندە ئاکارییەکانی دۆزی گۆڕانی کەشوهەوا هاتە ئاراوە وەك چەمکی (دادپەروەریی کەشوهەوا) لە کۆنگرەی هۆڵەندا لە ساڵی ٢٠٠٠ و، دواتریش لە کۆنگرەی بالی لە ئەندۆنیزیا لە ساڵی ٢٠٠٢، کە تێیدا (بنەماکانی بالی بۆ دادپەروەریی کەشوهەوا) کرا بە بناغەیەك بۆ بەدەمەوچوونی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا.

دادپەروەریی کەشوهەوا (کلایمت جەستیس) بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو بارگرانییە ناهاوسەنگەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کە لەسەر کۆمەڵگە هەژار و پەراوێزخراوەکان هەیە و، هەوڵدان بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی بارگرانیی ئەو کاریگەرییانە لەسەر ئاستە نێوخۆیی و نیشتمانی و جیهانییەکان، لە ڕێگەی ئەو دەستپێشخەرییانەی پشت بە تیۆرەکانی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی نێوخۆیی ژینگەیی دەبەستن.

وەك شێوەیەك لە شێوەکانی دادپەروەریی کەشوهەوا، ئەرکی پاراستنی ژینگە دوو پابەندیی دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ :

یەکەم: پابەندیی نەرێنی کە بریتییە لە سنووردانان بۆ ستایلەکانی بەکاربردن



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

و بەرهەمهێنانی زیانبەخش بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی.

دووەم: پابەندیی ئەرێنی کە بریتییە لە بەدیهێنانی جۆرێك لە بەڕێوەبردنی زانستی، بۆ بەکارهێنانی دەرامەتەکانی ژینگە بە ڕەچاوکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لەپێناو ئێستا و ئایندەدا.

دادپەروەریی کەشوهەوا لە چەند ئاستێکدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت، وەك:

ئاستی یەکەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان دەوڵەتەکاندا، کە ئەمەش دوو جۆر دادپەروەری لەخۆ دەگرێت:

دادپەروەری لە دابەشکردندا: بە مانای دابەشکردنێکی عادیلانەی ئەرك و بارگرانییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە تازەگەشەکردووەکاندا.

دادپەروەری لە قەرەبووکردنەوەدا: بە مانای قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتە هەژار و زیانلێکەوتووەکان و تازەگەشەکردووەکان، لەلایەن دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە لە ڕووی گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و دارایی پێویست بۆ دابینکردنی تێچووی پڕۆژەکانی کەمکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئاستی دووەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دادپەروەری لە ڕووی بەکاربردن و بەکارهێنانی دەرامەتە ژینگەییەکان، بەجۆرێك کە کاریگەریی خراپ و زیانبەخش بەجێ نەهێڵێت بۆ دەیان، یان سەدان ساڵی دواتری نەوەکانی داهاتوو.

ئاستی سێیەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان کۆی تاکەکانی هەمان کۆمەڵگە و، جەختکردنەوە لەسەر داڕشتنی یاسا و ڕێنمایی دادپەروەرانە بۆ هەمووان بەگشتی و، بۆ توێژە زیاد زیانلێکەوتووەکان و خاوەن توانا لاوازەکان بە هۆی گۆڕانی کەشوهەواوە بەتایبەتی.

لێرەو لە کۆتاییدا وەك بیرخستنەوەیەك، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە گرنگترین بنەماکانی چەمکی دادپەروەریی کەشوهەوا بدەین، کە بریتین لە:

بنەمای پێشگیری و ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە.

بنەمای چاککردن و بووژاندنەوەی ژینگە.

بنەمای سزادانی سەرپێچیکاران و ناچارکردنیان بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان.

بنەمای کارکردن بە بەرپرسیارێتیی هاوبەش لە ئامانج و جیاواز لە هۆکاردا.

بنەمای گەشەپێدانی بەردەوام بە قازانجی ئێستا و داهاتوو.

# لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا خانمان باس لە گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ هەڵەبجە دەکەن

ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٤، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی پارێزگای هەڵەبجەی کرد و چەندین بڕیار و پڕۆژەی بۆ پێشخستنی پارێزگاکە ڕاگەیاند. لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان، خانمانی هەڵەبجە باس لە گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ پارێزگاکەیان دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئامانجێکی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵەبجە، کردنەوەو و دانانی بەردی بناغەی پرد و ڕێگای هەڵەبجە -تووەقوت- قلیجە بوو، کە تێچووەکەی زیاتر لە ٣١ ملیار دینارە و لە ماوەی دوو ساڵ دەبێت تەواو بکرێت. هەروەها لەگەڵ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بۆ بەقەزابوونی خورماڵ و پێکهێنانی داهاتێك بۆ ئاوەدانیی ئەم شارە و دانانی میکانیزمێك، تاوەکو ئەو دوو مەرزەی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە (تەوێڵە و پشتەبەمۆ)، ساڵانە بڕێکی دیاریکراو لە داهاتەکەیان بۆ شاری هەڵەبجە خەرج بکرێت.

ڕۆژی ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ تا بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، هێزە ئاسمانییەکانی عێراق ١٥ جار شاری هەڵەبجەیان بۆردومان کرد. لە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا کاریگەرییەکانی ئەو گازانەی لە بۆردومانەکەدا بەکار هاتن، دەرکەوتن و هەزاران کەسی سڤیل گیانیان لەدەستدا و هەزارانی دیکەش بریندار بوون.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە مێژووی ناوچەکەدا، هێشتا کاریگەرییەکەی لەسەر خەڵکی شارەکە ماوە، تا ئێستاش ژمارەیەك لە بەرکەوتەی ئەو گازە خنکێنەرە بە ئازاری جەستەییەوە دەناڵێنن.

سندس حوسێن هەڵەبجەیی، چالاکی مەدەنییە و بەمجۆرە ستایشی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت دەکات: «سەردانی جەنابی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانێکی گرنگ و پر بایەخە بۆ خەلکی شاری هەڵەبجە. هەمووان دەزانین شاری هەڵەبجە لە پاش کیمیابارانکردنی و خاپووربوونی تا ئێستا ئاسەواری ئەو وێرانکارییە بە شارەکەوە دیارە و وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری نائومێدی و نیگەرانیی خەلکی هەڵەبجە و گلەیی و گازندەیان، بەڵام سەردانی ئەمجارەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە مایەی خۆشحاڵی و دروستبوونەوەی متمانە و هیوایەك بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی شارەکەمان. بەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانەی کە کەوتنە بواری جێبەجێکردن. بەتایبەت پڕۆژەی پردی تووەقوت کە دەرچەیەکی گرنگی ئابووری و گەشتیارییە و هەڵەبجە دەبەستێتەوە بە ئیدارەی گەرمیان و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بەمەش هەڵەبجە لەو داخراوییە ڕزگاری دەبێت و هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر دەکات، ئەمە و پڕۆژەکانی دیکەش کە بڕیاری لەسەر دراوە بۆ خزمەتگەیاندن بە شارەکە، جێگای ڕێز و پێزانینمانە. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆك وەزیران بۆ هەڵەبجە ئومێد و هیوایەکی گەورەی لە دڵی هەمووواندا دروست کردەوە».


زەهرا حەمە سەعید، کارگێڕی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە دێر زەمانەوە هەڵەبجە لانکەی شۆڕش و بەرخۆدان بووە و جێگای زانایان و شاعیران بووە. بەڵام هەڵەبجە زوڵم لێکراوە و تا ئێستاش ئاسەواری کیمیاباران و وێرانکاریی پێوە دیارە. سەردانەکەی جەنابی کاك مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە سەردانێکی گرنگ و مێژوویی بوو، شۆڕشێکی ئاوەدانی بۆ هەڵەبجە هێنا. گرنگترینیان دانانی بەردی بناغەی پردی توەقووت بوو، کە دەروازەیەکی گرنگ دەکاتەوە لە ڕووی بازرگانی و گەشتیاری و پیشەسازییەوە. کە پارێزگای هەڵەبجە دەکاتەوە بە ڕووی شارەزوور و دەربەندیخان و بەمۆ و گەرمیان. لەم سۆنگەیەوە هەڵەبجە دەبێتە دەڤەرێکی گەشتیاری و بازرگانی و پیشەسازی. هەڵەبجە لە شارێکی داخراوەوە، دەبێتە شارێکی کراوە. هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان لێی سوودمەند دەبن». گوتیشی: «هەڵەبجەییەکان چاوەڕوانن سەرجەم پڕۆژەکان بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، تا دڵنیا ببنەوە کە دەستی ئاوەدانی لەلایەن جەنابی کاك مەسرور بارزانی بە شارەکەیان گەیشتووە. هاوکات دڵنیا بووینەوە کە خوێنی شەهیدانی ئەم شارە لەلەیەن خەمخۆرانی ئەم گەل و نیشتمانەوە بۆ ساتێکیش فەرامۆش نەکراوە».

شەهێن هەڵەبجەیی، توێژەری دەروونییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هاتنی سەرۆکی حکومەت بۆ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان بە دەستی پڕەوە بووە و هاوکات دەڵێت: «سەرۆکی حکومەت شادی و بەهاری بۆ هەڵەبجە هێنا و برینی١٦ی٣ی سارێژ کردین. ئومێدی بێ ئومێدان سەرۆکی چاکسازی و هەمووان، خامۆشیی هەڵەبجەی ڕووناك کردەوە و گڕوتینی خستەوە نێو خێزان و گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بە پێدانی مژدەی کردنەوەی دەرگای دامەزراندن و دانانی چەندین پڕۆژەی پێویست لە هەڵەبجە. ئەو پڕۆژانەی جەنابی سەرۆکی حکومەت کە پێشکەشی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانی کرد، وەڵامێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانوت هەڵەبجە پەراوێز خراوە، ئەو بەڵێنە بوو کە فەرمووی: (دەمەوێ کاتێك بێمە هەڵەبجە، بە دەستی پڕەوە بێم) هەر بمێنێت بۆمان سەرۆکی ئاوەدانی و چاکسازی».



سندس حوسێن هەڵەبجەیی:

**سەردانی ئەمجارەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە مایەی خۆشحاڵی و دروستبوونەوەی متمانە و هیوایەك بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی شارەکەمان**



زەهرا حەمە سەعید:

**سەردانەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە سەردانێکی گرنگ و مێژوویی بوو، شۆڕشێکی ئاوەدانی بۆ هەڵەبجە هێنا**



شەهێن هەڵەبجەیی:

**ئەو پڕۆژانەی جەنابی سەرۆکی حکومەت کە پێشکەشی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانی کرد، وەڵامێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانوت هەڵەبجە پەراوێز خراوە**





# یاساناسان
# هاوسەرگیریی پێشوەختە و سۆشیال میدیا بە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوە دەزانن



بەپێی ئامار و داتاکانی دادگاکان، ساڵانە جیابوونەوەی هاوسەران بەراورد بە ساڵی پێشووتر لە هەڵکشانی بەردەوامدایە. هەر بەپێی ئامارەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئاماری تەڵاق و جیابوونەوە بە ڕێژەی ٤٢٪ زیادبووە و ئاماری گرێبەستی هاوسەرگیریش بە ڕێژەی ٢٤٪ کەمی کردووە .لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دا ٢٠ هەزار جیابوونەوە تۆمار کراون. هەر بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٢٠) ٧٥٦٦ جیابوونەوە تۆمار کراون. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ١٣،٩٦٧ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراون.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ١٣،٩٦٧ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراون**

**خراپیی بارودۆخی ئابووری و نەبوونی مووچە و قەناعەت نەکردن و ناپاکیی هاوسەری بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیرازەی خێزانی تێک دەدات**

**هاوسەرگیری بە تەمەنی منداڵی و هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکان خۆهەڵقورتاندنی کەسوکاری هەردوو لا و دەست خستنە نێو ژیانیان، کێشەی گەورەی هاوسەرانن**

بە گوێرەی زانیاری و ئاماری لیژنەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم ئەو کێشانەی ڕوویان کردووەتە لقەکانی یەکێتیی زانایان لە ساڵی ٢٠٢٣ بەتایبەت لە بواری سکاڵای خێزانی، بریتی بوون لە (٢،٨٢٨) حاڵەت و لە نێویاندا ئەوانەی نەگەیشتوونەتە چارەسەر و بە تەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی هاتووە، (١،٣٩١) حاڵەت بوون. هاوکات لە ماوەی یەك ساڵدا (٨٣٩) پرۆسەی ئاشتەوایی و سوڵحی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کوردستان ئەنجام دراون. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، هاوسەرگیریی پێشوەختە و سۆشیال میدیا بە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەکان دەزانن.

پارێزەر ژیلوان فەریق، سەبارەت بەهەمان پرس ڕای وایە: «پێش گەیشتن بە پڕۆسەی هاوسەرگیری، زەمینەسازی و پەروەردەکردنێکی تەندروستی کوڕ و کچی لەلایەن خێزان و ناوەندە پەروەردەییەکانەوە زۆر پێویستن، لە ئەگەری نەبوونی پەروەردەی دروست و زەمینەسازی بۆ کامڵبوون، ئاریشە خێزانییەکانی دوای هاوسەرگیری دەست پێ دەکەن، تادەگات بە قۆناغی هەڵوەشاندنەوە و جیابوونەوەی هاوسەران لەیەکتر». گوتیشی: «هۆکارەکان بە بڕوای من لە سەردەمی ئەمڕۆ زیاتر بریتین لە پەلەکردن لە چوونە نێو ژیانی هاوسەری پێش دیراسەتکردنێکی واقعییانە بۆ ئەو ژیانە پڕ لە ململانێ و چەرمەسەری و نزمبوونەوەی داهات و نەبوونی پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم ئاستەنگەکانی ژیان، گرفتی سەرەکیی هاوسەرانە».

ئەو پارێزەرە، جەختی لەوەش کردەوە کە «دروستکردنی خێزان، دونیای خەیاڵ و کۆمێنتی شاعیرانە و ئیمۆجییە پڕ لە هەستەکان نییە، بەڵکو واقیعێکە پڕە لە پابەندی و بەتایبەتی ئیلتزاماتی ڕۆحیی نێوان ژن و پیاو و منداڵ و کۆکردنەوەی دوو باوانە لە یەك ماڵدا». گوتیشی: «بەداخەوە لەم سەردەمە ژیانی هاوسەرگیری وەکو پێویستییەکی حەتمی نابینرێت، نەبوونی خۆشەویستیی ڕاستەقینە لەنێوان دوو هاوسەردا وا دەکات، لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی یەکتر چاوپۆشی نەکەن. هەروەها لە کاتێکدا لە دوو باوانی جیاواز و دوو پەروەردەی جیاواز خێزانێك پێك دەهێنرێت، پێش پێکهێنانی ئەم خێزانە کوڕ و کچ ئەگەر تا ڕاددەیەکی باشیش نزیك بن لە یەکتر و پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووبێت، باس لە بنەماکانی ژیان ناکەن و لە جیهانی خەیاڵ پێکەوە دەلکێن و تەنیا غەریزەکان بەتاڵ دەکەن. هەروەها هەڵبژاردنی بە هەڵە و بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ژیان لەسەر ویست و خواست و وەسفی کەسانی دیکە، دوور لە ئیرادەی خۆیان هۆکارێکی دیکەی کێشەی هاوسەرانە .واتە دەستێوەردانی کەسوکاری هەردوولا لە ژیانی تایبەت و گوێگرتن دوور لە گەنگەشەکردن لەلایەن هیچ کام لەلایەنەکان و بەگوێکردنیان هەنگاوێکی دیکەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و جیابوونەوەی هاوسەرانە. هەروەها دوورکەوتنەوە لە دابونەریتە جوانە کۆمەڵایەتییەکان و لاسەنگی بە لای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی و ترسناکی ئەم سەردەمەن، کە درەنگ، یان زوو سەر دەکێشێ بۆ ناپاکیی هاوسەری» .

ئەو یاسانا سە ئاماژەی بەوەش کرد کە «زۆربەی جارەکان گرفتەکان زۆر سادەن و دەکرێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، بەڵام بە هۆی غرووری ئافرەت و عینادیی پیاو دەیان کێشەی دیکە سەرهەڵ دەدەن و چارەسەرکردنیان ئاسان نابێت. نەبوونی ئەزموونی ژیان و دەرك پێنەکردنی کێشەکان نۆرماڵە، بەڵام لە کاتی بوونی گرفت، پێویستە ڕوو لە توێژەرە خێزانییەکان بکەن، بەداخەوە ئەم هۆشیارییەش تا ڕاددەیەکی ئێجگار زۆر لەناو خێزانەکان لە کاتی بوونی گرفتیان بایەخی پێ نەدراوە. هەروەها پەلەکردنە لە خێرا دەوڵەمەندبوون و زوو پێگەیشتن، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی قەناعەت و تێکۆشانی ژیرانەی نێوان ژن و پیاو و لێشێواندنی پلانی ژیان و نەگەیشتن بە هیچ کام لە خولیا و ویستەکانیان و تۆمەتدانە پاڵ یەکتر تا ئاستی گەیشتن بە جیابوونەوە. کچ بە شوودانیش لە تەمەنێکی کەم و هەڵنەگرتنی بەرپرسیاریەتی لەلایەن پیاو گرفتی گەورەن و ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە هەن بۆ دروستبوونی گرفتە خێزانییەکان و جیابوونەوەی هاوسەران».

چنوور مەحموود فەرمانبەرە و ڕای وایە: «هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە لە ڕووی شەرع و یاساوە و کاتێك کە دوو کەس بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، هیوا و ئاوات و خەونی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ ژیان هەیە و، ئاواتەخوازن تا کۆتایی تەمەن بە یەکەوە بن، بەڵام هەندێك جار ئەو دوو کەسە خەونەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە و ناتوانن درێژە بە ژیانی هاوبەشیان بدەن، لە کۆتاییدا هەڵوەشاندنەوەی خێزان و پەرتەوازەبوونی منداڵی لێ دەکەوێتەوە و شیرازەی خێزان تێکدەچێت». سەبارەت بە هۆکارەکانیشی گوتی: «خراپیی بارودۆخی ئابووری و نەبوونی مووچە و قەناعەت نەکردن و ناپاکیی هاوسەری بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیرازەی خێزانی تێك دەدات. هەروەها بەکارهێنانی خراپی سۆشیال میدیا و هاوسەرگیری بە تەمەنی منداڵی و

هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکان خۆهەڵقورتاندنی کەسانی هەردوو لا و دەست خستنە نێو ژیانیان، فەرامۆشکردنی بەرانبەر و گرنگی پێنەدانی لایەکیان، چوونە دەرەوەی پیاوان بە شەو بۆ گازینۆ و کافتریاکان و بێئاگایی لە ماڵ و منداڵ، هاوسەرگیری بە نهێنی و شاردنەوە لە ژنی یەکەم، نەبوونی منداڵ، کاریگەریی فیلم و دراماکان لەسەر خێزان، جیاوازیی تەمەن و کامڵ نەبوونی ئەقڵ، نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست و بێ ئاگایی دایك و باوك لە منداڵ کە بە چییەوە سەرقاڵە ئەوانە و زۆر هۆکاری دیکەی ژیانی هاوبەشی هاوسەران دەخاتە مەترسییەوە».

پارێزەر لانە ئامانج، کار لەسەر دۆسیەکانی باری کەسی لە دادگاکانی هەولێر دەکات و رایوایە هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، زۆربوونی توندوتیژیی خێزانییە، هاوکات دەڵێت: «ئێمە لە دادگاکان و لەناو بنکەکانی پۆلیس تێبینیی ئەوەمان کردووە، کەوا توندوتیژیی خێزانی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زیادبووندایە و زۆرجاریش بەهۆی توندوتیژیی خێزانی، تاوان روودەدات، هەروەها هۆکارەکانی دیکەش زۆرن، بەڵام کاریگەرترین هۆکاریان گرفتی دارایی، خیانەتی هاوسەری، شووکردن و ژنهێنانی پێشوەختەیە، بەشێکی دیکەی هۆکاری تەڵاق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆژیای ئایتی بە خۆیەوە بینیوە لە بواری سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت و بەشێك لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بوونە هۆکاری خیانەت و هەندێکیش پەیوەندی بەوەوە هەیە، زۆر ژن و مێرد بە هۆی خۆخەریککردن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییانە زۆر لە یەکتری دووركەوتوونەتەوە، سەرەنجامی ئەو دووركەوتنەوەیەش ساردبوونەوە و کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستیی نێوانیان بووە.» گوتیشی: «هەموو جۆرە ئالوودەبوونێك کێشە و ناکۆکی لێ دەکەوێتەوە و لایەنی دووەم بۆی هەیە داوای جیابوونەوە تۆمار بکات، ئەوەش تەنیا ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و قومار ناگرێتەوە، بەڵکو ئالوودەبوون ئینتەرنێتیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ژیانی هاوسەریدا، هەموو ئەم شتانە وادەکات هاوسەران لەبەر دڵی یەکتر نەمێنن و لە یەکتری سارد ببنەوە و یەکتر بێ تاقەت و بێزار بکەن.»

ئەژین ئیسماعیل، چالاکی مەدەنییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە کێشەکانی نێوان هاوسەران بۆ سۆشیال میدیا دەگەڕێننەوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من ئەو هۆکارە زۆرەی کە بووەتە کێشەی خێزانی، بۆ خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیال میدیای دەگەڕێنمەوە، کە لە ئێستادا هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، هەروەها زێدەڕۆیی لە خراپ بەکارهێنانی مۆبایلدا هەیە، هۆکارێکی دی زوو چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییە، بە بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی ژیانی هاوبەش بزانن، کە ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تەمەنی ئەم پرۆسەیە کورت بێت».

سەبارەت بە چارەسەریش بۆ کەمبوونەوەی کێشەکان گوتی: «هۆشیارکردنەوەی دروستی تاکەکان و بەتایبەتی دایك و باوکەکان بۆ پەروەردەیەکی تەندروستی ڕۆڵەکانیان و سانسۆردانان بۆ هەموو سایتە نادروستەکان زۆر پێویستن و دەبێت گیانی کۆمەڵایەتی زیندوو بکرێتەوە، پرۆسەی گیانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. چونکە بە هۆی ئەو ئامێرانەوە سۆز و خۆشەویستییەکانیش بوون بە ئەلیکترۆنی و کەس ئەو گیانە کۆمەڵایەتییەی تێدا نەماوە».

خەندە کەمال، پسپۆڕێکی بواری دەروونناسییە و هەر لەو بارەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق بەم شێوەیەی کە هەیە، مایەی نیگەرانییە و پێویستی بە چارەسەری خێرایە، لە پرۆسەی تەڵاق، منداڵ زەرەرمەندی یەکەمە و بێسەرپەرشت دەمێنێتەوە، چونکە لە هەندێك حاڵەتدا، نە دایك و نە باوك منداڵ بەخێو ناکەن و، ناچار منداڵەکە دەبرێتە خانەی بێسەرپەرشتان، منداڵێکیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بێ خێزان و پەروەردە و گەورە بێت، هەست بە کەمی دەکات، ئەم نەقسەش بو نەوەکانی داهاتوو لەگەڵی دەڕوات، واتە تاکێکی باش و پەروەردەکراو دەبێت، بێ نازی دایك و باوکی و دەیان تاکی دیکەی وەك خۆی دروست دەکات».

ئەو دەروونناسە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە: «هۆکاری زۆری ڕێژەی تەڵاق بۆ مۆبایل و ئینتەرنیت و سۆشیال میدیا و چاولێکەری و بێ ئارامی ژن و پیاوەکان دەگەڕێتەوە»، هاوکات دەڵێت: «هەندیك پیاو، یان ژن لەبەر هۆگریی بە مۆبایل و ئینتەرنێت ئەرکی هاوسەری و دایك و باوکایەتییان لە بیر چووتەوە، ئەوەندەی مۆبایلەکەیان لا گرنگە، مێرد و منداڵ، یان ژن و منداڵەکەیان لا گرنگ نییە، لە کاتێکدا هەم ژن و هەم پیاو، هەمیش منداڵ پێویستیان بە گرنگیپێدان و کات بۆ تەرخانکردنە، لە لایەکی دیکەوە، بەداخەوە ئێستا ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و مۆبایل و ئینتەرنێت، کارئاسانیی زۆریان بو خیانەتکردن کردووە، کە هۆکارێکی سەرەکیی زۆری تەڵاق و تێکچوونی شیرازەی خێزانە».

**لە ئەگەری نەبوونی پەروەردەی دروست و زەمینەسازی بۆ کامڵبوون، ئاریشە خێزانییەکانی دوای هاوسەرگیری دەست پێ دەکەن، تادەگات بە قۆناغی هەڵوەشاندنەوە و جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر**

**زۆربەی جارەکان گرفتەکان زۆر سادەن و دەکرێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێت، بەڵام بە هۆی غرووری ئافرەت و عینادیی پیاو دەیان کێشەی دیکە سەرهەڵ دەدەن و چارەسەرکردنیان ئاسان نابێت**

**ئەو هۆکارە زۆرەی کە بووەتە کێشەی خێزانەکان، خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیال میدیایە، کە لە ئێستادا هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە**

# ئاداری ئەمساڵ تایبەتترە

مانگی ئادار لە ناو گەلی کورددا مانگێکی زۆر تایبەتە، بەوەی زۆرترین یاد و ڕووداوی شاد و خەمگین، سەرکەوتن و شکست، جەژن و مەرگەساتی جیاجیای تێدایە، سەری ساڵی کوردی و جەژنی نەتەوەیی کورد لە مانگی ئاداردا، یادی لەدایکبوونی ڕابەری کوردان مستەفا بارزانی-یە و یادی کۆچی ماڵئاواییشی هەر لەم مانگەدایە، کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، یادی ڕۆژی ئافرەتان و چەندین یادی دیکەی تاڵ و شیرین لەم مانگەدا سەبارەت بە کورد و کوردستانییان کۆ بوونەتەوە، بۆیە ئەم مانگە تایبەتمەندیی جیاواز لە هەموو مانگەکانی دیکەی هەیە بۆ کورد، بەڵام ئەمساڵ و بۆ یەك دوو ساڵی دیکەیش تایبەتمەندییەکە بەهۆی ڕێکەوتی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لە ناو ئەم مانگەدا تایبەتمەندیی دیکەی پێ بەخشیوە و زایەڵەی (یا ڕەسولەڵڵا پاشای مەدینە) ئاوێتەی (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە) و (وەی لۆ لۆ وەی لۆ لۆ ئەزی داکەتم کەل و کاشخانا) و (بەتەنیا جێم مەهێڵە ئەمشەو زریان دەمچێنێ) دەبنە ئەو ئاوازانەی دەڕژێنە ناو ڕۆح و دەروونی مرۆڤی کورد، کە ڕەنگە جگە لەم یەد دوو ساڵە، تا چەندیین ساڵی دیکەی دوور ئەو تێکەڵبوونە ڕۆحییە لە هەردوو دیوی ئایینی و نەتەوەیی وەها یەکانگیر نەبنەوە، بۆیە ئەم ئادارەی ئەمساڵ دەکرێ بە ئادارە ڕۆحییەکەی کورد بناسێنین.

ئەم زایەڵەی ئەمساڵ زایەڵەیەکی تایبەتە لە سرووشت و سروودی کوردی و سرووتی ئایینی، کە مرۆڤی کورد لە ئاست خۆی پڕ دەکا لە جۆش و خرۆشی هەم شاد و هەم خەمگین.
ئەم یاد و بۆنانەی لە مانگی ئاداردا کۆبوونەتەوە، هەموویان مایەی ئەوەن کە تێکڕای تاکەکانی کورد و لایەنەکانیش لە یەك نزیك بکاتەوە و هەمیشە ئەو یادانە هەوێنی پێکەوەیی و تەبایی بوون، جەژنی نەورۆز، یادی مستەفا بارزانی، یادی هەڵەبجە و تێکڕای یادەکانی دیکە، هەمیشە وایان کردووە کورد لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و بەیەکەوە ئەو یادانە بکەنەوە، جا کە ئەمساڵ مانگی ڕەمەزانی پڕ عیبادەتیشی کەوتووەتە ناو و ڕەمەزانیش بە هەموو سرووتەکانەوە هەمیشە مانگی برایەتی و خۆشەویستی و کۆمەك و هاوکاری و گەرەدەن ئازادیی نێوان تاك و کۆی خەڵك بووە، بۆیە ئەم ساڵ ئەم مانگی ئادارە بەو هەموو تایبەتمەندییە، ئەو ڕۆحییەتی برایەتی و تەباییە لە ناو گەلەکەماندا زیاتر دەکات و هەموویان لەدەوری یەك بەرنامە و دیدگە بۆ ئایندەی گەشی کوردستانی کۆ دەکاتەوە، مەگەر کەسانێك بە تەوای لە هێڵ و ئامانج و پرنسیپی کوردبوون لایاندابێت و چووبنە بەرەی دوژمنان و داگیرکاران، کە هەڵبەتە نە بەخششێکیان پێ دەبڕێ و نە لە کۆتی دیلی و ملکەچییش دەربازیان دەبێ و لە ڕەزالەت و



فەرهەنگ غەفوور

سەرشۆڕیی زیاتر هیچی دیکەیان پێ نابڕێت. بۆیە ئەم مانگە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی هەستی مرۆیی و هەستی نیشتمانی و هەستی نەتەوەیی و کوردبوونیان لە ڕۆحدا هەیە، کە لە بازنەی کوردبوون و کوردستانیبووندا، لەسەر سفرە و مێزی برایەتی دابنیشن و برایەتی و یەکگرتووی و تەبایی بکەن بەو ئامرازە بەهێزەی، کورد پێی ڕووبەڕووی دوژمنان و داگیرکراران ببنەوە.

لەوەتەی کورد هەیە، لەم مانگی ئادارە، کاتێ سروشت خۆی نوی دەکاتەوە، مرۆڤی کوردیش ڕۆحی نوێ دەبێتەوە و خوێنی و هەستێکی نوێی دێتەوە ناو دڵ و دەروون و بەهێزتر و پتەوتر هەنگاو بۆ ئامانجەکانی دەنێ، بۆ ئێستاش لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەو ڕۆحییەتە بەرزە و ئەو هەست و خرۆشانە نەتەوەییە هەیە، بەتاییبەت کە دوژمنەکانمان بە هەموو شێوەیەك هێرشیان بۆ سەر قەوارەی ئازاد و دیموکراسییەکەی هەرێمی کوردستان دەست پێ کردووە و هەموو ڕێگەکانیان گرتووەتەبەر، بە ئومێدی ئەو خەونەی بتوانن شکست بە کورد و حکوومەت و دەسکەوتەکانی بهێنن، بێئاگا لەوەی کە هێز و دەسەڵاتی لەوان بەهێزتر و دڕتر نەیانتوانی بەو خەونەیان بگەن و ئەمانەش پێی ناگەن، جا چ پشتیان بە هێزگەلی دەرەکی یان زرەکوردی ناوخۆیی بەستبێت، چونکە کورد وا خوڵقاوە، بۆ هەموو زەمان و سەردەمێك هەر ئامادەی بەرگری و قوربانیدانە بۆ مانەوەی خۆی و ئازادی و سەربەخۆیی خۆی، کە ئەگەر ئەمرۆ بە بەشێك لەو خەونەی گەیشتبێ، ئەو ڕۆژگارەش دێ کە بە خەونی گەورەتری بگات، هەرچەندە دوژمنی زۆربن و تاکتیك و ستراتیژی کاتی و دوورمەودا، بە پاڵپشتیی ئیقلیمی و ناوخۆیی لە بۆردومان و نانبڕین و فشاری جۆراوجۆر و گەلەکۆمەکی بەرامبەر بە خەڵکی سەرفرازی کورد و حکوومەتە خۆڕاگرەکەی بگرنە بەر.

لایەنێکی دیکەی مانگی ئادار وەك ئاماژەم پێی دا، سروشتی خواکردی دڵڕفێنە، کە ئەرك و بەرپرسیاریی هەموومانە بیپارێزن و پاك و خاوێن ڕایبگرین، بەتاییبەت کە ئەم مانگە گەشت و سەیرانی بەکۆمەڵی خەڵك بۆناو سرووشت، بەرنامەی تەواوی خەڵك بۆ ناو ئەم مانگە دەبێ و پێویستە ئەم ژینگە جوان و پاك و خاوێنە بە پاکی بپارێزین و نەبینە مایەی پیسبوون و تێکدانی ژینگە و سرووشتی خواکردی بەهاری کوردەواری.

ماوەتەوە کە پیرۆزبایی گەرم لە تەواوی کوردستانییان بکەین، بۆ تەواوی یادە شاد و سەرفرازەکان و هەمیش بۆ هاتنی مانگی پڕ عیبادەتی ڕەمەزان، دڵنەوایی و هاوبەشیی هەموو ئازار و خەمەکانی تاك بە تاکی گەلەکەشمان بین لەم مانگەدا، بۆ هەموو یادە مەرگەساتبارەکان.



### هونەرمەند هەرێم محەمەد بۆ گوڵان:

# لەم سەردەمەدا گۆرانیی سینگڵ پێویستە بۆ ئەوەی بە خێرا بگاتە جەماوەر

**هونەرمەند هەرێم محەمەد توانیویەتی بە بەرهەمە جوان و تایبەتەکانی، خۆی جیا بکاتەوە لە نێو گۆرانیبێژەکانی دیکەدا، بەم دواییە چەند بەرهەمێکی خۆی بە شێوازی سینگل بڵاو کردووەتەوە، وەکو خۆی دەڵێت حەز دەکات زوو زوو دەربکەوێت، بۆیە ئەم شێوازەی گرتووەتەبەر، لە دەرفەتێکدا هونەرمەند هەرێم محەمەد بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: ئەحمەد تاریق**

*** لە لایڤ موزیکد زیاتر داوای کام گۆرانیت لێ دەکرێت ؟**

- لایڤ موزیك لەو شوێنانە دەکەم کە شوێنێکی جوان و خەڵکی جوانی لێ کۆدەبێتەوە، لەوێ ئەم گۆرانیانەم زۆر لێ داوا دەکرێت کە گۆرانییەکانی خۆمن، لەوانە گۆرانییەکانی (ئازار ئازار، پیر بوومە و تەبیب) ئەو سێ بەرهەمەم بووەتە جێگەی سەرنج و خواستی هەموو جەماوەرەکەم، من حەزێکی تایبەتم بۆ هەموو بەرهەمەکانم هەیە، بێ جیاوازی هەموو بەرهەمەکانم خۆش دەوێت و بوونەتە بەشێك لە ژیانم، بۆیە هەمیشە حەز دەکەم لە لایڤەکانمدا ئەو گۆرانییانە بڵێمەوە کە جەماوەر داوای دەکەن و حەزیان لێیەتی.

*** ئەگەر لایڤ موزیك نەکەیت، دەتوانیت بە هونەرەکەت بژیت؟**

- بەڵێ، چونکە من کەسێکی دەستڕەنگینم و جگە هونەری گۆرانیگووتن چەند کارێکی دیکە شارەزاییم هەیە، بەر لەوەی کاری هونەری بکەم کاری ڕاگەیاندن و ئەندازیاریی دەنگیشم کردووە.

*** گۆرانیی (بەڵێن) یەکێك بوو لە گۆرانییەکانی تەنیا ئیدریس، هەڵوێستی چی بوو؟**

- هونەرمەند تەنیا ئیدریس ئاگادار بوو لەوەی کە ئەم گۆرانییەی دەڵێمەوە، کە بڵاو بووەوە بەرهەمەکەی بینی و دەستخۆشیی لێکردم.

*** گۆرانیی ئازار ئازار دەنگدانەوەکی باشی هەبوو، ئایا ئازاری خۆت بوو کردت بە گۆرانی؟**

- هیچ کەسێك نییە ئازاری نەبێت ئەو بەرهەمەش کە دروست بوو ئازاری خەڵك بوو نەك هی خۆم، چونکە بە حوکمی ئەوەی ڕۆژانە لە ناو خەڵکداین دەزانین چ ئازارێکی هەیە، ئێمەش دەیکەینە گۆرانی.

*** ئەو ئامانجە چییە کە حەز دەکەیت پێی بگەیت؟**

- لە هونەردا حەز و خەونێکی گەورەم هەیە، بۆیە حەز دەکەم بە هونەرەکەم بتوانم بەرهەمەکانم بە هەر چوار پارچەی کوردستان بگەینم و وڵاتانی دراوسێش ئاشانایەتییان بە هونەری کوردی هەبێت، حەزدەکەم وەکو کەسایەتییە نەمرەکان بەرهەمەکانم پاش چەندین ساڵی دیکە بە زیندوویی بمێننەوە.

*** هونەرمەند فەرهاد زیرەك هاوڕێیەکی نزیکتە و بە مامۆستای خۆتی دەزانیت، ئەو چ ئامۆژگارییەکت دەکات؟**

- مامۆستا فەرهاد زیرەك هونەرمەندێکی گەورە و جوانە هونەری جوان و سەردەمییانەی پێشکەش کردووە و، جەماوەرێکی تایبەت بە خۆیی دروست کردووە، هەمیشە پێم دەڵێت کەسایەتی و هونەرەکەت بپارێزە و شتێك مەکە لە دوارۆژدا کاریگەریی لە کەسایەتیت بکات.

*** چۆن دەتوانیت وا بکەی کارەکان جیاواز بن؟**

- پێویستە کارێك بکەیت جیاواز بێت لە هونەرمەندەکانی دیکە، هەروەها لەگەل حەزی گوێگردا کاربکەیت و ستایلێکی جیاواز و چیرۆکێکی جیاواز بێت لەگەل بەرهەمەکانی ئێستا.

*** ماوەیەك لە ڕاگەیاندن کارت دەکرد، بۆچی ئێستا لە ڕاگەیاندندا نابینرێیت؟**

- لە ڕاگەیاندندا وەکو تەکنیککار کارم دەکرد نەك ڕاگەیاندنکار، بەڵام ئێستا کارناکەم و زیاتر بە هونەرەکەم سەرقاڵم و دەمەوێت ئەو پەیامەی لە هونەردا هەمە بیگەینم.

*** لە گۆرانییەکتدا باسی گەڕەکی تەیراوە دەکەیت، بۆچی لەم هەموو گەڕەکە بەس تەیراوەت باس کردووە؟**

- گۆرانیی (ماڵی یار) باسی هەموو گەڕەکەکان دەکات، لەوانەش تەعجیل و تەیراوە، بە حوکمی ئەوەی دوو گەڕەکی کۆن و جوانی ئەم شارەن، بۆیە پێم خۆش بوو لە تێکستەکەدا هەبێت، ئەگەرنا هەموو کووچە و کۆڵانەکانی کوردستان بە ماڵی خۆمیان دەزانم.

*** ژیانی هەرێم محەمەد چۆنە؟**

- وەکو کەسێکی ئاسایی ژیانی خۆم دەکەم و هیچ گۆڕانکاری بە سەر ژیانی مندا نەهاتووە، ڕۆژانە بە لایڤ موزیك و هونەرەکەم و وەرزشەوە کاتەکانم بەسەر دەبەم.

*** پرۆژەی تازەت چییە؟**

- خەریکی ئەنجامدانی چەند بەرهەمێکم، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کەوتینە نێو مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە بەرهەم و لایڤ موزیکەکانم لەم مانگەدا دەوەستێنم، دوای جەژن ئیتر دەست بە کارەکانم دەکەمەوە و بەرهەمی نوێش بڵاو دەکەمەوە.

*** زۆرێك لە هونەرمەندان کە دەگەنە ئاستێکی باش، لە هونەر دادەبڕێن، تۆش لە ئاستێکی باشی هونەریدایت، بیرت لە واز هێنان لە هونەر نەکردووەتەوە؟**

- هەر هونەرمەندێك بیرکردنەوەکی جیاوازی هەیە، من هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە لە هونەرەکەم دوور بکەومەوە، چونکە هونەر شتێکی تایبەتی ژیانی منە.

*** بۆچی گۆرانییەکانت بە سینگڵ بڵاو دەکەیتەوە نەك ئەلبووم، ئایا بیرت لەوە نەکردووەتەوە بە ئەلبووم گۆرانییەکانت بڵاو بکەیتەوە؟**

- لەم سەردەمەدا دەبێت کاری خێرا بکەیت، ئێستە سەردەمی جاران نییە کە بە یەکجار دوازدە گۆرانی بەیەکەوە بڵاو بکەیتەوە، دەبێت جەماوەر زوو بەرهەمەکانی بەدەست بگات و کارێکی جوان و جیاواز بکەیت.



میدیا بێخود

یاریزانی کاراتێ یانەی ئاڵا:

# هەرکاتێ ئەنجامێکی باشم دەبێت ماندووبوون و هیلاکیم بیر دەچێتەوە



یانەی ئاڵای سەر بە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش، یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدابوون، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە (میدیا بێخود)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ و ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتێی یانەکە، جگە لە یانەی ئاڵا یاری بۆ هیچ یانەیەکی دیکەی کوردستان نەکردوە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- حەزو خولیاییەکی زۆرم هەبوو بۆ وەرزش و بە تایبەتی وەرزشی کاراتێ.

*** لە نێو ئەم هەموو وەرزشە چۆن بوو یاریی کاراتیێت هەڵبژارد؟**

- بە یارییەکی زۆر جیاوازم زانی بۆ کچان، ویستم وەرزشێکی جیاواز هەڵبژێرم بۆیە یاریی کاراتیێم هەڵبژارد.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورس و شەڕانگێزیت هەڵبژاردوە؟**

- نەخێر هەموو کات ویستوومە سەرکێشی ئەنجام بدەم.

*** ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەداخەوە هیچ پەرەیەك بە وەرزشی کاراتێ نەدراوە بە تایبەتی بۆ کچان، جگە لەوەش هیچ پاڵەوانێتییەك بۆ کچان ئەنجام نادرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- گرینگیدان بە هۆڵە وەرزشییەکانی کاراتێ و بۆ بەرەوپێشچوونی یاریزان پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

- بوون بە پاڵەوان و گەیشتن بە ئامانج.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

- کاتێ کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنم و ئەنجامێکی باشم دەبێت ماندووبوون و هیلاکیم بیر دەچێتەوە.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانیت؟**

- هیچ کەسێك بە ڕکابەری خۆم نازانم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- ئاواتم ئەوەیە کە لە دوایی خۆم تەندروستییەکی باش و مێژوویەکی جوان جێ بهێلم.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- لە بەر ڕێگری خێزانەکانیان، کە یان دەڵێن یاریی کاراتێ بۆ کچان گونجاو نییە.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم یاریی کاراتێ زیاتر بەرەوپێش بچێت لە کوردستان، زیاتر گرنگی بە یاریزانی کچ بدەن و پاڵەوانێتی بۆ یاریزانان بکرێتەوە.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردوویت؟**

- نەخێر، جگە لە یانەی ئاڵا هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووم.


*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشتمن و لە هەموو کاتێکدا یارمەتیدەرم بوون، بە تایبەتی دایکم.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەمووە پاڵپشتییەی یاریزانانی کوردستانی دەکات.





# ڕاهێنەری ئیسپانیا لەسەر براهیم دیاز هاتە دەنگ

لویس دی لا فۆینتێ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا باس لە هەڵوێستی براهیم دیازی یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید دەکات، کە بڕیاریداوە لە نێوان هەڵبژاردەی ئیسپانیا و مەغریبدا ئەمەی دوایی هەڵبژێرێت وگوتی: هەر کەسێک ئازادە لە بڕیاردان و ڕێز لە بڕیارەکەی براهیم دیاز دەگرم.

لویس دی لا فۆینتێ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەبارەی بڕیارەکەی براهیم دیازەوە زیاتر گوتی: بڕیاردان و توانای هەڵبژاردنی ئازادانە یەکێکە لەو توانا جوانانەی مرۆڤ هەیەتی تەنیا بەمشێوەیە دەتوانیت گەشەبکەیت، بەڵام ئەگەر گومانت هەبێت یان ئەگەر گوتت دەتویست، بەڵام ئێستا ناتەوێت یان ئەگەر بیانوو بهێنیتەوە و داواکاری و مەرج بخەیتەڕوو، پێموانییە ئەوە خاڵی دەستپێکێکی باش بێت، سێ مەرج هەیە بۆ ئەوەی ببیتە یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانی، یەکەم: دەبێت بتوانی یاری بکات و دەبێت شیاو بێت، دووەم: دەبێت ئارەزووی هەبێت دەستنیشانبکرێت، سێیەم: دەبێت لە لایەن ڕاهێنەرەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام گرنگترین مەرج ئەوەیە، کە دەبێت ئارەزووی هەبێت بەبێ ئەوەی داواکاری و مەرجی هەبێت، بەهەمان ماف و ئەرکەکانی دیکەی یاریزانانی تیپەکە.

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا زیاتر گوتی: قسەم لەگەڵ دیاز نەکردووە من ئەو کەسەم، کە لیستی بانگهێشتکردن ئامادە دەکەم یاریزانەکانیش دیاری دەکرێن یان نا، دوای ئەوە خۆیان بڕیاری خۆیان دەدەن نامەوێت بەردەوام بم لە قسەکردن لەسەر براهیم، بەڵام چەند جارێک لە نێو هەڵبژاردەکانی مندا بوو پێموایە من ئەو ڕاهێنەرەم، کە زیاتر ئەوم لە ئەوانی دیکە زیاتر هەڵبژاردووە خوار ١٩ساڵان، خوار ٢١ ساڵان و هەڵبژاردەی یەکەم ڕێزی دەگرم و هیوای باشترینی بۆ دەخوازم ئەو ئازادە لە بڕیاردان و من بەتەواوی ڕێز لەوە دەگرم.







# بەرشلۆنە چاوی لە یاریزانێکی لیڤەرپووڵە

گومان لەسەر داهاتووی لویس دیاز دروست بووە لەگەڵ لیڤەرپوڵ و زانیارییەکانیش باس لەوە دەکەن بەرشلۆنە چاوی لەسەر یاریزانەکەیە.

هێرشبەرە کۆلۆمبیەکە لەساڵی ٢٠٢٢ لە پۆرتۆ بە بڕی ٣٧ ملیۆن پاوەند ڕووی کردە لیڤەرپوڵ لە چەند هەفتەی ڕابردوودا پرسیار لەسەر داهاتووی لە لیڤەرپوول سەریهەڵداوە.

بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەرێکی کۆلۆمبی بریکارەکەی دیاز نرخێکی باوەڕپێنەکراو خستووەتە سەر یاریزانە ٢٧ ساڵانەکە و بە یانەی بەرشلۆنە ڕاگەیاندووە، کە دەبێت تا بڕی ١٤٠ ملیۆن یۆرۆ بدەن گەر بیانەوێت دیاز لە لیڤەرپوول بگوازنەوە.

لویس لە ٨٥ یارییدا لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان ٢٢ گۆڵی بۆ لیڤەرپوول تۆمار کردووە.



# بینیتیز دوورخرایەوە

ڕافایل بێنیتیز بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لە ڕاهێنەرایەتیی سێلتاڤیگۆ دوورخرایەوە.

یانەی سێلتاڤیگۆ بڕیاری دوورخستنەوەی ڕافایل بێنیتیز ڕاهێنەری ئیسپانی یانەکەی ڕاگەیاند، کە لە دوایین یاریی سێلتاڤیگۆ لە خولی ئیسپانیا ٤-٠ بەرانبەر ڕیال مەدرید دۆڕا و هێندەی دیکە لە ناوچەی دابەزین بۆ خولی یانە پلە دووەکان نزیکبووەوە.

سێلتاڤیگۆ بە کۆکردنەوەی ٢٤ خاڵ لە پلەی حەڤدەمی خولی ئیسپانیا دێت و لەکۆی ٢٨ یاری تەنیا پێنج بردنەوەی بەدەستهێناوە و تووشی ١٤ شکست بووە، سێلتاڤیگۆ لە دوایین پێنج یاریی لە خولی ئیسپانیا تووشی سێ دۆڕان بووە و تەنیا بردنەوەیەکی بەدەستهێناوە.




# گەرمیانییەکان نوێنەرێکیان گەیشتە نایاب

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ڕزگاریی شاری کفری سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەشدار بوو، یانەکە لەگەڵ دەستپێکی وەرزی نوێی خولەکە توانی تیپێکی تۆکمە دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لە سەر ئەنجامی شایستە و گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بکەن، لە کۆی ئەنجامدانی ١٥ یاریی لەم وەرزەش یانەکە توانی ١١ یاری بباتەوە و دوو یاری یەکسان بێت و دوو یارییشی دۆڕاندوە، یانەی ڕزگاریی نوێنەری گەرمیانەکان لە خولی پلە یەك بە کۆکردنەوەی ٣٥ خاڵ توانی بە پلەی دووەم سەرکەوێت بۆ ڕیزی یانە نایابەکانی کوردستان، وەرزی تازە شان بە شانەی یانەی شێروانە دەبێتە نوێنەری دەڤەری گەرمیان لە خولی نایاب، لەم وەرزەدا یانەکە خاوەن گۆڵپارێزێکی بەتوانا بووە کە تەنیا هەشت گۆڵی لێ کراوە و خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشبەریش بووە، کە توانیویانە ٢٦ گۆڵ لە تیپەکانی دیکە بکەن، یانەکەش چاوی لەوەیە بۆ وەرزی نوێی خولی یانە پلەنایابەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمە و تیپێکی بەهێزەوە، بێنە نێو کێبڕکێیەکانی خولەکە، هەریەك لە یانەکانی خانەقین و هەڵەبجەی شەهیدیش دابەزین بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکان.

# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی گۆڕەپان و مەیدانیان کۆنترۆڵ کرد




لە شاری سلێمانی لە سەر یاریگەی یانەی زانکۆی سلێمانی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری یانەکانی شارەکانی عێراقی، پاڵەوانێتیی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی عێراقی بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی عێراقی بە هاوکاری لقیی سلێمانی یەکێتییەکە، لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بۆ ئاستەکانی پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتوان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا کچە یاریزانانی شارەکانی سلێمانی و کەلار، توانیان ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن، لە ئاستی کوڕانیش یانەکانی شاری بەغداد توانیان کۆنترۆڵی ئەنجامی یارییەکان بکەن لە یارییە جیاوازەکاندا، کچە یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی باڵادەستیی خۆیان لە پاڵەوانێتیەکە نیشاندا و توانیان لە سەرجەم یارییەکان ئەنجامی شایستە و پێشەنگ بوون بەدەست بهێنن، کچانی شێروانەی کەلاری لە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان توانیان ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن، ئەنجامی کۆتایی تیپەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی کچان**

١-پێشمەرگەی سلێمانی ٢١٠خاڵ

٢-نەینەوا ٢٠٣خاڵ

٣- شێروانە ٥٢خاڵ

**کوڕان**

١-جەیش ٢٧٦خاڵ

٢-شورتە ٢٥١خاڵ

٣-حەشد ١٨٥خاڵ

**ئاستی لاوان**

١-حلە ٢٥٤،٥خاڵ

٢-بەسرا ١٨٥،٥خاڵ

**تازەپێگەیشتوان**

١-حلە ٢٣٣خاڵ

٢-گازی باکوور٢٠٢خاڵ

٣-سەلام ١٨١خاڵ

٤-خانەقین ٦٦خاڵ

# شەترەنجی خانزاد ئەنجامی دڵخۆشکەر بوو

لە شاری بەغدا بە بەشداریی ١٤ یانەی شارەکانی عێراقی، پاڵەوانێتی شەترەنجی نایابی یانەکان بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، تیپی شەترەنجی یانەی خانزاد نوێنەری یانەکانی شاری هەولێری پایتەختی کوردستان، توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە تەواوی پاڵەوانێتییەکە و، پلەی دووەمی ڕیزبەندی یانەکانیان دەستەبەر کرد، لەم بارەشەوە دڵزار حەمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە بەهێز بوو ١٤ یانە لە شارەکانی عێراق و کوردستان بەشداریی کێبرکێیەکانی پاڵەوانێتییەکەیان کردبوو، یاریزانانی تیپەکەمان توانیان ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن و، بە شایستەیی توانیان پلەی دووەمی ڕیزبەندی یانەکان بەدەست بهێنن، بە هیوای ئەوەشین لە داهاتوو لە پاڵەوانێتییەکاندا بتوانین ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆ هەر یانەیەك بە حەوت یاریزان بەشداری کردبوو لە ئاستی کچ و کوڕان.

١-یانەی ئیتسالات

٢-خانزاد

٢-کارەبا

٤-پێشمەرگەی سلێمانی





# ئایا دابەزاندنی کێشی لەش بەخێرایی زیانی هەیە؟

بەڕێوەبەرایەتیی خۆراك و دەرمانی ئەمریکی FDA هەرگیز پشتگیری لە بەکارهێنانی هەموو ئەو ئاوێتە و پێکهاتانە ناکات کە ڕێکلامی درەوشاوە وبریقەداریان بۆ دەکرێت، گوایە کێشی لەش بە خێرایی و بێ زیان دادەبەزێنن، بەڵکو تەنیا پشتگیری لەو دەرمانانە دەکات کە بە چەندین توێژینەوە و ڕێکاری زانستی و پزیشکی تێپەڕدەبن. ئەمە ڕوونە کە هیچ دەرمانێك یان خۆراکێکی تایبەت نییە کە ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش بە خێرایی، بەڵکو ئەوە کەمکردنەوەی بەرچاوی کالۆری و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشییە، کە ئەو ئامانجە دەپێکێت. دابەزاندنی کێشی لەش بەخێرایی بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر لەش و لە پێویستییە فیزیکییەکانی زیاد دەکات، هەروەها زیانی لابەلای تری هەیە وەکو: ئەگەری دروستبوونی بەردی زراو تا ڕێژەی ١٢-٢٥٪، کەمبوونەوەی ڕێژەی لەی بەش Dehydration، بەدخۆراکی Malnutrition کە زیاتر لە ئەنجامی کەم وەرگرتنی پرۆتین بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك ڕوو دەدات، تێکچوونی هاوسەنگیی سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و کلۆراید لە لەشدا، هەروەها سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی لەش، سەرسووڕان، قەبزی، هەڵوەرین و تەنکبوونی قژ، پووکانەوە یان کەمبوونەوەی بارستایی پەیکەرە ماسوولکەکان، لەگەڵ تێکچوونی ڕیتمی سووڕی مانگانە لە ئافرەتدا.



# بەهای خۆراکیی شویت

شویت دەوڵەمەندە بە ریشاڵ، پرۆتین، مادده دژەئۆکسانەکان بە جۆری فلاڤۆنۆیدەکان Flavonoids، ڤیتامینەکانی A، B1، B2، B3، B6، B9 (فۆلەیت)، C، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، زینك. سوودە تەندروستییەکان: سووککردنی خەوزران، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن و جێگیرکردنی ئاستی هۆرمۆنی ئینسۆلین، بۆیە بە سەوزەیەکی گونجاو دادەنرێت بۆ تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە، پاراستنی تەندروستیی ئێسك بەهۆی رێژە بەرزەکەی کانزای کالسیۆم، کە رۆڵی هەیە بۆ پاراستنی چڕیی کانزایی ئێسك، کەمکردنەوەی کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ریخۆڵەدا، خۆپاراستن لە گەلێك هەوکردنی بەکتریایی چونکە شویت چالاکیی دژی بەکتریای هەیە، سووککردنی سکچوون و بەدهەرسی، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا لەگەڵ سووککردنی ئازاری هەوکردنی جومگە، بەتایبەتی هەوکردنی رۆماتۆیدی جومگەکان لەبەر ئەوەی کە شویت سفەتی دژەهەوکردنی هەیە، رێکخستنی سووڕی مانگانەی ئافرەت لە رێگەی هاندانی دەردانی چەند هۆرمۆنێکدا کە رۆڵیان هەیە بۆ سووڕێکی دروستی مانگانەی ئافرەت، باشترکردنی تەندروستیی دەم،بەتایبەتی پاککردنەوەی لە میکرۆبی زیانبەخش هاوکات لەگەڵ پاراستنی تەندروستیی پوك و ددانەکان، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردن و گرفتەکانی دیکەی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی پاککردنەوەی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە لە دەردراو و سووککردنی کۆکە.



# لە ژەمی بەربانگدا ئەم خۆراکانە کەم بکەرەوە

واباشترە کە لە ژەمی بەربانگدا بڕی وەرگرتنی کالۆری سنووردار بکرێت لە رێگەی خواردنی بڕی بچووك لە خۆراکی تەندروست، بەمەبەستی رێگرتن لە هەستکردنی زۆری رۆژووان بە هیلاکی و برسیبوون و کەمبوونەوەی تەرکیز، بۆنموونە دووركەوتنەوە لە:

- شلەمەنییە شیرینکراوەکان Sweet bev-erages، هەروەها دواخستنی خواردنی شیرینی بۆ دوو بۆ سێ کاتژمێر پاش بەربانگکردنەوە، بە مەرجێك بە بڕی کەم بێت، چونکە بڕی زیاد هۆکارە بۆ دواکەوتنی هەرسبوونی خۆراك و کۆبوونەوەی گاز لە رێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرسدا، هاوکات لەگەڵ هەڵبەزین و دابەزینی ئاستی شەکری خوێن کە ئارەزووی خواردن بۆ شیرینی زیاد دەکات.
- بڕی زیادی خۆراکی پرۆتینی، چونکە دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی رێژەی شلەی لەش و زیاد هەستکردن بە تینووبوون.
- خۆراکی سوێر یان شۆر، بۆنموونە خیار شۆر، ترشیات، زەیتوون، سۆوسەج و گۆشتی پرۆسێسکراو، پەنیری شۆرکراو.
- قاوە و چای، چونکە مادده کافائین لەخۆدەگرن، کە هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی شلەی لەش و هەستکردن بە تینووبوون، هەروەها لە هەندێك کەسدا دەبنە ئەگەری سەرئێشە و بۆرژان لە ساتەکانی رۆژوودا.





# بازنەیەک جێگای کیبۆرد و ماوس دەگرێتەوە

لە جیهانی تەکنەلۆژیادا هیچ شتێك سنووردار نییە، ئەوەی مرۆڤ لە خەیاڵیشدا بیری لێناکاتەوە رەنگە رۆژێك ببێتە راستی. بۆ نموونە بازنی جۆری TapXR. بازنێك کاتێك لە دەست دەکرێت، دەکرێت هەر شتێك بکەی بە کیبۆرد و بە پەنجەکانت لەسەری بنووسی. هەروەها دەکرێت وەك ماوس سوودی لێوەربگری. چەند هەستەوەرێك جووڵەی دەست دەناسنەوە و بۆ یەکەی لێکدەرەوەی دەنێرن و ئەویش دەیکاتە فەرمانێك بۆ پەنجەکان. پاشان فەرمانەکان بۆ مۆبایلێك یا کۆمپیوتەرێك دەگوازرێنەوە.

بازنی سیحری TapXR گشت فەرمانەکان دەناسێتەوە و بێ هەڵە ئەنجامیان دەدا. تەنیا بەیەك دەست دەتوانی بەخێرایی زیاتر لە ٧٠ وشە لە خولەکێکدا تایپ بکەی. هەروەها دەتوانی بۆ ناسین و بەرێکردنی ١٠٠ فەرمان سوودی لێوەربگری. ئەم تەکنەلۆژییە نوێیە بۆ VR زۆر گونجاوە. بۆ هەر سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆز و ئای ئۆئێس دەبێت. هەتا دە کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.





# قەڵەمی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی

لەم سەردەمەدا کە گۆڕانکاری بەسەر هەموو شتێکدا هاتووە و هەموو شتێك زیرەك و هۆشمەند بووە، نابێ سەرسام بین کە قەڵەمی نووسینیش کە زیاتر لە هەزار ساڵە یەك ئەرك ئەنجام دەدا ئەویش نووسینە لەسەر کاغەز گۆڕانی بەسەردا نەیەت.

قەڵەمی زیرەکی Nuwa Pen بە رواڵەت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پێنووسی دیکە، بەڵام بەهۆی ئەو کامێرایانەی بۆی دانراوە سوود لە زیرەکیی دەستکرد وەردەگرێ. دەتوانن وەك قەڵەمێکی ئاسایی پێبنووسن، وێنەی پێبکێشنەوە و هەر کارێك بە قەڵەمێکی ئاسایی دەکرێت بەو قەڵەمەش بیکەن، بەڵام بەهۆی کامێراکانی ناوی، کۆپییەك لە نووسین یا وێنەکە راستەوخۆ بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر دەگوازرێتەوە.

دەتوانی نووکی قەڵەمەکە ئەستوور و باریك بکرێ، دەستخەتی خۆتان چاك بکەن. پێنووسی ناوبراو لە ریزی قەڵەمە زیرەکەکانی ساڵی ٢٠٢٣ دێت.



# چاویلکەیەک دەنگ بۆ دەق وەردەگێڕێ

مرۆڤ کەم بیستەکان ئەوانەی بە هەر هۆکارێك بێ ناتوانن بەباشی ببیسن و گوێیان لێبێت، دەبێ چەندین جار داوا لە بەردەنگ بکەن کە وتەکانیان دووپاتە بکەنەوە. لە سایەی تەکنەلۆژیای نوێدا، چاویلکەیەك بەرهەم هاتووە کە دەنگەکان جارێکی دەکاتەوە دەق.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی رایدەگەیەنێ کە ٢٠٪ حەشیمەتی جیهان تووشی کەم بیستن بوونە و ئەو ڕێژەیەش بەرەو زیاد بوون دەچێت. ڕێگا چارەی ئەوەی کە (چاوەکانت وەك گوێ بەکاربێنی!!) شتێکی سەیر و نامۆیە، بەڵام چاویلکەی LEION Hey دەنگ جارێکی دیکە دەکاتەوە بە دەق و بەکارهێنەری چاویلکەکە دەنگی بەردەنگەکەی وەك دەق دەخوێنێتەوە. دەکرێ وەك وەرگێڕێکی زمانیش سوودی لێوەربگیرێت.

چاویلکەکە لە مادەیەکی پتەو دروستکراوە و بە گەرمی و ساردی تێکناچێت. باترییەکی بچووکی تێدایە لەگەڵ تەنکۆڵەیەکی کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی ئەرکەکان ئەنجام بدا. کێشی چاویلکەکە تەنیا ٧٩ گرامە. تەنکۆڵەیەکی کۆمپیوتەر دەنگ دەکاتەوە بە دەق.



# پلەی ستەیشن دەخرێتە گیرفانەوە

پلەی ستەیشن یەکێکە لە ئامێرەکانی گەیمی و لە ریزی یەکەمەکان دێت، ئەو ئامێرە تەنانەت ڤێرژنی ٦یش گەورە و بۆ هەڵگرتن و گەشت و گەڕان نایێت. کۆمپانیای سۆنی ئامێرێکی پلەی ستەیشنی پورتاڵی بەرهەم هێناوە کە کە دەکرێت لەگەڵ خۆت بۆ گەشت و گەڕانیش ببەی. ناوی ئامێرەکە project Q یە.

ئامێرەکە لە پلە سستەیشن ریمۆت سوود وەردەگرێ و بەکارهێنەر دەتوانێ لە ڕێگای وای-فای یارییەکانی پلەی ستەیشن لە هەر شوێنێك ئەنجام بدا.

ئامێرەکە بۆ یاری کردن پێویستی بە خێرایی ٥ میگابایت ئینتەرنێت لە چرکەیەکدایە. هەرچەندە سۆنی پێشنیاری ١٥ میگابایت لە چرکەیەکدا دەکا بۆ ئەوەی بەبێ گرفت یاری بکەی.

سۆنی رایگەیاند کە دەکرێت یارییەکانی سەر پلەی ستەیشن ٥یش لەسە ئەم پلەی ستەیشنە پۆرتالە بکەی بەڵام ساپۆرتی پلەی ستەیشن پلاس پریمیۆم ناکات.

شاشەکەی ٨ ئینجە هەندێك لە مۆبایلێك گەورەتر بە کوالیتی ١٠٨٠ پیکسل نیشان دەدا. شایانی ئاماژە پێدانە ئامێرەکە تەنیا لە ڕێگای وای-فایەوە پەیوەند دەدرێت و بلوتوس ناخوێنێتەوە.

# هێدفۆنی 3D تایبەت بەگەیم




لە یارییە ئەلکترۆنییەکاندا دەنگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بەبێ دەنگ یاری چێژێکی وای نییە. بۆ گوێگرتن لە دەنگی یارییەکان، ڕاستە سپیکەر و بڵندگۆ هەیە، بەڵام هیچیان ناگاتەوە هێدفۆنێکی تایبەت بە گەیم. هیدفۆنەکانی تایبەت بە گەیم دەنگە دەنگە زیادییەکان لەناو دەبەن، هەروەها بە شێوەی سێ ڕەهەندی 3D دەنگەکە وەردەگرن. بۆ نموونە لە یارییەکی ئەلکترۆنی کە شەڕ بێت، ئەو دەنگە دەنگانەی لەلای چەپەوە دێن، بە گوێی چەپ دەبیسی و ئەوانەی لای ڕاستیش بە گوێی ڕاست، واتە دەنگەکە لە هەموو لایەکەوەیە، بۆیە یاریکەر پێیوایە بەڕاستی لەناو یارییەکەدایە.

هیدفۆنی گەیمینگی بلوتوسی Aiertuon5.3 کە بۆ هەر دوو سیستەمی ئەندرۆید و ئایفۆن دەگونجێت یەکێکە لە هیدفۆنە بەرچاو و ناوازەکان. بەهۆی ئەو هیدفۆنەوە وا هەست پێدەکەی لەناو یاری دای و هەموو وردەکارییە دەنگییەکان دەبیسی. بۆ ئەوەی لەکاتی لە گوێکرتندا ئازار بە بەکارهێنەرەکەی نەگات، پارچەیەکی نەرمی لەسەر داندراوە و بەکارهێنەر بە ویستی خۆی ڕێکی دەخات. هەروەها بۆ سەرنج ڕاکێشانی زیاتر گڵۆپی RGB لەسەر داندراوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا سەرما و کەشی ساردیش وەك کەشی گەرم زیانی بۆ لاپتۆپ هەیە؟**

خوێنەری بەڕێز، دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، سەرما زۆر زۆر مەترسیدارترە لە گەرما بۆ ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بەتایبەتی بۆ لاپتۆپ. لە کەشێکی زۆر سارددا ئەگەری زۆری هەیە شاشەی لاپتۆپەکە بشکێت و چونکە ئەویش جۆرێکە لە جام و بەهۆی شەپۆلی گەرمی ناوەوەی و کەشی ساردی دەرەوە ئەگەری درز و شکانی شاشە هەیە. هەروەها باتری لاپتۆپ بەهۆی سەرماوە وای لێدێت گەردیلەکانی بچنەوە پاڵ یەك و ئەمەش وا دەکات باترییەکەی بە خێرایی تێك بچێت. پارچە بچووکەکانی پێکهێنەری لاپتۆپیش بە ساردی زیانیان زیاتر بەردەکەوێ تا گەرمایی.

# مۆبایلەکەت بکە بە لاپتۆپ



هیچ گومانی تێدا نییە مۆبایلی زیرەك هەمان ئەو ئەرك و کارانە ئەنجام دەدەن کە تەبلێت یا لاپتۆپەکان ئەنجامی دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا چەند تایبەتمەندیی دیکەشیان هەیە. جیاوازییەکی بەرچاوی ئەوانە ئەوەیە کە بچووکن و لە گیرفاندا جێگایان دەبێتەوە. هەربۆیە ناکرێت ئەو چێژەی لە شاشەیەکی ١٥ ئینجی وەربگری لە شاشەیەکی ٥ ئینجی وەریبگری.

شاشەی جۆری PhonePad مۆبایلەکەت دەکاتە شاشەیەکی ١٦ ئینجی. لەگەڵ هەموو جۆرە مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپێك دەگونجێت. شاشەکە فوول ئیچ دییە و لەمسیە. بەهۆی ئەو شاشەیەوە دەکرێت سوود لە فیلمەکانی Netflix وەربگری یا هەر گەیمێك حەزی لێدەکەی لە شاشەیەکی مەزنتردا سەیری بکەی. دەکرێت کیبۆردێك بۆ مۆبایلەکەت دابنێی و کاری دیزاین و گرافیکی پێ بکەی. چەندین پۆرتی جۆراوجۆری تێدایە. کێشی شاشەکە نزیکەی ٨٠٠ گرام دەبێت.



# کیبۆرێکی ناوازە لە یەک کاتدا بۆ چەند ئامێرێک

کیبـۆرد ڕەنگـە گرنگتریـن پارچـەی لاوەکـی کۆمپیوتـەر بێـت، پارچەیـەك کـە پەیوەنـدی نێـوان بەکارهێنـەر و کۆمپیوتـەر پێکـەوە گـرێ دەدا. تەختـە دوگمـەکان شـێواز و سـتایلیان وەك یەکـە و کارکردیشـیان یـەك ئەرکـە ئەویـش داکردنـی فەرمانەکانی بەکارهێنـەر لـە ڕێگـەی دوگمەکانـەوە.

کیبـۆردی جـۆری Lunar 01 کیبۆردێکـی ناوازەیـە، بەکارهێنـەر دەتوانـێ بـە ویسـتی خـۆی ڕێکـی بخـات. لـە یـەك کاتـدا لەگـەڵ پێنـج ئامێـر پەیوەنـد دەدرێ، بەڵام لە حاڵەتی بلۆتۆسیدا دەکرێ سـێ ئامێـری پێـوە پەیوەنـد بدرێـت.

دوگمەکانـی کیبۆردەکـە بـە ئاسـانی دەگۆڕدرێـن، دەنگـی دوگمـەکان چێژێـك بـە بەکارهێنەرەکـەی دەبەخشـێت، کیبۆردەکـە کێشـی کەمـە، هەسـت پێدەکـەی زۆر نەرمـە. لـە لای ڕاسـت و لای چەپـی کیبۆردەکـە دوو ئامێـری بچـووك هـەن کـە لەشـێوەی سـاروخن، ئەوانـە تەنیـا بـۆ جوانکاریـن. لەسـەرووی کیبۆردەکـە شاشـەیەکی بچـووك هەیـە کـە گڵۆپـی LED ڕەنگاورەنـگ نیشـان دەدات و بەکارهێنـەر دەتوانـی ڕەنگـی گڵۆپـەکان بـە ویسـتی خـۆی بگـۆڕێت. بـۆ سیسـتەمی ئەندرۆید و ئای ئـۆ ئێس و ویندۆز دەگونجێـت.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ دانانی ژێرنووس

لـە سـەردەمی ژیریـی دەسـتکرددا ڕەنگـە دانانـی ژێرنـووس لـە ژێـر فیلمەکانـدا هـەر نەمێنێـت، بـەڵام ئەوەیـان کاتـی دەوێـت و لـە درێژمـەودادا ژێرنـووس هـەر نامێنێـت. دانانـی ژێرنـووس پێشـووتر بـە پرۆگـرام دەکـرا و دەبـا کەسـێك وەرگێڕانەکـەی کردبـا پاشـان دەقەکـە خرابایـە شـوێنی خـۆی. بـەڵام ئێسـتا بەهـۆی ژیریـی دەسـتکردەوە بـە ئاسـانی دەکرێـت و ژێرنـووس کردنـی فیلمێـك تەنیـا چەنـد خولەکێکـی پێدەچێـت. بـە ماڵپـەڕی ژیریـی دەسـتکردی www.kapwing.com هـەر ئەوەنـدە بەسـە فیلمەکـە دابەزێنـە سـەر ماڵپەڕەکـە و پاشـان ئـەو زمانـەی مەبەسـتتە بـۆ دانانـی ژێرنـووس هەڵبـژێـرە.. هەرچەنـدە هەتـا ئێسـتا پشـتیوانی لـە زمانـی کـوردی نـاکات، بـەڵام زۆر ناخایەنێـت زمانـی کوردیـش دەبێتـە بەشـێك لـە پرۆسـەی ژێرنووسـی فیلمـەکان.

# پرۆگرامێک بۆ کردنەوەی ئاپەکانی مۆبایل

زۆر کـەس حـەز دەکات سیسـتەمی ئەندرۆیـدی مۆبایلەکـەی لەسـەر کۆمپیوتـەر بـەکار بێنێـت. واتـە هەمـوو ئـەو ئاپانـەی لەسـەر مۆبایـل هـەن و هەمـوو گـەیم و پرۆگرامەکانـی دیکـە لەسـەر کۆمپیوتـەر بکرێنـەوە. چەنـد پرۆگرامێـك هـەن وا دەکـەن سیسـتەمی ئەندریـد لەسـەر کۆمپیوتـەر بکرێتـەوە، یەکێـك لـەو پرۆگرامانـە MEmuە، ئـەم پرۆگرامـە شێوەسـازی ئەندریـد لەسـەر کۆمپیوتـەر جێبەجـێ دەکات. راسـتەوخۆ مۆبایلەکـەت پەیوەنـد دەدرێـت بـە کۆمپیوتـەر و ئـەوەی لەسـەر مۆبایلەکـەت هەیـە لەسـەر کۆمپیوتەرەکـەت نیشـان دەدرێـت. هەروەهـا هـەر پرۆگرامێکیـش کـە لەسـەر Memu دایبەزێنـی، راسـتەوخۆ دێتـە سـەر مۆبایلەکـەت. زۆر ئـاپ و گـەیم هەیـن تایبەتـن بـە سیسـتەمی ئەندرۆیـد و لەسـەر سیسـتەمی وینـدۆز نیـن، بەهـۆی ئـەو پرۆگرامـەوە ئەوانیـش دەکرێنـەوە و دەتوانرێـت بـە مـاوس سـوودیان لێوەربگیرێـت و ئاسـانکارییەکی زۆری تێدایـە.





# چەند بیرۆکەیەکی
# سادە بۆ بەخێرهاتنی ڕەمەزان

چەند بیرۆکەیەك كە یارمەتیت دەدات بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەكەت بە كەمترین تێچوو و بە باشترین شێوە، یەكێك لە گرنگترین و دیارترین و بەناوبانگترین جۆرەكانی دیكۆراتی ڕەمەزان، بریتییە لە فانۆس بە شێوە تەقلیدییەكەی.
فانۆسێكی قەبارە گونجاو هەڵبژێرە بۆ ژووری (میوان، نانخواردن، یان تەنانەت باڵكۆنی ماڵەكەت) لەو ساتەدا تێبینی ئەوە دەكەیت كە ماڵەكەت ئامادەیە بۆ مانگی ڕەمەزان، باشتر وایە فانۆسێك هەڵبژێریت كە بە چرای كارەبایی داگیرسێنرێت، ئەگەر دەتەوێت بۆ ماوەیەكی درێژ دایگیرسێنیت، ئامۆژگاریت دەكەین كە گڵۆپی پاشەكەوتكەری وزە (شحن) بەكار بهێنیت.
شوێنێكی دیاریكراو بۆ خوێندنەوەی قورئان ئامادە بكە، كورسییەك و مێزێك دابنێ كە بە قوماشی تایبەت ڕازابێتەوە، هەروەها بەرماڵێك دابخە و، جلوبەرگی گونجاو بۆ نوێژ لە شوێنێكی نزیك هەڵبواسە، هەروەها ئەم شوێنە بكە بە گۆشەیەكی تایبەت بۆ عیبادەت بە درێژایی ئەو مانگە پیرۆزە، هاوكات دەتوانیت دەرگای ژوورەكە بە وێنەی ئەو فانۆسانە بڕازێنیتەوە، كە بە زۆری لە مانگی ڕەمەزاندا دەردەكەون.

## هەندێک ئامۆژگاری بۆ وەرزشکردن لە مانگی ڕەمەزاندا

مانگی ڕەمەزان بە دەرفەتێكی گونجاو دادەنرێت بۆ دابەزاندنی كێش، بە مەرجێك مرۆڤ ڕۆژانە وەرزش بكات و ڕێجیمێكی كەمكالۆری پەیڕەو بكات، هەندێك كەس لە مانگی ڕەمەزاندا واز لە وەرزشكردن دەهێنن و لەگەڵ زیادەڕۆیی لە خواردنی شیرینی و خواردنە چەورەكان و خواردنەوە شیرینكراوەكان، تەندروستییان ڕووبەڕووی چەندین زیان دەبێتەوە، دیارترینیان زیادبوونی كێشە، بۆیە وا باشترە ئەم خاڵانە پەیڕەو بكەیت:

- لە كاتی بەڕۆژووبووندا وەرزش مەكە، چونكە چالاكیی جەستەیی دەبێتە هۆی هاندانی جەستە بۆ دەردانی ئارەقەی زیاتر، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستكردن بە تینوێتی و ماندوێتی.
- ڕۆژانە بە ماوەیەك دوای بەربانگ، بۆ ماوەی ٣٠ خولەك وەرزش بكە.
- پێش ئەنجامدانی ڕاهێنانەكان ڕاهێنانی خۆڕاكێشان بكە، بۆ ئامادەكردنی ماسوولكە و جومگەكان.
- لە كاتی وەرزشكردندا بڕێكی زۆر ئاو بخۆرەوە.
- ئەگەر هەستت كرد سەرگێژە، دڵتێكهەڵاتن، كێشەی هەناسەدان، یان ئازاری سنگت هەبوو، واز لە وەرزشكردن بهێنە.
- دوای وەرزشكردن بۆ پڕكردنەوەی وزە و زیندووهێشتنەوەی لەش بە شەكری تەندروست، خواردنی هەندێك میوە پێویستە.





# جوانترین مۆدێلی عەبا و قەفتان بۆ مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ ٢٠٢٤

## عەبای ئاوریشمی ڕەش لە ڤێرساچی

کۆمپانیای ڤێرساچی کۆمەڵێك دیزاینی تایبەت بە خانمانی بۆ مانگی ڕەمەزان خستە بازاڕەوە، براندەکە تیشك دەخاتە سەر هێما جیاوازەکانی، لەم کۆمەڵە تایبەتەدا بۆ مانگی ڕەمەزان، جلوبەرگی کاتەکانی ڕۆژ و ئێوارانی تێدایە، لە نێویاندا عەبایەك کە لە ئاوریشمی ڕەش دروست کراوە، کە لەگەڵ قوماشی دانتێلی کونیلە ورددا تێکەڵ دەکرێت.

## عەبای چاپکراوی ڕەنگ شین لە جۆرجۆ ئارمانی

بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە جۆرجۆ ئارمانی پەردەی لەسەر کۆمەڵەیەکی تایبەتی پۆشاك لا دا، کە قەفتان و گەلابیە و پاڵتۆ لەخۆدەگرێت، بە ڕووپۆشێکی ڕەنگی درەوشاوە لە شین و سەوزی تۆخ، هەروەها جاکاردی چینی و هەندێك چنراوی دیکەی بەنرخ، کە شێوەیەکی ڕێك و جوان بە حەستە دەبەخشن.

## قەفتانی چنراو لە کۆمپانیای مایسۆن ڕێناتا

ئەم قەفتانە لە کۆمپانیای مایسۆن ڕێناتا (Maison Renata) کە لە قوماشی عاج دروست کراوە و بە گوڵی ناسك و ڕەنگاوڕەنگ چاپ کراوە، لە لێوارەکانیدا ڕیزێك دوگمەی زێڕینی پێوە دووراوە و بە پشتێنێك دەورە دراوە، هەروەها بە جووتێك سەندەلی کراوەی ڕەنگ زێڕین و بە گوارەی زێڕینی گەورە ڕازاوەتەوە.



# مزگەوتێکی کوردستان لە ساڵی ١٨٤٧ دروست کراوە

یەکێك لە دێرینترین مزگەوتەکانی کوردستان دەکەوێتە گەڕەکی عارەبانی کۆن لە شاری هەولێر، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٧ی زاینی، لەو کاتەدا تەواوی مزگەوتەکە بە ١٦٠ دینار دروست کراوەتەوە، چونکە ڕۆژانەی کرێکار ٤٠ فلس بووە و وەستاش ١٥٠ فلسی پێ دراوە، هەزار کەرپووچ (خشت) بە ٢٠٠ فلس بووە. دوای چەند ساڵێك مانەوە پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ دووبارە نۆژەن کراوەتەوە، یەکێکە لە کۆنترین مزگەوتەکان تا ئێستاش بەشێکی دیوارەکانی مزگەوتەکە وەك خۆی ماوەتەوە، مزگەوتەکە ناوی (دێرەبروشە)یە، تا ئێستاش دەرگای بە ڕووی نوێژخوێن و وتاربێژانی ئایینیدا دەکرێتەوە، دواجار لە لایەن خێرخواز (موعتەسەم حاجی سەعید بەزاز) لە ساڵی ١٩٨٥ کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ کراوە. دەگوترێت کە، ئافرەتێکی ئایینپەروەری لەخوداترس و ساماندار بە ناوی (ئامینە خان) لە گەڕەکی عارەبان، ئەو مزگەفتەی دروست کردوە بۆ (مەلا محەمەدی دێرە بروشە) بۆ ئیمامەتی و وانە وتنەوەی ئایینی ئیسلام. گوندی پانگای ناوچەی هەریر بەلای قەندیلەوە لەسەر دەمی عوسمانییەکان بە دێرە بروشە ناو دەبرا، مەلا محەمەدی دێرەبروشە کە لە ساڵی ١٢٣٢کۆچی - ١٨١٢ز لە دایك بووە، خەڵکی ئەو گوندە بوو، لە تەمەنی ٨ ساڵی بەرەو هەولێر هاتووە بۆ تەواوکردنی زانستی ئایینی ئیسلام لە ژێر دەستی حاجی ئەفەندی خەیلانی و مەلا محەمەد خۆشنووس و، لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی شارەزاییەکی باڵای هە بووە.



# ساردی و گەرمیی کاشییەکانی کەعبەی پیرۆز

هۆکاری ساردیی کاشییەکانی حەرەمی مەککەو مەدینە، کە لە هاویندا پلەی گەرمیی ساحەکانی حەرەمەین دەگاتە ٥٠ پلەی گەرمی، سەرەڕای ئەم گەرمییە هەست بە فێنکیی کاشییەکانی حەرەم دەکەیت! هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم کاشییانە لە بەردی (التاسوس) دروست کراون، کە ئەم بەردە بەردێکی گرانبەها و ناوازەیە، کە لە شاخەکانی جەزیرەی تاسوس لە یۆنان دەرهێنراون، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەردە ئەوەیە بە شەودا شێ هەڵدەمژێت و بە ڕۆژدا دەیداتەوە، ئەمە وای کردووە بەردەوام فێنك و سارد بێت، هەروەها ڕوناکی و گەرمیی بەرکەوێت، دەیداتەوە و هەڵیان نامژێت، جگە لەوەش بەشێوەیەکی ئەندازەیی وا دانراون کە کاشییەکان ڕوو دەکەنە کەعبە (واتە تۆ لە ناو حەرەمدا ئەگەر کەعبەت لێ دیار نەبوو بە ئاراستەی کاشییەکان نوێژ دادەبەستیت، چونکە ئاراستەی کاشییەکان هەموویان ڕووە و کەعبە (قیبلە)ن.










# خانمە مێرسیدسی کچی بێنز


مارکەی مێرسیدس بێنز، ئەو کۆمپانیا جیهانییەی کە لە بواری بزوێنەر و دروستکردنی ئوتۆمبێلدا پێشەنگە، یەکێکە لە کۆمپانیا ناودارەکانی جیهان، ناوی ئەو کۆمپانیایە لەوەوە هاتووە کە کچی داهێنەر و دروستکەری ئەو کۆمپانیاییە بە ناوی (مێرسیدیس) خۆیشی ناوی بێنز بووە، ئەمەش ئەو وێنەی ئەو کچەیە کە ئێستا ناوەکەی دنیای تەنیوە، وێنەیەکی دەگمەنی مێرسیدس کچی کارل بێنز، ئەو بازرگانەی کە ئۆتۆمبێلی مێرسیدسی بەرهەم هێناوە، ئەمە تاقیکردنەوەی یەکەم ئۆتۆمبێلی مێرسیدس دەکات لە ساڵی ١٨٨٩ی زایینی. وشەی مێرسیدس ناوێکی مەسیحیی ئیسپانییە، کە بە واتای ڕەحمەت دێت.




## گرانترین زەماوەندی هاوسەرگیری

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا ئاهەنگێکی تایبەتی هاوسەرگیریی ئەفسانەیی دەست پێدەکات، کە بۆ ماوەی پێنج مانگ لە ویلایەتی گوجاراتی هیندستان بەردەوام دەبێت، ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە بۆ کچێکە بە ناوی (رادیکا) کە کچی ملیاردێر (شری میرشانت)ـە، بە دووەم دەوڵەمەندترین پیاو لە هیندستان دادەنرێت، کچەکە لەلایەن (ئەنانت ئەمبانی) کە کوڕی دەوڵەمەندترین پیاوی هیندستان و هەموو ئاسیا، زاواکەیە و پێشنیاری هاوسەرگیریی بۆ کردووە. ئاهەنگەکە کە بە پڕخەرجترین ئاهەنگی جیهان وەسف کراوە، تێچووی ئەم ئاهەنگە هاوسەرگیرییە لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێت، ڕیهانای کچە گۆرانیبێژ بە گۆرانییەکانی لە مەراسیمەکەدا بەشداری دەکات و بڕی هەشت ملیۆن دۆلار وەردەگرێت. دەیان ئارایشتگا بەردەست دەبێت، هەروەها نامیلکەیەك بەسەر هەموو میوانەکاندا دابەش کراوە، کە ئەو ستانداردە مۆدەی تێدایە کە پێویستە لە ڕۆژانی مانەوەیاندا پەیڕەویی لێ بکەن، بۆ ئەوەی شکۆمەندیی مەراسیمەکە تێك نەدەن، لێهاتووترین ٢١ چێشتلێنەری نوخبە لە سەرانسەری جیهان بانگهێشت کروان بۆ سەرپەرشتیکردنی تیمێکی چێشتلێنان، کە هەزاران جۆری خواردنی نێودەوڵەتی و هیندی پێشکەش بکەن.

# بەردە زەبەلاحەکانی هەڕەمەکان





ئەو بەردانەی لە دروستکردنی هەڕەمەکانی میسر بەکار هاتوون، هێندە قورس و زەبەلاحن، تا ئێستاش بیر لەوە دەکرێتەوە چۆن ئەو بەردە گەورانە بەرز کراونەتەوە یان دانراون، هەندێکیان کێشیان زیاترە لە ١٠ تەن و زیاتر، نموونەش ئەو بەردەیە کە یەکێکە لە بەردەکان لە کۆی دوو ملیۆن و ٣٠٠ هەزار بەرد کە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر بۆ دروستکردنی هەرەمی گەورەی (خوفۆ) بڕدراون و ڕاکێشراون و بەرزکراونەتەوە، موعجیزەیەکە کە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ تێدەپەڕێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات، کە نازانن ئەو کەسانەی بە سەرکەوتنە گرنگەکان گەیشتوون پێشتر چ ناهەمواری و ناخۆشییەکیان بینیوە، لە خۆیانەوە دەڵێن، ئەو کەسە بەختی هەیە یان پشتێکی هەیە گەیشتۆتە لووتکە.



## دیمەنە سەیرەکان

### پەیکەری ئێسقانی کیسەڵ

دیمەنی ناوەوەی ئێسقانی گیانداری کیسەڵ، کە هەمووی بەیەکەوە بەستراوەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە کیسەڵ ناتوانێت لە قاوخەکەی بێتە دەرەوە!

## یاسا



### بینینی مناڵی شیرەخۆرە

باوکێك لە دادگای باری کەسێتی داوای بینینی مناڵە شیرە خۆرەکەی کردبوو چوار جار لە مانگێکدا، دادگای باری کەسێتی داواکەی قبووڵ کرد بوو، بەڵام دادگای تەمیز بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە، چونکە بەرژەوەندیی مناڵەکە لەسەرو هەموو شتێکەوەیە، ئەو جۆرە کە چوار جارە لە یەك مانگدا زۆرە و زیان بە مناڵەکە دەگەیەنێت، بۆیە کەم کراوەتەوە بۆ تەنیا دوو جار لە مانگێکدا، هەرجارەی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر. لەکاتی بڕیاردان بۆ بینینی منداڵی شیرەخۆرە نابێت بە هیچ شێوەیەك لە دوو جار زیاتر بێت لە مانگێکدا، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٦) سالی (٢٠١٥).

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە ڕووی پیشەییەوە ئامادەکاری دەکەیت بۆ قۆناغی داهاتوو و پرۆژەی نوێ بنیاد دەنێیت، بەڵام دەبێت بە وردی بەدواداچوون بکەیت، لە رووی سۆزدارییەوە گرنگە ڕێنمایی کەسانی نزیکت بە هەند وەربگریت، باشترە مۆڵەت وەربگریت و پشوو بدەیت، بۆ ئەوەی جەستەت چالاك ببێتەوە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پتەوکردنی پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوپیشەکانت و بە گرووپ کارکردن، وا دەکات بەرهەمی کارەکانت باشتر ببێت، هاوکاری خۆشەویستەکەت بکە لە وازهێنانی لەو ڕەفتارە خراپەکانی و پشتیوانیی بکە، هەمیشە کاتێك تەرخان بکە بۆ وەرزش.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەهۆی کارکردنی زۆر و ئەنجامدانی کاری باش پاداشت دەکرێیت، پێویستە وا بکەیت خۆشەویستەکەت متمانەی هەبێت، بۆ ئەوەی دوور لە دڵەڕاوکێ پەیوەندیتان بەهێزبێت، هەست بە دڵەڕاوکێی توند دەکەیت، ئەمەش کاریگەریی دەروونی لەسەر دەبێت، پێویستە هەوڵ بدەیت ئارام ببیتەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت، تووشی کۆمەڵێك هەڵوێستی ناخۆش دەبن، کە ڕەنگە پێشتر هەرگیز بە خەیاڵتدا نەهاتبێت، بەڵام خۆشەویستیتان ڕێگە نادات ناکۆکییەکان بەردەوام بێت، باشترە بەشداری چالاکی و بۆنەی تەنزئامێز بکەیت و لاپەڕەی نوێ لە ژیانتدا هەڵبدەیتەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەمیشە بەشێوەیەکی ورد و دادپەروەرانە بڕیار بدە، با لە کارەکەتدا تا تووشی هیچ گرفتێکی پیشەیی نەبیت، ڕەنگە ناکۆکی هەبێت لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، بەڵام هەوڵ بدە نهێنی بێت و هەموو کەس بە دۆست مەزانە، هەمیشە بایەخ بە تەندروستیت بدە و ئاگاداری خۆت بە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

شکست لە ڕووی پیشەییەوە کارێکی ئاساییە، بەڵام هەوڵ بدە بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی لێوەربگریت، متمانەکردنی زۆریش بە خۆشەویستەکەت باش نییە، دەبێت بزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، بیرکردنەوەی ئەرێنی یارمەتی باشبوونی میزاجت دەدات.

بۆ زانیاریت

## ڕەنگی سووری ترافیک



بۆچی ڕەنگی سوور لە تابلۆی ئاگادارکردنەوە و وەستانی ئۆتۆمبێلدا بەکاردێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەنگەیە کە زۆرترین توانای تێپەڕاندنی هەیە بە مۆلیکولی هەوا (و تەم)دا بەبێ پەرشوبڵاوی، بۆیە زۆرترین ڕەنگە کە لە دوورەوە دیارە، (پەرشوبڵاویی ڕووناکی ڕێژەیی پێچەوانەیە لەگەڵ درێژی شەپۆل -4/1، و سوور بەرزترین ڕەنگی درێژی شەپۆلە)، ڕەنگەکانی دیکەش وەك ستانداردێکی جیهانی بە مانای ئاگاداری و وریابوون بە ڕەنگی زەرد و ڕۆیشتن و ڕێگەدان بە ڕەنگی سەوز گوزارشت دەکرێت.

فیلم

## کاپتن میللەر - Captain Miller




فیلمێکی سەرکێشی و ئەکشنە، باس لە کاپتنێکی یاسادانان دەکات، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠، کە باندێکی دزیکردن و دەرچوو لە یاسا کاری شەڕانگێزی دەکەن، ئەو کاپتنە هەڵدەستی بە ڕێگری لەو گرووپە تا نەهێڵێت لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و ٣٧ خولەکە، لە دەرهێنانی ئارۆن ماتیساران، بودجەی فیلمەکە ٥٠٠ ملیۆن ئینەری هیندستانییە، لە نووسینی سیدارانتا نونی و شارياس کریشنا، لە نواندنی، داهانوش، پریانکا مۆهان، نیڤیدیتاها سازیش، د. شیڤا ڕاجکومار، ڤینیکان.



## پەند و وتە

کاترین مانسفێلد، نووسەری وڵاتی نیوزیلەندا، هەروەها ڕەخنەگر و داهێنەری چالاکوانی مۆدێرن، لە ساڵی ١٨٨٨ لە شاری ویلینگتۆن لە نیوزیلەندا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٢٣ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕابردوو دەڵێت: «بیکە بە بنچینەیەك بۆ ژیانت، کە هەرگیز پەشیمان نیت لەوانەی پێشوو کە ڕوویانداوە، هەروەها سەیری ڕابردوو مەکە چونکە زیاتر هیلاکت دەکات، ئەگەر ویستت خانوویەك بنیات بنێیت، لەگەڵ دانانی هەر پارچەیەك سەیرێکی دواوە و ڕابردوو بکەیت، کارەکەت هەڵە دەردەچێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا گیاندارێك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت چ گیاندارێکە ئایا لە پشتیەوە یان لە ڕووبەڕوو وێنەکە گیراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەن بەرپرسەکانتەوە بیرۆکەی نوێ باس دەکرێت، بەرپرس دەکرێیت لە جێبەجێکردنی بەخێرایی، کە ڕەنگە سەرقاڵت بکات و پەستانی زۆر بکەوێتە سەرشانت، بەڵام خۆشەویستەکەت پشتیوانیت دەکات، ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە و هەوڵ بدە ئاگاداری جۆری ڕاهێنانەکان بە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت دەربارەی داهاتووی پیشەکەت، بەڵام هەوڵ بدە نهێنییەکانی سەرکەوتن ئاشکرانەکەیت، هەمیشە هاوسەنگی ڕابگرە لە نێوان ژیانی پیشەیی و سۆزداریتدا، کاتەکانت ڕێك بخەرەوە، بەپێی توانا لە خواردنی خێرا دوور بکەوەرەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە بەشێوەیەکی زۆرباش بەرەوپێش دەچیت، چونکە توانایەکی باشت هەیە تا بەرهەمی باشتر پێشکەش بکەیت، شێواز ڕەفتار و مامەڵەکردنت وا دەکات جێگەی متمانەی هەمووان بیت، گرنگە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


گرنگە هەمیشە بەدوای چانسی باشتردا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، بەڵام دەبێت خۆت لەگەل بارودۆخەکە بگونجێنیت، کەسێکی کۆمەڵایەتیت و هەوڵ بدە بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بکە، کاتێکی باش تەرخان بکە بۆ وەرزشکردن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ڕێگە مەدە بارودۆخی تایبەتی خۆت کاریگەریی لەسەر کارەکەت هەبێت، چونکە بەرهەمی ئەرك و ماندووبوون باش نابێت، هەوڵ بدە کەشێکی ڕۆمانسی لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا دروست بکەیت، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان باشتر بێت، پشوویەکی باش بدە و بایەخ بە خەو بدە، چونکە کەم خەوی زۆر خراپە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


واز لە گفتوگۆی تایبەت دەربارەی ژیانی خۆت و کارەکەت بهێنە، باشترە نهێنییەکانت پارێزراو بێت، چونکە کەسانێك لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارت دەهێنن، ئەگەر ناکۆکییەکان گەورە بوون لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەتدا، هەوڵ بدە بە یەکجاری کۆتایی پێ بهێنیت، واز لە هەموو ئەو هۆکارانە بهێنە کە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media



# www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
March 18, 2024 Issue,No.1406




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری